# وێنەی راستەقینەی سەرۆک لە ئاسمانی تەمومژاویی رۆژە سەختەکاندا

## ئەدای سەرکردەی دەوڵەتمەدار لەو کاتەی شەڕ و تەنگژە بەرۆکی نەتەوە دەگرێت





**«تەنگژە و سەرۆک، دوو توخمی کارلێکەری نێو مێژووی نەتەوەن. ئەزموونی گەلان لە گێڕانەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان چیرۆکی سەرزاری خەڵکن، هەر بۆیە کە بارودۆخی ترسناک هاتەپێشەوە، پێویستی بە وەرگرتنی بڕیار و ڕێوشوێنی بەپەلە هەیە. لە بارودۆخی لەم جۆرەدا هەموو چاوەکان لەسەر سەرۆکن و چاوەڕێ دەکرێت هەتا بزانرێت چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت و چۆن بڕیار دەدات، هەر بۆیە لە کاتێکدا سەرۆک دەتوانێت بڕیار بدات و گوشار و سەختی لە سەر نەتەوە کەم بکاتەوە و بارودۆخەکە بۆ باری ئاسایی بگێڕێتەوە، ئەوا لە چاوی گەلدا وەک سەرۆکێکی ڕاستەقینە سەیر دەکرێت و متمانەی پێدەدرێت. ئەدای سەرکەوتوو لە کاتی تەنگژە و ڕۆژە سەختەکانی نەتەوە، سەرۆک دەکاتە دەوڵەتمەدار، بەڵام کە ئەدای سەرۆک خراپ بوو، یان نەیتوانی لە کاتی تەنگژەدا فریای نەتەوە بکەوێت، ئەوا خودی سەرۆک خۆی دەبێتە قوربانی لەو تەنگژەیەدا».**



- **ئەرجین بۆین و پاول هارت**
- **توێژینەوەی سەرکردەی جەماوەری لە کاتی تەنگژەدا: ئەرکە مەحاڵەکان؟**

## ● مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژە و داڕشتنی بڕیاری قورس

زۆر لە پسپۆڕان و توێژەرانی بواری مێژووی سیاسەت، ئەو تەنگژە و کارەسات و شەڕانەی لە قۆناخێکی مێژوویدا ڕووبەڕووی نەتەوە دەبنەوە، بە پەنجەرەیەك بۆ پیشاندانی وێنەی ڕاستەقینەی سەرۆکی نەتەوە لە قۆناخێکی مێژوویی دیاریکراودا دەزانن. ئەم وێنەیەش لەبەر ئەوەی بەرهەمێکی خۆڕسکی نێو ڕووداوەکانی نێو ئەو تەنگژەیە، یان ئەو شەڕەیە کە یەخەی نەتەوەی گرتووە، ئەوا لە ناخی هەر تاکێکدا دەبێتە پۆستەرە چیرۆکێك و لە میانەی گێڕانەوەی زارەکیی تاکەکانەوە لەگەڵ هەموو گێڕانەوەیەکدا وێنا و سیمای سەرۆك لەو قۆناخەدا بەرجەستە دەکاتەوە. هەر بۆیە هەموو سەرۆکێك کە هەست بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی بکات، لە کاتی تەنگژە و شەڕدا دەزانێت مامەڵە لەگەڵ چ واقیعێك دەکات و دەشزانێت ئەو بڕیارەی وەریدەگرێت، ئەوجا چ بڕیاری ڕاگەیاندنی شەڕ بێت، یان بڕیاری ڕاگەیاندنی ئاشتی، بڕیارێکی ئاسان نییە. واتە دەزانێت ئەو بڕیارە جۆرێکە لە زۆرانبازی لەگەڵ ناو و پێگەی خۆی لە ناو مێژووی نەتەوەکەیدا، لەمەش زیاتر لەو ڕاستییەش ئاگادارە ئەو وەك سەرۆك کەسی یەکەمە و دەبێت بەرپرسیاریەتی ئاکامی خراپی ئەو بڕیارە هەڵبگرێت و ئەگەر خوانەخواستە سەرکەوتوو نەبوو، دەبێت خۆی پێش هەمووان ڕاستگۆیانە شکستەکەی بە نەتەوەی خۆی ڕابگەیەنێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە سەرۆك پیشانی بدات کە ئەو سەرۆکێکی ڕاستگۆیە لەگەڵ گەلەکەی، هەروەك چۆن لە کاتی سەرکەوتنندا گەلەکەی ڕاستگۆیە لەگەڵ سەرۆکەکەی.

کەواتە دانپێدانان بە سەرکەوتن، یان شکستی سەرۆك لە قۆناخی نالەباری مێژووی نەتەوەدا، چاوەڕێی ئەوە ناکات مێژوونووسان بینووسنەوە، یان هەوڵبدەن بیرازێننەوە، یان پاکانە و بڕوبیانووی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵکو ئەوە ویژدانی هەر تاکێکی نەتەوەیە کە ئەدای سەرۆك لەناو وردەکارییەکان و سەختیەکانی تەنگژە و شەڕەکاندا دەکاتە چیرۆکی سەر زاران و ئەزموونێك بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەمەش لەو بنەمایانەوە

سەرچاوە دەگرێت، بەوەی چۆن سەرۆك مامەڵە لەگەڵ تەحەددی و هەڕەشەکان دەکات و چۆن توانا و ئیمکانیەتی گەلەکەی ڕێکدەخات، بۆ ئەوەی ئەو بارە نالەبار و سەختە لە سەر ژیانی نەتەوە بڕەوێنێتەوە. ئەو ڕۆڵەی سەرۆك لەو قۆناخە مێژووییە دەیگێڕێت، ڕاستە ناوی ئەو دەکاتە ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە مێژووی نەتەوەکەیدا، بەڵام لە هەمانکاتدا ئیرادەی نەتەوەکەشی دەبێتە نموونەی ئیرادەی نەتەوەیەکی ئازادیخواز و نەبەرد لە نێو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا. ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك لەناو نەتەوەکەی خۆی دەبێتە کەسایەتییەکی کاریزمای جیاواز و جێگەی متمانەی هەر تاکێکی نەتەوەکەی لەسەر ئاستی ناوخۆی نەتەوەکەی، بەڵام لەسەر ئاستی فراوانتر و پێگەی نەتەوەکەی لە ناو نەتەوەکانی جیهاندا، سەرۆك خۆیشی دەبێتەوە تاکێکی نەتەوە و شانازی بە ئیرادەی نەتەوەکەی خۆیەوە دەکات.

ئەم ئاڕاستەیە ئەوەمان پێدەڵێت: هیچ نەتەوەیەك بێ ئیرادە نییە، بەڵکو دەشێت لە قۆناخێکی دیاریکراودا بێ سەرۆکێکی لێهاتوو بێت، بەڵام کاتێك سەرۆکێکی لێهاتوو لە قۆناخێکی مێژووی نەتەوەدا هەڵدەکەوێت، لەو کاتەشدا ئیرادەی نەتەوە وەك ئەوەی هەر تاکێکی نەتەوە ئومێدی بۆ دەخوازێت، دەردەکەوێت و لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا ڕێز لە ئیرادەکەی دەگیرێت. ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆك هەموو پشت و پەنایەکی ئیرادەی نەتەوەکەیەتی و بە بێ ئیرادەی نەتەوەکەی هیچ توانایەکی نییە و هیچ بڕیارێکیشی پێ نادرێت، بەڵام جیاوازیی سەرۆکی لێهاتوو ئەوەیە کە چۆن لە کاتی شەڕ و تەنگژە و کارەساتدا، شێوازێکی تایبەت دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی توانا و ئیمکانیەتی نەتەوەکەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددی و هەڕەشەکان ڕێکبخات و مەترسی و گوشارەکان لەسەر نەتەوەکەی دوور بخاتەوە. هەر بۆ نموونە: کاتێك هێزی نازییەکان پاریسیان داگیرکرد، ئەمە مانای ئەوە نییە کە خەڵکی فەرەنسا توانای مقاوەمەتیان نییە و چۆکیان بۆ داگیرکەر داداوە، بەڵکو مانای ئەوەیە لەو کاتەی کە نازییەکان پاریسیان داگیرکرد، سەرۆکێکی وەك دیگۆل بوونی نەبووە، کە سەرۆکێکی وەك دیگۆل دەرکەوت، فەرەنسا جارێکی دیکە لە ناو هاوپەیمانان پێگەی خۆی دۆزییەوە و گەلی فەرەنساش پیشانیاندا چۆن فەرەنسا لە دەستی نازییەکان ئازاد دەکەنەوە. دیسان ئەگەر سەیری قۆناخی دوای ئازادکردنی فەرەنسا لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٦-١٩٥٨ بکەین، کە جارێکی دیکە دیگۆل دوورکەوتەوە، دەبینین جارێکی دیکە فەرەنسا کەوتەوە قۆناخێکی زەلیلی و تەنانەت لە ساڵی ١٩٥٦ دوای هێرشە سێ قۆڵییەکەی فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر، یەکێتی سۆڤیەت هەڕەشەی ئەوەی لە فەرەنسا کرد، ئەگەر پاشەکشە نەکەن، ئاوا پاریس دەسووتێنێت! بۆیە گەلی فەرەنسا لە ١٩٥٨ جارێکی دیکە متمانەیان بە دیگۆل دایەوە و کۆتاییان بە کۆماری چوارەم هێنا و کۆماری پێنجەمیان ڕاگەیاند.. ئەوجا وەنەبێت فەرەنسا لە سەردەمی دیگۆل ڕووبەڕووی تەنگژەی گەورە و مەترسیی زۆر ترسناك نەبووبێتەوە، هەر بۆ نموونە لە ئایاری ساڵی ١٩٦٨، دیگۆل ڕووبەڕووی گەورەترین ڕاپەڕین و یاخیبوونی چەکداری بووەوە و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی سوپا دەستێوەردان بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی دیگۆل ئەو سەرۆکە بوو کە دەیتوانی لەکاتی خۆیدا بڕیاری قورس بدات، توانی لە ساڵی ١٩٦٨یش ئەو کێشە گەورەیە چارەسەر بکات و دووبارە سەقامگیری و ژیانی ئاسایی بۆ وڵاتەکەی بگێڕێتەوە. هەر بۆیە ئەو فەرەنسایەی ئەمڕۆ دەیبینین کە لە بری هەموو ڕۆژئاوا و ئەمریکا بڕیار دەدات، ئەو فەرەنسایەیە کە دیگۆل لە ساڵی ١٩٥٨ بناخەی بۆ داڕشتووە، نەك ئەو فەرەنسایەی پێش دیگۆل داگیر دەکرا و هەڕەشەی سووتاندنی پاریسی لێدەکرا. ئەمە ڕوویەکی سەرکەوتوویی بڕیاری قورسی سەرۆکەکانە، بەڵام ڕوویەکی دیکەی شکستی بڕیاری سەرۆکەکانیش هەیە. هەر بۆ نموونە: جەمال عەبدولناسر لە ساڵی ١٩٥٦ بە خۆماڵیکردنی کەنداوی سویس و پاشان بەرپەرچدانەوەی هێرشە سێ قۆڵییەکەی (فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیل) نەك هەر بووە سەرۆکێکی متمانەپێکراوی ناو میسر، بەڵکو گەیشتە پلەی ڕابەری نەتەوەی عەرەبی و بیرۆکەی ئەوە هاتە پێشەوە کە چەند وڵاتێکی عەرەبیش لەگەڵ میسر لە چوارچێوەیەی یەکێتییەکدا یەکبگرن، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٧ دوای ئەوەی لە شەڕی ٦ ڕۆژەدا سوپای میسر لە بەرامبەر سوپای ئیسرائیل شکا، ئەوە بوو عەبدولناسر خۆی هاتە سەر تەلەفزیۆن و بەرپرسیاریەتی شکستەکەی خستە ئەستۆی خۆی و داوای کرد دەست لەکار بکێشێتەوە، بەڵام هاووڵاتیانی میسر لێیان قبووڵ نەکرد. نموونەیەکی دیکەی شکستی بڕیاری سەرۆکەکان، ماوەی سەرۆکایەتی (جیمی کارتەر)ـە لە ١٩٧٧-١٩٨١، دیارە جیمی کارتەر بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی کامپ دیڤید لە نێوان میسر و ئیسرائیل، گەورەترین سەرکەوتنی لە مێژووی پارتی دیموکراتی ئەمریکی تۆمار کرد. ئەم سەرکەوتنەی کارتەر زۆر لە سەرکەوتنەکەی

**مستەفا بارزانی هەموو کات هەوڵیداوە هاوسەنگی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی نەتەوەیی بپارێزێت و تەنانەت ئەگەر لە قۆناخێکیشدا درزێک کەوتبێتە ناو ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە، بارزانی ئەو درزەی پڕکردۆتەوە و نەیهێشتووە بگاتە ئەوەی ریزەکانی نێومالّی کوردستان پارچە پارچە و پەرتەوازە ببێت**

**هەموو شتێک لەسەر لێواری گۆڕانکاری گەورەدایە. لەم بارودۆخەدا بوونی سەرۆک بارزانی وەک هێزێکی کاریزمایی بۆ راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان هێزە سیاسییەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، پێداویستیی سەرەکیی ئەم قۆناخەیە**

**شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش رەهەندێکی نەتەوەیی لە دەرەوەی سنووری کوردستانی باشوور وەرگرتووە و جۆرێک لە هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان تەواوی هێزەکانی کوردستانیدا دروستکردووە**

**سەرۆک بارزانی لە بارێکی نائاساییدا ئەو بڕیارە قورسەی شەڕی مان و نەمانی داوە، ئێستا ئێمەی کورد و کوردستانییەکان لە هەڕەشەی نەمان رزگارمان بووە، بەڵام گرنگە بوون و ئایندەمان وەک گەل و نەتەوەیەکی ئازاد هەنگاو هەڵگرتن بێت بەرەو ئایندەیەکی پرشنگداری ئەوتۆ کە شایستەی قوربانیدانی نەتەوەکەمان بێت، گەیشتن بەم ئامانجەش پێویستی بە چەتر و لۆژیکی بارزانی هەیە**

**بڕیاری شەڕی سەرتاسەری مان و نەمان، دژی چەکدارانی تیرۆریستانی داعش، بڕیارێک و موجازەفەیەکی ناچاری بوو، شەڕێک بوو یەخەی نەتەوەکەمانی گرتبوو، هەڕەشەی لەسەر هەر تاکێکی کوردستان درووستکردبوو**

**سەرۆک بارزانی وەک تەنها سەرۆکێک کە دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، بە فەرمی و راستەوخۆ بانگهێشتی کۆنگرەی میونیخ بۆ ئاسایش کرا بۆ ئەوەی وەک سەرۆکێکی مەیدانی لە تێکشکانی تیرۆریستانی داعش گوێی لێبگرن و سوود لە ئەزموونەکانی وەربگرن**

١٩٧١ی نیکسۆن گەورەتر بوو، کە توانی کۆماری چینی میللی بگێڕێتەوە بۆ ناو نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام دوای رووخانی شای ئێران و هاتنی کۆماری ئیسلامی، کارتەر نەیتوانی بارمتەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران ئازاد بکات، ئەوە بوو نەك هەر خۆی لە بەردەمی (رۆناڵد ریگن)ی کۆماری شکستی هێنا، بەڵکو حزبەکەشی بۆ ماوەی سێ خولی لەسەر یەك لە حوکمڕانی دوورکەوتەوە. ئەم نموونانە و زۆری دیکەش کە لێرەدا ناتواندرێت ئاماژە بە هەموویان بکرێت، ئەوەمان فێر دەکات، هەموو سەرۆکێك لە قۆناخی سەخت و دژواردا ناچارە بڕیاری قورس بدات، بەڵام خودی بڕیارەکەش موجازەفەیەکی گەورەیە لەسەر ناو و پێگە و شکۆی خۆی لە مێژووی نەتەوەکەیدا.

## ● ئەرکی مەحاڵی سەرۆك و سوودوەرگرتن لە مێژووی نەتەوە

(باراك ئۆباما)ی سەرۆکی ئێستای ئەمریکا، لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا و لە رێوڕەسمی وەرگرتنی ئەو پۆستەدا، وتی: «کاتێك بڕیار دەدەین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی گەلی ئەمریکا و بزانین باوکانی دامەزرێنەری ئەم کۆمارە لە رۆژە سەخت و ئاڵۆزەکاندا چۆن مامەڵەیان کردووە و چۆن بڕیاریان داوە». ئەم قسەیەی ئۆباما ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مێژووی نەتەوەکان بریتییە لە مێژووی بڕیاردان بۆ گەیشتن بە ئازادی و رەتکردنەوەی زوڵم و زۆرداری و بەگژداچوونەوەی ئەو دوژمن و داگیرکەرانەی کە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئازادیی نەتەوە، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە بڕیاردان بۆ گەیشتن بە ئازادی و بڕیاردان بۆ پاراستنی ئازادی، دوو بڕیاری زۆر قورسن و هەموو سەرۆکێك ئەو توانایەی نییە لە بارودۆخە سەختەکاندا ئەو بڕیارانە بدات. هەر بۆ نموونە: پێش ئەوەی ئەبراهام لنکۆڵن بڕیاری شەڕی دژی کۆیلەتی بدات، کۆیلەیەتی لە ئیدارەکانی پێش (لنکۆڵن)یشدا بوونی هەبووە. تەنانەت کۆنگرێسی ئەمریکا ئەو کۆیلایەتییەی قبووڵ بووە، لەبەر ئەوەی کاتێك لنکۆڵن بڕیاریدا ئەو شەڕە بکات، کۆنگرێس پشتگیری نەکرد، بەڵام چونکە بڕیارەکەی لنکۆڵن، بڕیارێك بوو بۆ پاراستنی ئازادی و داکۆکیکردن بوو لە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا و ناوەڕۆکی دەستووری ئەمریکا، ئەوەتا هەتا ئێستاش لنکۆڵن وەك میراتی ئازادی سەیر دەکرێت، بەڵام سەرۆکانی پێش خۆی ئەو ناوەیان نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئۆباما دەیەوێت ئەوە بە گەلی ئەمریکا بڵێت، چۆن لنکۆڵن بۆ بڕیاردانی قورس گەڕایەوە بۆ باوکانی دامەزرێنەر، ئەوا ئێستاش ئەمریکا پێویستی بەوە هەیە بە هەمان شێوە و بە گەڕانەوە و سوودوەرگرتن لە باوکانی دامەزرێنەر، بڕیاری قورس بۆ ئایندە بدات.

ئەگەر لەم چوارچێوەیە سەیری شۆڕشەکانی کوردستان وەك زنجیرەیەکی پێکەوەگرێدراو بکەین، هەست دەکەین ئەو سەرۆکانە توانیویانە گۆڕانکاری گەورە دروست بکەن و توانیویانە سوود لە ئەزموونی سەرکردەکانی پێش خۆیان وەربگرن و ئەو ئەڵقەیە زیاتر پێکەوە گرێبدەنەوە. ئەمەش زیاتر لە قۆناخی خەباتی مستەفا بارزانی رەنگی داوەتەوە، لەبەر ئەوەی لە مێژووی شۆڕشەکانی کوردستاندا، قۆناخی خەباتی بارزانی مستەفا پێش دەستپێکردنی شۆڕش و دوای دەستپێکردنی شۆڕشیش، قۆناخێك بووە تایبەتمەندی خۆی هەبووە، هەروەها ماوەی خەباتی بارزانی بە بەراورد بە سەرکردەکانی دیکەی شۆڕشەکانی کوردستان زیاتر بووە، لەمەش زیاتر مستەفا بارزانی سەرکردەکانی پێش خۆی وەك سەرۆك و سەرکردەی خۆی حیساب کردووە. هەر بۆ نموونە زۆر جار لە بنەماڵەی شێخ مەحمودی حەفید گوێبیستی ئەوە بووین، مستەفا بارزانی بە ئاستێك رێز و تەقدیری بۆ شێخ مەحمود و بنەماڵەکەی هەبووە، کە وەك مەلیکی کوردستان سەیری کردوون و رێزی لێگرتوون. هەروەها لە بەرامبەر پێشەوا قازی محەمەد بەهەمان شێوە بووە. بەڕێز موحسین دزەیی لە وتارێکیدا کە ئەمساڵ لە یادی بارزانی نەمر لە گوڵان بڵاوی کردەوە، راشکاوانە هەڵوەستەی لەسەر ئەوە کردبوو کە کاتێك باسی پێشەوا دەکرا، بارزانی نەمر دەیگوت: ئێمە یەك پێشەوامان هەبووە، ئەویش قازی محەمەد بووە. بە دیوێکی دیکە و لەگەڵ سەرکردە و حزبەکانی سەردەمی خۆیشی، مستەفا بارزانی هەموو کات هەوڵیداوە هاوسەنگی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی نەتەوەیی بپارێزێت و تەنانەت ئەگەر لە قۆناخێکیشدا درزێك کەوتبێتە ناو ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە، بارزانی ئەو درزەی پرکردۆتەوە و نەیهێشتووە بگاتە ئەوەی ریزەکانی نێوماڵی کوردستان پارچە پارچە و پەرتەوازە ببێت، بۆیە هەر بڕیارێکی دابێت و لەهەر بارودۆخێکدا بووبێت، گەلی کوردستان هەمووی پشتگیرییان کردووە. (شۆڕشی ئەیلوول)یش تەنها شۆڕشە لە مێژووی کوردستاندا کە توانی دکیۆمێنتێکی مێژوویی لەگەڵ حکومەتی عێراق مۆر بکات و نەخشەڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا دابڕێژێت. تەنانەت دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلوولیش بە پیلانێکی نێودەوڵەتی نسکۆی بەسەردا هات و لە دوای ١٩٧٥ بارودۆخێکی دیکە هاتەئاراوە



و ژیانی سیاسی لە کوردستان گۆڕا بۆ فرەلایەنی و خەباتی بەرەیی، بەڵام هەموو حزبەکانی کوردستان لە میانەی وتووێژەکانیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا، گەڕانەوە بووە بۆ ڕێککەوتنی ئاداری نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی بەغدا. ئەم واقیعە پێش ئەوەی وەك مێژوو سەیر بکرێت، چیرۆکی سەرزاری خەڵکانی کوردستان بووە و خەڵك خۆی ئەو ڕاستییانەی لە شێوازی سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی بینیوە. بۆیە هەموو ئەو مێژووە پێکەوە کۆبکەینەوە لە یەك ئامانجدا خۆی بەرجەستە دەکات، ئەویش ئەوەیە کە هەموو بڕیارە قورسەکانی مستەفا بارزانی بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازیی کوردستان بووە، بۆیە لەم ڕاستەوە هەر سەرۆکێك بیەوێت بڕیاری بۆ ئازادی و پاراستنی ئازادی بدات، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو شێواز و بنەمایانەی کە بارزانیی مستەفا بڕیاری قورسی لەسەر دەرکردووە.

**● مسعود بارزانی و بڕیاردانی قورس داعش وەك نموونە**

لە مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتی (سەرۆك مسعود بارزانی)دا، بڕیاری شەڕی مان و نەمان لە دژی تیرۆریستانی داعش، یەکەم بڕیاری قورس نییە لە مێژووی شۆڕش و خەباتی نەتەوەکەماندا، بەڵکو لە چەندین وێستگەی جیاوازی قۆناخ و ڕۆژە سەختەکانی نەتەوە، مسعود بارزانی بڕیاری سەخت و قورسی داوە و هەموو یەکێك لەو بڕیارانەش وەرچەرخانێکی لە قۆناخی خەبات و مێژووی نەتەوەکەمان دروستکردووە. لەوانە: (بڕیاری بەردەوامبوون لەسەر شۆڕش و مقاوەمەت دوای ئەنفال و کیمیاباران لە خواکورك، بڕیاری مقاوەمەت دوای کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١، کردنەوەی ئاگری

**شۆڕشی ئەیلوول تەنها شۆڕشە لە مێژووی کوردستاندا کە توانی دکیۆمێنتێکی مێژوویی لەگەڵ حکومەتی عێراق مۆر بکات و نەخشەڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا دابڕێژێت**

نەورۆز لە ٢١ی مارتی ٢٠٠٣ لەسەر قەڵای هەولێر، ئەمە لە کاتێکدا بوو تەنها ٤٨ کاتژمێر بوو ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق دەستی پێکردبوو. بڕیاری مانەوەی هێزی پێشمەرگە وەك هێزی پارێزەری کوردستان و سەپاندنی ئەوەی دەبێت پێشمەرگە وەك هێزێکی نیزامی هەژمار بکرێت و لە چوارچێوەی سیستمی بەرگریی عێراق بمێنێتەوە. ڕەتکردنەوەی سەرلەبەری ڕاپۆرتی دیراسەتی عێراق ناسراو بە ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن، ڕەتکردنەوەی داوەتی سەرۆکی ئەمریکا لەسەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی لە لیستی ڕەش تۆمارکراون، ...تاد. ئەم بڕیارانە لەگەڵ ئەوەی هەموویان بڕیاری قورس و چارەنووسساز بوون، بڕیاری شەڕی مان و نەمان دژی داعش لە مانگی ئابی ٢٠١٤، بڕیارێکی دیکەی قورس بوو لە هەمانکاتدا بڕیارێکی جیاوازیش بوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، ئەم بڕیارە ڕاگەیاندنی شەڕێك بوو دژ بە دەوڵەتێکی تیرۆریستی کە تەنها لە عێراقدا بڕی ٢٥ ملیار دۆلار چەکی تازەی دەستکەوتبوو، لە سووریاش بە هەزاران پارچە چەك و بە دەیان کۆگای چەك و تەقەمەنیی سوپای (ڕژێمی ئەسەد)ی بەر دەست کەوتبوو. هەروەها لە کاتێکدا بوو کە بە دەیان هەزار هاووڵاتی کوردی ئێزیدی لەسەر چیای شنگال ئاوارە بوون و لە هەرێمی کوردستان دابڕابوون، بە هەزاران ژن و پیاو کۆمەڵکوژ کرابوون و بە هەزاران کچ و ژنی ئێزیدی برابوون و وەك کۆیلە مامەڵەیان پێوە دەکرا. هاوکات لە ڕووی سەربازییەوە چەکی دەستی پێشمەرگە کەم و کۆن بوو، ماوەی ٨ مانگ بوو حکومەتی بەغدا بودجە و مووچەی لە هەرێمی کوردستان بڕیبوو، کوردستان لەناو قەیرانێکی ئابووریی گەورەدا بوو. هەروەها لەگەڵ ئەوەی نزیکەی ماوەی دوومانگ بوو تیرۆریستانی داعش موسڵ و تکریت و بەشێك لە دیالە و ئەنباریان داگیرکردبوو، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ نیشانەیەکی بۆ هاوکاری هێزی پێشمەرگە پیشان نەدابوو. تەنانەت پرۆسەی بڕیاردان دژی تیرۆریستانی داعش لەناو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی گەیشتبووە بنبەست. ئەمە بێجگە لە گوشاری ناوخۆیی کە تەنها لە پارێزگای دهۆك زیاتر لە نیوملیۆن ئاوارە ڕووی تێکردبوو. بارودۆخێکی شڵەژاو و ناسەقامگیر سەرتاپای هەرێمی کوردستانی داپۆشیبوو. لەم بارودۆخە دژوارەدا مسعود بارزانی وەك سەرکردەیەکی مێژوویی بڕیاری چارەنووسسازی «شەڕی مان و نەمان»ی دا، وەك خۆیشی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو تەئکیدی لەسەر کردەوە، «یان ئەوەتا هەموو گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە پێکەوە بە ئازادی دەژین، یان ئەوەیە هەموومان پێکەوە دەمرین». ئەم بڕیارە مێژووییەش ئەم گۆڕانکارییانەی بەدوای خۆیدا هێنا:

١. لە ماوەی تەنها شەش ڕۆژدا لە ٢-٨ی ئاب، هێزی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی مسعود بارزانی نەك هەر توانی هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕابگرێت، بەڵکو هێرشەکە پێچەوانە کرایەوە، چەندین ناوچە وەك مەخموور و گوێڕ و دەوروبەری ئازاد کرانەوە، بەمەش مەترسی لەسەر هەولێر دوورکەوتەوە.

٢. ئەم مقاوەمەتەی پێشمەرگە ئیدارەی ئەمریکای گەیاندە قەناعەت، کە بە هێزی ئاسمانی پشتگیری هێزی پێشمەرگە بکات. ئەو پشتگیرییە لەگەڵ ئەوەی جێگەی ڕێز و پێزانینە و هۆکارێکی باش بوو بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، بەڵام ئەگەر هێزی پێشمەرگە ئەو قارەمانیەتییەی پیشان نەدابا، ئەوا ئەمریکا نەیدەتوانی بڕیار بدات. هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێشتر هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە لەو ناوچانە بوونی نەبوو کە داعش داگیری کردبوون، بۆیە هەتا ئەگەر بڕیاری هێرشی ئاسمانیش بدرایە، هێرشەکان سوودی نەدەبوو، ئەمەش دانپێدانانی تەواوی ژەنراڵەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانانە، ئەگەر هێزی پێشمەرگە لە سەر زەوی شەڕی نەکردایە، ئەوا هاوپەیمانان نەیاندەتوانی بڕیار بدەن.

٣. سەرپەرشتی و بەشداریی ڕاستەوخۆی مسعود بارزانی لە بەرەکانی شەڕ هاوشانی پێشمەرگە، وەك حەمید ئەفەندی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لە ڕووماڵێکی گوڵان لە بەرەکانی شەڕ پێی ڕاگەیاندین، هەمان شێوازی مستەفا بارزانی دووبارە کردەوە کە چۆن لە شەڕەکاندا هاوشانی پێشمەرگە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی شەڕەکانی کردووە و سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکردووە. ئەم سەرکەوتنانەی پێشمەرگە بووە هۆکاری ئەوەی سەرلەنوێ هەموو گەلی کوردستان بە تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانەوە متمانە و بڕوابەخۆبوونی سەرلەنوێ بۆ بژێتەوە. ئەم متمانە و بڕوا بەخۆبوونەش جۆرێك لە هاوسەنگی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لەناو سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان درووستکرد و زەمینەی داواکاری بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش درووستکرد، هەموو ئەمانەش پێکەوە بوونە هۆکاری ئەوەی کە گوتاری سیاسیی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە تازەکان دووبارە دابڕێژرێتەوە.

٤. دوای سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە سەدی موسڵ و زومار و ناوچەکانی دیکەی دەشتی نەینەوا

**مێژووی نەتەوەکان بریتییە لە مێژووی بڕیاردان بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕەتکردنەوەی زوڵم و زۆرداری و بەگژداچوونەوەی ئەو دوژمن و داگیرکەرانەی کە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئازادیی نەتەوە**

**هیچ نەتەوەیەک بێ ئیرادە نییە، بەڵکو دەشێت لە قۆناخێکی دیاریکراودا بێ سەرۆکێکی لێهاتوو بێت، بەڵام کاتێک سەرۆکێکی لێهاتوو لە قۆناخێکی مێژووی نەتەوەدا هەڵدەکەوێت، لەو کاتەشدا ئیرادەی نەتەوە وەک ئەوەی هەر تاکێکی نەتەوە ئومێدی بۆ دەخوازێت، دەردەکەوێت و لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا ڕێز لە ئیرادەکەی دەگیرێت**

و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش بەوەی هێزێکە لە شکان نایەت، جیا لەوەی ژەنراڵەکانی هاوپەیمانان کوردستانیان ناو لێنا ( ئەسپارتە)، ئەمەش بەو مانایەی چۆن جیهان رێزی لە وڵاتێکی بچووکی وەك ئەسپارتە دەگرت لەبەر سوپا ئازاکەی، بەهەمان شێوە پێویستە جیهان رێز لە کوردستان بگرێت لەبەر قارەمانیەتی پێشمەرگە، لەهەمانکاتدا بیرۆکەی ئەوە هاتە ئاراوە بەوەی هاوپەیمانان هەوڵبدەن لە عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە دروست بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر زەوی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنن، بەڵام لەم ئەرکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بەتایبەتی لە پرۆسەی ئازادکردنی تکریت، جیا لەوەی ماوەی نزیکەی مانگێك نەیانتوانی بچنە ناو شارەکە، لە هەمانکاتدا ئەمریکا رایگەیاند، ئەگەر هاوکاریی هێزی ئاسمانی ئەمریکا نەبوایە، ئێستاش حەشدی شەعبی نەیدەتوانی بچێتە ناو تکریت، کە چوونە ناو تکریتیش، وەك هەموو میدیاکانی جیهان بڵاویان کردووە، جۆرێك لە تۆڵەسەندنەوەی مەزهەبی پیادەکرا، ئەمەش لە بایەخی سەرکەوتنەکەی کەم کردەوە و پیشانیدا، هێزی هاوشێوەی پێشمەرگە دروستکردنی ئەستەمە.

٥. سەرکردایەتیی بەڕێز مسعود بارزانی لەم شەڕەدا، ستراتیژیەتی دژەتیرۆری بۆ هاوپەیمانانی دژەتیرۆر دارشتەوە، لەدوای ئازادکردنی سەدی موسڵ و زوممار، پەرلەمانی ئەوروپا بەڕێز مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستانی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لەناو پەرلەمانی ئەوروپا وتەیەك سەبارەت بە شەڕی داعش پێشکەش بکات و پاشان راستەوخۆ پرسیاری لێ بکەن. وەزیرانی بەرگری و نوێنەرانی ئەرکانی هاوپەیمانان هەموویان هاتنە کوردستان و راستەوخۆ لەگەڵ سەرۆك بارزانی و وەزیری پێشمەرگە و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان کۆبوونەوە. لە مونتەدای داڤۆس کە سەرۆك بارزانی نەیتوانی ئامادە بێت، بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە بانگهێشتی پەنێڵێك کرابوو، بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی پێشمەرگە وەربگرن. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە سەرۆك بارزانی وەك تەنها سەرۆکێك کە دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، بە فەرمی و راستەوخۆ بانگهێشتی کۆنگرەی میونیخ بۆ ئاسایش کرا بۆ ئەوەی وەك سەرۆکێکی مەیدانی لە تیکشکانی تیرۆریستانی داعش گوێی لێبگرن و سوود لە ئەزموونەکانی وەربگرن، ئەمانە دانپێدانانی تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانان بوو، بەو وەرچەرخانە گرنگەی کە بڕیارەکەی بارزانی دروستی کرد.

## لۆژیکی سەرۆك بۆ تەواوکردنی ئەرکە مەحاڵەکان

بڕیاری شەڕی سەرتاسەری مان و نەمان، دژی چەکدارانی تیرۆریستانی داعش، بڕیارێك و موجازەفەیەکی ناچاری بوو، شەڕێك بوو یەخەی نەتەوەکەمانی گرتبوو، هەڕەشەی لەسەر هەر تاکێکی کوردستان درووستکردبوو. ئەم شەڕە لەگەڵ ئەوەی ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کۆتایی نەهاتووە و هەڕەشەکانی لەسەر کوردستان بەردەوامن، بەڵام سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لەم شەڕە داسەپاوە و شێوازی بەڕێوەبردنی بە شێوەیەکی حەکیمانە لەلایەن (سەرۆك بارزانی )یەوە وایکردووە، قۆناخێکی تازە بێتە پێشەوە و سەرلەنوێ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان و حکومەت و پەرلەمانیش بە پێویستی بزانن جۆرێك لە بەخۆداچوونەوە و هەنگاوهەڵگرتنی تازە هەبێت بۆ ئەوەی ئەو واقیعە تازەیە زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت و زیاتر لە ئومێدە گەورەکان نزیك بینەوە، بەتایبەتیش کە ئێستا پرسی گرنگی وەك گێڕانەوەی خاك بە شێوەی یاسایی و دەستووری پرسێکی هەڵواسراوە و راستە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدایە بەڵام بە شێوەی دەستووری و یاسایی هێشتا ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان نەبوونەتەوە بە بەشێك لە چوارچێوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەلایەکی دیکەوە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش رەهەندێکی نەتەوەیی لە دەرەوەی سنووری کوردستانی باشوور وەرگرتووە و جۆرێك لە هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان تەواوی هێزەکانی کوردستانیدا دروستکردووە، ئەمە بێجگە لەوەی هەموو ئەم بارودۆخەش لە وڵاتێکدایە کە بەشێکە لە رۆژهەڵاتێکی ناسەقامگیر و لەبەریەك هەڵوەشاوە.

وەك دەڵێن: هەموو شتێك لەسەر لێواری گۆڕانکاری گەورەدایە. لەم بارودۆخەدا بوونی سەرۆك بارزانی وەك هێزێکی کاریزمایی بۆ راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان هێزە سیاسییەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، پێداویستیی سەرەکیی ئەم قۆناخەیە. ئەم قۆناخە بۆ کوردستان تەنها بریتی نییە لە گێڕانەوەی دۆخەکە بۆ باری ئاسایی خۆی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرۆك بارزانی لە بارێکی نائاساییدا ئەو بڕیارە قورسەی شەڕی مان و نەمانی داوە، ئێستا ئێمەی کورد و کوردستانییەکان لە هەڕەشەی نەمان رزگارمان بووە، بەڵام گرنگە بوون و ئایندەمان وەك گەل و نەتەوەیەکی ئازاد هەنگاو هەڵگرتن بێت بەرەو ئایندەیەکی پرشنگداری ئەوتۆ کە شایستەی قوربانیدانی نەتەوەکەمان بێت، گەیشتن بەم ئامانجەش پێویستی بە چەتر و لۆژیکی بارزانی هەیە.

**دانپێدانان بە سەرکەوتن، یان شکستی سەرۆک لە قۆناخی نالەباری مێژووی نەتەوەدا، چاوەڕێی ئەوە ناکات مێژوونووسان بینووسنەوە، یان هەوڵبدەن بیرازێننەوە، یان پاکانە و بڕوبیانووی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵکو ئەوە ویژدانی هەر تاکێکی نەتەوەیە کە ئەدای سەرۆک لەناو وردەکارییەکان و سەختیەکانی تەنگژە و شەڕەکاندا دەکاتە چیرۆکی سەر زاران و ئەزموونێک بۆ نەوەکانی داهاتوو**

**زۆر لە پسپۆڕان و توێژەرانی بواری مێژووی سیاسەت، ئەو تەنگژە و کارەسات و شەڕانەی لە قۆناخێکی مێژووییدا رووبەڕووی نەتەوە دەبنەوە، بە پەنجەرەیەک بۆ پیشاندانی وێنەی راستەقینەی سەرۆکی نەتەوە لە قۆناخێکی مێژوویی دیاریکراودا دەزانن**

دیمانەی گوڵان لەگەڵ ژان مارکۆ
پرۆفیسۆر لە پەیمانگای زانستە سیاسییەکانی (گرۆنۆبل)ی فەرەنسا:

# کورد دەوڵەتیان نییە بەڵام دەوڵەتانی دنیایان ڕاکێشاوەتە بەر پێی هەولێر

دیمانە : د. عادل باخەوان – پاریس

پرۆفیسۆر ژان مارکۆ، بەشێکی زۆری ژیانی لە نێوان وڵاتانی خاکی ئیسلام و شاری گرۆنۆبل لە فەرەنسادا بەسەر دەبات. قورسایی توێژینەوە زانستییەکانی لەسەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بەگشتی و ڕووبەرەکانی کارایی تورکیا بەتایبەتی (سووریا، عێراق، ئێران، کوردستانەکان)، وایانلێکردووە کە هەردوو کێڵگەی سیاسی و میدیا وەك سەرچاوەیەکی قووڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و بەردەوام ڕاوێژی پێبکەن. ڕۆژنامەی لۆمۆند، کە ئەرزشدارترین ڕۆژنامەی فەرەنسییە، هەموو دەرگاکانی بۆ پرۆفیسۆر ژان مارکۆ کردووەتەوە و مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ بابەتەکانیدا دەکات.

ئێمە چەندین جار، لە کۆنفرانسە جیاوازەکاندا یەکتریمان بینیوە، بەڵام هەرگیز ڕێکنەکەوتووە کە پێکەوە و لە پانێلێکدا پێکەوە قسە بکەین. دواجار کۆنفرانسێك لەسەر وڵاتانی کەنداو کۆیکردینەوە، بەڵام دیسان لە دوو پانێلی جیاوازدا قسەمان کرد. هەرئەمەش وایکرد کە ناوی بخەمە سەر لیستی ئەو پرۆفیسۆر و بیرمەندە ئەوروپییانەی کە لە چوارچێوەی پرۆژەی دیالۆگ لەگەڵ ئەوروپادا دەیاندوێنم.

مانگی فێڤریوەری، بڕیار بوو ئێمە لە گرۆنۆبل یەکتری ببینین. کاتێك لەم شارە جوانە فەرەنسییە نزیك بوومەوە، لەنێوان (لیۆن و گرۆنۆبل)دا، کە نزیکەی ٦٠٠ کیلۆمەتر لە پاریسەوە دوورە، بەفر هەموو ڕێگەکانی لێگرتن، هەم ڕێگەی شەمەندەفەڕ و هەم ڕێگەی ئۆتۆمۆبیل. ئیتر ئێمە ناچاربووین کە گفتوگۆکەمان بگوێزینەوە بۆ سەر یەکێك لەو مەیدانە ڤێرتیوێلانەی کە ئەنتەرنێت بۆمان پێشنیاردەکات.

تایبەتمەندی ئەم دیالۆگە لەگەڵ پرۆفیسۆر ژان مارکۆدا لەوەدایە کە لە نزیکەوە دنیای ئێمە (ئێمەی کورد) دەناسێت، لەم چاوپێکەوتنەدا، ڕەنگە خوێنەر تێبینی هەندێك تێز بکات کە لەگەڵ تێزەکانی مندا لێکدژبن، ئەمە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە خوێنەر خۆی بە فرەیی تێزەکان دەوڵەمەند بکات.



**گوڵان:** ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم تەقینەوەی گەورەدایە. ڕاپەڕینەکان، هەڵوەشانەوەکان، دروستبوونەوەکان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە بە سەرزەمینی ئەو ڕووداوانەی کە تەواوی دنیایان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە. لەسەر ئەم شانۆیە کۆمەڵێك ئەکتەری بەهێزی نوێ دەرکەوتوون. یەکێك لەوانە بریتییە لە کورد، کورد وەك گەورەترین نەتەوەی دنیا کە تا ئێستاش چوارچێوەیەکی دەوڵەتی نییە. توێژینەوە زانستییە فەرەنسییەکان لەسەر ڕووبەری کورد (تورکیا، عێراق، سووریا، ئێران)، چەندین تێز و ئەنتی تێزیان لەسەر کارایی کورد لەسەر ئەم شانۆ نوێیە بەرهەمهێناوە. ئێوە وەك پرۆفیسۆرێکی تایبەتمەند کە زیاتر لە بیست ساڵە کار لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، چۆن کارایی کورد لەسەر بیناکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینن؟

**ژان مارکۆ:** سەرەتا با لەو بەڵگەنەویستەوە دەستپێبکەین کە پرسی کورد لە ئێستا و ئێرەدا بووە بە یەکێك لە بنەما باڵاکانی بیناکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم بەڵگەنەویستە چەند ئاستێکی گرنگی هەیە، کە یەکەمیان بریتییە لەوە کە پرسی کورد ڕاستەوخۆ لکاوە بە دوو سوپەر هێزی گەورەی ناوچەکەوە کە بریتین لە: ئێران و تورکیا. لە زەمەنێکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەندین قەیرانی گەورەدا تێپەڕی و تێدەپەڕێت، بەتایبەتی لە ٢٠١١ وە، هەر یەکێك لەم دوو دەوڵەتە، وەك دوو هێزی ڕێکخەر و بیناکاری بونیادە سیاسییەکانی ناوچەکە دەردەکەون و بەبێ تورکیا و ئێران هیچ پرسیارێك لە ڕۆژهەڵاتدا وەڵام نادرێتەوە.

ئەوەی کە تایبەتمەندی و بایەخێکی یەکجار گەورە بە پرسی کورد دەبەخشێت، ئەوەیە کە لەم دوو وڵاتە جێگر و بەهێز و سەرەکییەدا، بەتایبەتی لە تورکیادا، دەردەکەون و دێنە سەر شانۆکان و خۆیان نەك هەر بە ڕۆژهەڵات، بەڵکو بە جیهان دەناسێنن. لە تورکیادا کورد توانیویانە خۆیان وەربگێڕنە سەر هێزێکی سیاسی کارا و ببن بە بەشێك لە سیستم، بە ڕادەیەك کە چیدی بێ ئەوان خودی سیستمەکە نەتوانێت بجووڵێت، چونکە هێزەکانی دیکە، هەر یەکەو بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و پێویستی پێیانە. بێگومان چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی پێنایەت؛ چونکە هێزی کورد لە دوو وڵاتی دیکەدا

**لەم دنیا نوێیەدا کورد یەکێکن لەو ئەکتەرە هەرە ناوازانەی کە دەتوانن لە یەک کاتدا پشتیوانیی تورکیا و ئێران و ڕووسیا و ئەورووپا و ئەمریکا بۆخۆیان بەدەست بێنن**

(عێراق و سووریا) کە بە قەیرانی گەورە و قووڵدا تێدەپەڕن، کاریگەرتر لە تورکیا دەردەکەوێت و خۆی بەسەر تەواوی هاوکێشەکاندا فەرزدەکات. کێ دەتوانێت داهاتووی عێراق یان سووریا، بەبێ حیسابکردنی ستراتیژییانە بۆ پێگەی کورد بخوێنێتەوە؟ لە عێراق و سووریادا کورد یەکێکن لەو ئەکتەرە سەرەکییانەی کە لە کۆتاییدا بڕیار لەسەر نووسینەوەی چیرۆکی دەوڵەت دەدەن.

جەنگی کورد لە عێراق و سووریا دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، لەسەر ئاستی ئەنتەرناسیۆنال شەرعییەتێکی جیهانیی وای پێبەخشیون کە تەنانەت دوژمنە مێژووییەکانی کورد و کوردستانیش نەتوانن لەبەردەمیاندا بێدەنگ نەبن، یان بەئەژنۆدا نەیەن.

لەم دنیا نوێیەدا، کورد یەکێکن لەو ئەکتەرە هەرە ناوازانەی کە دەتوانن لەیەك کاتدا پشتیوانیی تورکیا و ئێران و ڕووسیا و ئەوروپا و ئەمریکا و ئیسرائیل بۆخۆیان بەدەست بێنن. کورد دەوڵەتیان نییە، بەڵام دەوڵەتەکانی دنیایان ڕاکێشاوەتە بەر پێی هەولێر.

**گوڵان:** بەڵام لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە کوردی بێدەوڵەت، دەوڵەتەکانی دنیا بەرەو کوردستان ڕادەکێشن، ئێوە چۆن ئیدارەی پانتایی کوردی دەبینن؟ بەشێك لە تێزە سەرەکییەکان باس لەوە دەکەن کە لە دنیای نوێدا لەبری بەریەککەوتنە خوێناوییەکان، دوو ئەکتەرە مەزنەکەی پانتایی کوردی (حکومەتی هەرێم و پارتی کرێکارانی کوردستان) پێکەوە و بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ ئیدارەی کۆی پانتایی کوردی دەکەن. تا چەند ئێوە لەگەڵ ئەم تێزەدا هاوڕان؟

> **پرسی کورد لە ئێستا و ئێرەدا بووە بە یەکێك لە بنەما باڵاکانی بیناکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**ژان مارکۆ:** من بە شێوەیەکی دیکە ئەم داتا نوێیە دەخوێنمەوە. گومانی تیادا نییە کە لە ئێستادا جۆرێك لە ئیدارەکردنی هاوبەشی پانتایی کوردی لە نێوان حکومەتی هەرێم و پارتی کرێکاراندا هەیە. پرسیاری سەرەکی لێرەدا بریتییە لەوەی کە ئایا ئەم ئیدارەی هاوبەشە دەرەنجامی جەنگیانە دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و دەرەنجامی دۆخێکی ستراتیژیی کاتییە، یاخود لکاوە بە عەقڵێکی قووڵی سیاسییەوە کە پێیوایە بێ پێکەوەکارکردن و پێکەوە ئیدارەکردن، پرسی کورد زیانی گەورەی پێدەگات؟ ڕاستە سەرەتای ئیدارەی هاوبەشی کوردی نێوان حکومەتی هەرێم و پارتی کرێکاران دەکرێت پەیوەندی بە قەیرانێکی هەنووکەییەوە هەبێت، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە بەبێ بەستنەوەی ئەو عەقڵە قووڵە سیاسییە کە ئاماژەم پێکرد، سوودێکی ئەوتۆی نابێت و بە گۆڕینی هاوکێشەکان دەگۆڕێت. بەدیوێکی دیکەدا ئەم ئیدارەی هاوبەشە گرفتێکی گەورەی ئایدیۆلۆژیشی لەبەردەمدایە. لەلایەکەوە ئێمە حکومەتێکی هەرێممان هەیە کە لەچەند حیزبێك پێکهاتووە و پرۆژەیەکی سیاسیی کراوە کۆیان دەکاتەوە و لەسەر ئاستی ئابووریش بەسەر تەواوی جیهاندا کراوەتەوە. لەلایەکی ترەوە پارتی کرێکارانمان هەیە کە هەم لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژیا داخراوە، چونکە تائێستاش لە ژێر کارایی ئایدیۆلۆژیای (مارکسیست -لینینیست)دایە، هەم لەسەر ئاستی ئابووریش بەسەر خۆیدا داخراوە. دەمەوێت بڵێم، ئیدارەی هاوبەشی ئەم دوو ئەکتەرە شتێکی خۆڕسك نییە، بەڵکو بە چەندین تونێلی تاریکدا تێدەپەڕێت. من پێموایە چەند پرۆسەی دان و ستاندنی نێوان حکومەتی تورکیا و پارتی کرێکاران سەربکەوێت، هێندەش ئاوێزانکردنی کوردانی تورکیا بە سیستمی ناوچەکە سەردەکەوێت، چەند ئەم ئاوێزانکردنەش سەربکەوێت، هێندەش پارتی کرێکاران خۆی بەسەر گۆڕانکارییەکاندا دەکاتەوە، چەندەش خۆی بەسەر گۆڕانکارییەکاندا بکاتەوە، هێندەش شانسی سەرکەوتنی ئیدارەی هاوبەشی نێوان حکومەتی هەرێم و پارتی کرێکاران بەرزدەبێتەوە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، ئیدی پارتی کرێکاران دەبێت بە ئەکتەرێکی سیاسی مامەڵە لەگەڵداکراوی قبووڵکراو، نەك هێزێکی تووڕەی یاخی نەفرەتلێکراو لەلایەن سیستمی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەوە. ئەم ڕەگەزەش تای تەرازووی کێشەی کورد لە هەموو جیهاندا بەهێزتر دەکات. لەبیرمان نەچێت کە گەورەترین بەشی کورد لە تورکیادایە و بەهێزترین خاڵی پاڵەپەستۆی دیمۆگرافی کوردی تورکیان.

> **گرفتێکی گەورەی دنیای عەرەبی بریتییە لە دابەشبوونی بەسەر هەردوو ڕەگەزی ئیتنی و تائیفیدا، کە ڕێگەنادات شتێک بە ناوی «هاووڵاتی» دروست ببێت و هەلومەرجی بیرۆکەی هاووڵاتیبوون ئامادە ناکات**

**گوڵان:** ئەم لێکدانەوانەی بەڕێزت دەمباتەوە سەر ئەو دەیبەیتەی کە لە کاتی کۆنفرانسەکەی لیۆندا لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێم دروستبوو. کەواتە ئێوە لەنێو ئەم هاوکێشەیەدا، بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە کوێدا دەبینن؟ ئۆلێڤەر ڕوا دەڵێت: تورکیا بەدەستی خۆی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە عێراقدا دروستدەکات و پێیوایە بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە دروستبوونی ئەم دەوڵەتەدایە. ئێوە ئەم تۆڕە ئاڵۆزانەی پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێم چۆن دەخوێننەوە؟

**ژان مارکۆ:** ماوەیەکی درێژ تورکیا هەر جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ڕەتدەکردەوە و نەیدەویست بە هیچ شێوەیەك دانی پیادا بنێت. تورکیا پێیوابوو کە هەرێم چوارچێوەیەکی دەوڵەتی نییە و نابێت وەك دەزگای فەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئەم هەڵوێستە تەنها بڕیارێکی فەرمی نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بە ئاستی ئایدیۆلۆژیای سیاسیی دەوڵەتیشەوە

هەبوو. بەپێی ئەم ئایدیۆلۆژیایە تورکیا هیچ خواستێکی دەستوەردانی لە کاروباری دەرەوەدا نەبوو، وەك چۆن نەیدەویست کە کەس دەستوەر بداتە کاروبارەکانیەوە، ئاواش دەستی وەرنەدەدایە کاروباری ئەوانی دیکەوە. لە ٢٠٠٧ دا ئەم هەڵوێستە، بە شێوەیەکی رادیکاڵ دەگۆڕێت و دەوڵەتی تورکیا ڕێگەی دیکە دەگرێتەبەر، بەتایبەتی کاتێك تێگەیشت لەوەی کە لە عێراقی دراوسێیدا شتێك نەماوە بەناوی «دەوڵەتی نەتەوە» و گەلی عێراق و شوناسی عێراقییەوە. لەهەمانکاتدا تورکیای دەوڵەت، لە پێناوی ئاسایش و سەقامگیری خۆیدا، پێویستی بەوەیە کە لەگەڵ دراوسێکانیدا مامەڵە بکات و بڕواتە نێو پرۆسێسی سەلماندن و گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕەوە. کە دەوڵەتی عێراقی هەڵوەشابێتەوە، ئیدی تورکیا بەناچاری بە حوکمی جوگرافیا و ئابووری، ناچارە بەوەی کە لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەدا مامەڵە بکات کە لەودیو سنوورەوە ئیدارەی خاکێك دەکەن کە لکاوە بە سنوورەکانیەوە. بۆ نەگبەتی تورکیاش ئەو ئەکتەرانە کوردەکانن. لەم قۆناغەدا، تورکیا بڕیار لەسەر ستراتیژیەتی بیناکردنی پەیوەندی لە پلەی سفری کێشەدا لەگەڵ دراوسێکانیدا دەدات. واتە تورکیا بڕیاردەدات کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دراوسێکانیدا نەبێت، کێشەی سفر، بە کوردستانی عێراقیشەوە. هەموو ئەمانە وایکرد کە پەیوەندییەکی ئابووریی بەهێز لەنێوان ئەنقەرە و هەولێردا دروست ببێت، بەشێوەیەك کە چیدی هیچ سیاسییەك زاتی ئەوە نەکات کە بەئاسانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر بە بیانووی ئایدیۆلۆژییەوە ببڕێت. لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە مامەڵەی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، دروست وەك مامەڵەی دەوڵەتێك لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکەدایە. هەرچەند من پێموایە تائێستا، لەسەر ئاستی فەرمی، جۆرێك لە حەساسییەت بە دەوڵەتی کوردی، لەنێو خەیاڵدانی سیاسیی تورکیدا هەرماوە، تائێستاش تورکیا هەر دەترسێت لەوەی کە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە عێراقدا، کاریی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەسەر کوردستانی تورکیاوە دابنێت. بەڵام تازە شەمەندەفەرەکە وێستگەکەی بەجێهێشتووە.

**گوڵان:** بەڵام پێتوایە کە ئەم شەمەندەفەرە بگاتە کوردستانی سووریاش؟ ئێوە گوێتان لە تێزەکانی من بوو لەسەر ئەم مەسەلەیە لە کۆنفرانسەکەی لیۆندا، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی کات، ئێوە لەسەر ئەم رووبەرە قسەتان نەکرد. پێمخۆشە بزانم لەمبارەیەوە چی دەڵێن و تا چەند لە نێو تەفسیرەکانی ئێوەدا حکومەتێکی هەرێمی دیکە لە سووریادا مومکینە درووست ببێت؟

**ژان مارکۆ:** فیکرەی «حکومەتی هەرێمی کوردستان»ی لە سووریادا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٢، کاتێك کە سووریا بە گۆشت و ئێسقانەوە، پێدەنێتە نێو جەنگی ناوخۆ و ڕژێمی سووری ناچار دەبێت بەوەی کە هێزەکانی لە باکووری سووریا بکشێنێتەوە و ناوچە کوردییەکان بۆ هەژموونی (P Y D) بەجێبێڵێت. بێگومان هەلومەرجی کوردستانی عێراق و کوردستانی سووریا لە یەکتری جیان. لە عێراقدا ئێمە دەستوورێکمان هەیە کە بە فەرمی دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت و لەسەر ئاستی جیهانیش ئەم دانپیادانانە شەرعییەتی خۆی وەرگرتووە و لە ٢٠٠٧یشەوە تورکیا هەموو دەرگاکانی خۆی بۆ کردووەتەوە. بەڵام لە سووریایەکدا کە تائێستاش دیکتاتۆرێك لە دیمەشقە، جەنگی ناوخۆ هەموو لایەك دەستووتێنێت، دنیا سەرقاڵ بووە بە گرفتەکانیەوە، چەند ملیۆنێك ئاوارەی هەیە، بووە بە ناوەندی تیرۆریزمی جیهانی، لە سووریایەکدا کە بیرۆکەی فیدراڵیزم، تەنانەت لامەرکەزیش کەس بۆلای خۆی ڕاناکێشێت، زۆر ئەستەمە شتێك بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەدایك ببێت.

فیکرەیەکی لەم جۆرە تەنها لەکاتێکدا دەتوانێت ژیان بەخۆی ببەخشێت و خۆی بەدی بێنێت کە بتوانێت بەلای کەمەوە ئەکتەرە هەژموونداریەکانی ناوخۆ والێبکات کە ئیعترافی پێبکەن. ئەکتەرە هەژموونداریەکانیش بریتین لە ڕژێمی ئەسەد، داعش، ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و لە دەرەوەش تورکیا. هەر لەسەرەتاوە دەبێت داعش لە حیساباتەکان دەربێنین، چونکە هەرگیز دان بە کیانێکی وا دانانێت. لایەنەکانی دیکەش ڕاستە موستەحیل نییە کە دان بە شتێکی لەم جۆرەدا بنێن، بەڵام ڕێگەیەکی تەواو سەخت و ئاڵۆزە و گەر کوردەکانی سووریا لە چەکدار نەبن بە وشیارییەکی ڕاقی سیاسی، تووشی گرفتی گەورە دەبن.

**گوڵان:** حکومەتی هەرێم لە عێراق، حکومەتی هەرێم لە سووریا، خیلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا، جەنگی ناوخۆ لە یەمەن و لیبیا، ...، تا چەند باوەڕت بەو تێزە هەیە کە باس لە کۆتایی پەیمانی سایکس/ پیکۆ دەکات؟

**ژان مارکۆ:** من پێوایە ئەم گریمانەیە نابێت بە هەند وەرنەگیرێت. ئەم گریمانەیەکە لەپێشمانەوە ڕێدەکات. هەڵوەشانەوەی عێراق و سووریا، جەنگی ناوخۆ لە لیبیا و یەمەن کۆمەڵێك داتان کە ئەم گریمانەیە بەهێز دەکەن. بەڵام من پێموایە تائێستاش ئێمە هەر لە نێو سایکس پیکۆداین. تا ئێستاش شتێکی تازەمان نییە کە سایکس پیۆی تێپەڕاندبێت و شانسی مانەوەی

**وڵاتانی خاکی ئیسلام بۆ چوونەدەرەوە لە قەیرانە گەورەکان، پێویستیان بە گەشەیەکی ئابووری بەهێز و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیەکی دادپەروەرانەی سامان بەسەر هاووڵاتیاندا هەیە**

**لە عێراقدا ئێمە دەستوورێکمان هەیە کە بە فەرمی دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت و لەسەر ئاستی جیهانیش ئەم دانپیادانانە شەرعییەتی خۆی وەرگرتووە و لە ٢٠٠٧یشەوە تورکیا هەموو دەرگاکانی خۆی بۆ کردووەتەوە**



سەرۆك بارزانی لە گەل نوێنەری قەداسەتی پاپای ڤاتیكان

**ئیسلام لە دەرەوەی مێژوودا نییە، ئیسلام وەک کریستیانیزم لە نێو مێژوودایە و وەک چۆن گۆڕانکاری مێژوویی دروستدەکات، ئاواش گۆڕانکارییە مێژووییەکان کارایی بەسەرەوە دادەنێن و دەیگۆڕن**

لە ڕۆژهەڵاتدا هەبێت. ڕاستە لەگەڵ دروستبوونی خیلافەتی ئیسلامی داعشدا، پۆستەکانی سەر سنووری نێوان عێراق و سووریا سووتێنران، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە شانسی مانەوەی داعش وەك چوارچێوەیەکی دەوڵەتی تەواو لاوازە. بەدیوێکی دیکەدا، ئەو کیانانەی کە لە ئێستادا دروست دەبن، یان تائیفین یان ئیتنی، بەمەش ئێمە هەر لەنێو لۆژیکی سایکس پیۆکدا دەمێنینەوە. واتە دروستبوونی دەوڵەتێکی تائیفی، خیلافەی ئیسلامی، یان ئیتنی، دەوڵەتی کوردی، نەك سایکس پیکۆ هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو ڕۆحی سایکس پیکۆ قووڵتر دەکاتەوە. کاتێك دەڵێم ئەم گریمانەیە لێرەیە، لەبەر ئەوەیە کە سڕینەوەی سنووره تائیفی و ئیتنیکەکان نابێت بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە بخرێتە دەرەوەی هەموو خوێندنەوە و لێکدانەوەکانەوە، گەرنا ئێمە هێشتا دوورین لە بەدیهێنانی ئەم گریمانەیە.

**گوڵان:** ئێوە یەکێکن لەو پرۆفیسۆرانەی کە چەندین ساڵە لە نزیکەوە چاودێری وڵاتانی خاکی ئیسلام دەکەن و چەندین کاری مەیدانیتان لەسەر ئەم وڵاتانە ئەنجامداوە. چۆن داهاتووی وڵاتانی خاکی ئیسلام دەبینن؟ ئۆتۆریتاریزم، تیرۆریزم، دیموکراسی، ئێوە ئەم وڵاتانە دەخەنە کوێی ئەم ڕژێمانەوە؟

**ژان مارکۆ:** لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی ٢٠١١ دا، جیهانی عەرەبی چەندین گۆڕانکاری قووڵی بەخۆیەوە بینی. ئەو گۆڕانکارییانە بەرهەمی «تەحەولە» گەورەکان و لێکدژە بکوژەکانی نێو خودی کۆمەڵگە عەرەبییەکان بوون، کە بەداخەوە پێویست نەبیندران و نەخوێندرانەوە، تەنانەت لەلایەن ئەوانەشەوە کە شۆڕشەکانیان ئەنجامدا. لێرەوە، جیهانی عەرەبی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ڕووداو بووەوە کە نە خۆی بۆ ئامادە کردبوو، نە زانیشی وەریانبگێڕێتە سەر گۆڕانکاریی سیاسیی درێژخایەن و دامەزراو. من پێموایە، بۆ چوونە دەرەوە لە قەیرانە گەورەکان، وڵاتانی خاکی ئیسلام پێویستیان بە گەشەیەکی ئابووری بەهێز و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیەکی دادپەروەرانەی سامان بەسەر هاووڵاتیاندا هەیە. گۆڕانکاریی سیاسی و دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا ڕوونادات کە لە کۆڵانە داخراوەکاندا چەقیبێت و هاووڵاتییەکانی هیچ ئاسۆیەکی ئومێدیان لە بەردەمدا نەبێت و پێیانوا نەبێت کە سبەینێیان لە



سەرۆك بارزانی لەگەڵ شاندێكی باڵای ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریكا

ئەمرۆیان باشتر دەبێت. هەروەها گرفتێكی گەورەی دنیای عەرەبی بریتییە لە دابەشبوونی بەسەر هەردوو رەگەزی ئیتنی و تائیفیدا، كە رێگەنادات شتێك بە ناوی «هاووڵاتی» دروست ببێت و هەلومەرجی بیرۆكەی هاووڵاتیبوون ئامادە ناكات. راكێشانی گرفتەكان بۆ نێو چوارچێوە تائیفییەكان و لەچاپدانەوەیان لە بەرگێكی تائیفیدا، یەكێكە لەو مەترسییانەی كە دەتوانێت كۆمەڵگەیەك هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام لەسەر ئەم تابلۆ رەشەش، چەند ئومێدێك هەر هەن. بۆ نموونە تونس و مەغریب. لەم دوو وڵاتەدا، گۆڕانكارییەكان بەشێوەیەكی نەرم دروست دەبن و ئومێدی سبەینێیەكی باشتر ختۆكەی هاووڵاتیان دەدات. جیهانی عەرەبی دەكرێت كار لەسەر ئەم مۆدێلە بكات و وەك گریمانەیەك قابیل بە جێبەجێكردن تەماشای بكات.

**گوڵان:** پێش ئەوەی كۆتایی بەم دیالۆگەمان بێنین، پێمخۆشە بزانم ئێوە چی لەسەر تێزی «ئیستیسنای» ئیسلامی دەڵێن. وەك ئاگادارن لە ئێستادا دەیبەتێكی فراوان لە رۆژئاوادا لەسەر ئەم تێزە دروست بووە. لایەنگرانی ئەم تێزە پێیانوایە كە ئیسلام ئایینێك نییە وەك هەر ئایینێكی دیكە و ناتوانێت خۆی لەگەڵ دنیای مۆدێرن و تایبەتمەندییەكانیدا بگونجێنێت. ئیسلام نە دەتوانێت دیموكراسی قبووڵ بكات، نە عەلمانییەت. من بەشبەحاڵی خۆم پێموایە ئەمە وەهمێكە لەسەر ئیسلام دروستكراوە نەك خودی ئیسلام، رای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**ژان ماركۆ:** منیش هەمان بۆچوونم هەیە و پێموایە تێزی «ئیسلامی ئیستیسنا» پەیوەندییەكی قووڵی بە ئیسلامۆفۆبیاوە هەیە. وڵاتانی خاكی ئیسلامیش وەك هەر كیشوەرێكی دیكە، لە نێو فاكتی سیاسیدان و مەحكوومن بە پەیوەندییەكانی بەرژەوەندی و گەشەی ئابووری و پێگەكانیان لە نێو سیستمی جیهانیدا. ئەوەی كە لە ئەوروپا و ئەمریكای باكوور و ئەمریكای لاتیندا روودەدات، هەر ئەو شتانەن كە لە وڵاتانی خاكی ئیسلامدا روو دەدەن. نەخێر ئیسلام لە دەرەوەی مێژوودا نییە، ئیسلام وەك كریستیانیزم لە نێو مێژوودایە و وەك چۆن گۆڕانكاری مێژوویی دروستدەكات، ئاواش گۆڕانكارییە مێژووییەكان كارایی بەسەرەوە دادەنێن و دەیگۆڕن.

**تائێستاش توركیا هەر دەترسێت لەوەی كە دروستبوونی دەوڵەتێكی كوردی لە عێراقدا، كارایی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەسەر كوردستانی توركیاوە دابنێت. بەڵام تازە شەمەندەفەرەكە وێستگەكەی بەجێهێشتووە**

### پرۆفیسۆر نۆرما کلایر مۆریوزی بۆ گوڵان:

# هەتا ئایین و دەوڵەت لە یەکتری جیانەکرێنەوە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو چارەسەر ناچن



**نۆرما کلایر مۆریوزی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئیلینوس لە شـــیکاگۆ و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە تیۆری سیاسەت و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامی. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێـــستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو شـــەڕە ئایینی و مەزهەبییەی ئێستا ناوچەکەی گرتۆتەوە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ خاتوو نۆرما کلایر ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەگەر لە مێژووی ئەورووپا بڕوانین، دەبینین شەڕی سی ساڵەی ئایینی، بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت کۆتایی هات و لەئەنجامدا دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوو. حاڵی حازر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە هەمان ئاراستەی شەڕی تایفەگەری و ئایینیدا دەڕوات. ئایا بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕادەیەك هەمان چارەسەر —جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت- دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- گرنگە ئایین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، بەڵام ئەوە تەنها کاری نووکە قەڵەمێك نییە کە بە بڕیارێك لە نووسینگەیەکدا بدرێت، بەڵکو ئەوە بڕیارێکی سیاسیشە کە نەك هەر تەنها حکومەت، بەڵکو دەبێت خەڵکیش ئەو بڕیارە بدەن. ئەمەمان نەك هەر تەنها لە مێژووی سەرەتای دەوڵەتی نەتەوە بینیوە، بەڵکو بەو دواییە بینیمان، بۆ نموونە: لە ئیرلەندا، کە دوای چەندین سەدە لە دوژمنایەتی لە نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان — کە هەردوولایان مەسیحی بوون-، گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئاشتی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، کە هەردووکیان گرنگن، هەم ڕێککەوتنی ئاشتی و هەم ڕێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان. هەروەها ئەوەش گرنگ بوو کە دان بەوەدا بنرێت کە گرووپە جیاوازەکان مافیان هەیە وەدەتوانن پێکەوە بژین و ڕێز لە یەکتری بگرن و یەکتر قبووڵ بکەن. کەواتە گرنگە جیاکردنەوە لە نێوان ئایین و دەوڵەتدا بکرێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە فرەئایینەکاندا، لەوەش گرنگتر بوونی ئیرادەیەکی سیاسییە کە ڕێز لە جیاوازی و فرەیی بگرێت.

*** لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە دەیەکانی ئەم دواییەدا گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیانوابووە دیکتاتۆرەکان ڕژێمی عەلمانین و تێڕوانینیان وابووە کە عەلمانیەت دیکتاتۆریەت بەرهەم دەهێنێت، لەبەر ئەوە پێیانوایە ئیسلام تاکە چارەسەرە، هەر لەبەر ئەوە لە دوای ڕووخانی دیکتاتۆرەکان لە بەهاری عەرەبیدا پارتە ئیسلامییەکان گەشەیان کرد. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك پشتیوانی ڕۆژئاوا بۆ دیکتاتۆرەکان بووە هۆی نائومێدکردنی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی دیموکراسی و عەلمانیەتەوە، بەتایبەتی کە ئەمریکا هاوپەیمانی دیکتاتۆر و پاشایەتییەکانی ناوچەکە بووە؟**

- ئەم پرسیارەی ئێوە دوو بەشی هەیە. مەسەلەکە ئەوە نییە ئەمریکا بە دیاریکراوی پشتیوانی لە دیکتاتۆرە عەلمانییەکان کردبێت و پاڵپشتی لە دیکتاتۆری ئیسلامی نەکردبێت. کەواتە کێشەیەکی گەورە هەیە کە ئەمریکا، یان ڕۆژئاوا پشتیوانییان لە دیکتاتۆریەت کردووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنەکانی دیکەدا و گریمانەی ئەوەیان کردووە هێشتا خەڵکی ئامادە نین بۆ دیموکراسی و دیکتاتۆریەت مایەی سەقامگیرییە و ئەگەری زیاترە بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا بێنێتەدی. بەشی دووەمی پرسیارەکە پەیوەستە بە عەلمانیەت لەبەرامبەر ئاییندا. دیارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕژێمی سەرکوتکار هەبوون کە خۆیان بە عەلمانیەت ناساندووە، هەروەها ڕژێمی سەرکوتکار هەبوون پاساوی ئایینییان بۆ خۆیان هێناوەتەوە. ئەوەی جێی داخە لە ئێستادا خەڵکێکی زۆر ڕوودەکەنە ئایین وەك بەدیلێك بۆ سەرکوتکاری، لە کاتێکدا دەکرێت ئایین زۆر مانابەخش بێت و پاڵنەرێکی ئەخلاقی بەهێز دەستەبەر بکات، بەڵام کاتێك دەگۆڕێت بۆ ئەجێندایەکی سیاسی، ئەوا بە توندی ئەوانەی دیکە دوور دەخاتەوە و سەردەکێشێت بۆ توندڕەوی و دوژمنکارییەکی زۆر لەگەڵ ئەوانەدا کە جیاوازن لێی. ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسیارەکەتان دەربارەی مێژووی سەدان ساڵ پێش ئێستا لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا کە ڕژێمەکان و پاشاکان و حکومەتەکان شەرعیەتی ئایینییان دا بە خۆیان و هەر کەسێك پابەند نەبوو بە ئایینەوە و کەمینەی ئایینی بوو، ئەوا مایەی کێشە بوو، واتە تەنانەت هاووڵاتی بوون و دڵسۆزیشیان مایەی کێشە بوو. دەبێت بزانین ئەو جۆرە سیستم و حوکمڕانییە گونجاو، یان ڕەوا نییە و بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە ڕێگەیەکی سەقامگیر نییە.

*** هەندێ کێشەی هەڵپەسێردراو هەن لە وڵاتی سووریا لە نێوان نەتەوە و گرووپە ئیتنییە جیاوازەکاندا، لەو وڵاتەدا سوننەکان زۆرینەن، هەمان شت لە عێراقیشدا هەبوو، تاوەکو هاتنی ئەمریکا سوننەکان حوکمڕانیی عێراقیان دەکرد کە کەمینە بوون، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە، واتە دوای حوکمڕانی شیعەکان، لە بری ئەوەی وڵاتەکە سەقامگیر بێت، بەرەو خوێنڕێژی چوو، دۆخەکەش لە شەڕی ناوخۆوە نزیك بووەوە، واتە بەو شێوەیە نەبوو کە ئەمریکا هیوای بۆ دەخواست. ئایا ئەگەر لە سووریا زۆرینە حوکمڕان بن، هەمان سیناریۆی عێراق دووبارە نابێتەوە؟ ئایا چارەسەر چییە کاتێك لە دیموکراسیدا زۆرینە حوکم دەکات، ئەمەش لە عێراقدا نەبووە چارەسەر؟**

- پێموایە ئەوەی ئێوە دەیڵێن لەم ڕووەوە تەواو ڕاست و دروستە. ئەوەی لە عێراقەوە فێری بووین، کارەسات بوو، ئێستاش مایەی کارەساتە و ئەوەی لە سووریاشدا ڕوودەدات کارەساتە، من نامەوێت بڵێم خراپترە، چونکە چۆن بەراوردیان دەکەین؟ ئایا چەند کەس کوژراون؟ ئەمە تراژیدیایەکی زۆر زۆر خراپە. ترس و نیگەرانی من ئەوەیە لە وڵاتانێکی وەك سووریا و عێراقدا مێژووی هاووڵاتیبوون بوونی نەبووە، واتە پرسەکە پەیوەست نییە بە حوکمڕانی کەمینە و زۆرینەوە، بەڵکو لە عێراق، یان سووریادا دیموکراسی بوونی نەبووە، ئەوەی هەبووە دیکتاتۆرێك بووە کە گرێدراوە بە خانەوادەیەك، یان ناوچەیەکەوە، یان نوخبەیەك و .. هتد. ئەمە بۆ قۆناغی دواتریش خراپە، چونکە لە سەرەتادا موعارزە لە سووریا موعارزەیەکی دیموکراسی و جەماعی بوو، بەڵام بە ماوەیەکی کورت گۆڕا بۆ موعارزەیەکی ناوچەیی و توندڕەو و تایفەگەری و دژ بە دیموکراسی و دژ بە فرەیی.

**تاوەکو لایەنە دەرەکی و ناوخۆییەکان درک بە گرنگیی گفتوگۆ و فرەیی و ڕێزگرتن نەکەن، ئەوا ڕۆژانێکی زۆر سەخت چاوەڕێی ناوچەکە دەکات**

**هێشتا ئەمریکا هێزێکی مەزنە و کێشەیە ئەگەر هێزێکی مەزن بەسەر خۆیدا دابخرێت و زیاد لە پێویست سەرقاڵ بێت بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە**

**تراژیدیای جیهانی هاوچەرخ ئەوەیە نەمانتوانیوە لە دەرەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی بیر بکەینەوە. کاتێکیش دەوڵەتی ئیسلامی دەبینین کە خۆی وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی ناخاتەڕوو، ئەوا پتر دوژمنکارە بەرامبەر کەمینەکان، هەمان مومارەسەی دوورخستنەوە دژی کەمینەکان پیادە دەکات**

هەر ئەمەش وایکرد کەسانێکی دیکە پتر رۆبچنە ناسنامە و پێکهاتەکانی خۆیانەوە، لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبووە بکرێنە ئامانج تەنها لەبەر ناسنامە ئایینییەکەیان، بەهۆی ئەوەی سەر بە ناوچەیەکی دیاریکراون، یان گرووپێکی ئیتنی دیاریکراون.

*** کێشە راستەقینەکە بریتییە لە سیستمی دەوڵەت، ئەو سیستمەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە دارێژرا، بۆتە سەرچاوەی پشێوی و توندوتیژی، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لە جۆرێکی دیکەی دەوڵەت بکرێتەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو ناسەقامگیرییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە؟**

- لەم ساتەوەختەدا لەوە دڵنیا نیم کە دووبارە دارِشتنەوەی سنوورەکان دەرئەنجامێکی ئیجابی لێدەکەوێتەوە، دەکرێت مومکین بێت لە سایەی هەلومەرجێکی جیاوازتر، هەلومەرجی ئاشتی و گفتوگۆکردن و هاوکاریکردن گۆڕانکاری لە سنوورەکاندا بکرێت. ئەم حاڵەتەمان لە کۆماری چیك و کۆماری سلۆفاکیا بینی کە زۆر بە ئاشتییانە دابەش بوون. لەلایەکی دیکەوە یوگسلافیاشمان هەیە کە ئەمە زۆر هاوشێوەی ئەوەیە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیبینین. کەواتە تراژیدیای جیهانی هاوچەرخ ئەوەیە نەمانتوانیوە لە دەرەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی بیر بکەینەوە. کاتێکیش دەوڵەتی ئیسلامی دەبینین کە خۆی وەك دەوڵەتێکی نەتەوەیی ناخاتەڕوو، ئەوا پتر دوژمنکارە بەرامبەر کەمینەکان، هەمان مومارەسەی دوورخستنەوە دژی کەمینەکان پیادە دەکات، بەڵام لەسەر بنەمای ئایینی نەك نەتەوەیی. کەواتە ئەمە هەمان کێشەیە لە رووی دوورخستنەوە و توندوتیژی و جینۆساید، کە پێشتر لەسەر دەستی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئێستاش لەسەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی روودەدەن.

*** ئایا پێتوایە بێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دێت و بۆچی ئەمریکا وەك پێویست ئاوڕ لەم کێشەیە ناداتەوە؟**

- کێشەی کورد کێشەیەکی درێژخایەنە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هیچ کاتێك بە جەماعی چارەسەر نەکراوە، بە دڵنیاییەوە ئەوە کێشەیەکی سەرەکییە لە جیهانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کە دابەشکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کێشەیەکی گەورە بوو، بەتایبەتی بۆ کورد و ناوچە کوردییەکە، بەڵام لە ئێستادا دۆخەکە بۆ ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە و لە عێراق و سووریا و تورکیا و ئێران بە تەواوەتی جیاوازە، حکومەتەکانیش جیاوازن، هەروەها کەشە سیاسییەکەش زۆر زۆر جیاوازە. ئەوەی لە سوریادا دەگوزەرێت کارەساتە بۆ هەموو لایەك، بەڵام لە عێراقدا هەرێمە خۆبەڕێوبەرەکە سەقامگیرییەکی باشی بەخۆوە بینیوە، گەرچی لەگەڵ حکومەتی ناوەند بارگرژی هەیە. لە تورکیا ئەگەرچی شەڕیش نییە، بەڵام کوردان بارودۆخیان زۆر خراپە، تا ئێستاش وەك کەمینە دانیان پێدانانرێت و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە دووچاری سەرکوتکاری بوون و ناوچەکەش بە سەربازی کراوە. کەواتە هەر یەکێك لەم وڵاتانە خاوەن کێشەیەکی جیاوازن و مەرج نییە لەم ساتەوەختەدا کێشەیەکی کوردی یەکگرتوو هەبێت، بەڵکو کێشەی جیاواز هەیە و من دڵنیانیم لەوەی یەك جۆر چارەسەریش هەبێت، بەتایبەتی لە ئێستادا و لە سایەی ئەم کەشەدا.

*** سەرەڕای هەموو ئەو کێشە و ئاڵۆزییانە، دەبینین ئەمریکا سیاسەتێکی روونی نییە، نایەوێت، یان ناتوانێت کێشەکان بە خێرایی چارەسەر بکات و دۆخی ناوچەکە سەقامگیر بکات. ئایا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە رۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەرەو داکشان دەچێت و جیهانیش بەرەو فرەجەمسەری دەچێت؟ ئایا تێگەیشتنی ئێوە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لەم رووەوە چییە؟**

- ئاشکرایە ئەمریکا پاشەکشەی کردووە لە تێوەگلان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پێموایە لە هەندێ رووەوە زۆر پاشەکشەی کردووە لە رووی ئەوەی حکومەتی ئەمریکا بڕیارێکی روون نادات لەسەر بنەمای شیکردنەوە دارێژرا بێت. واتە لەسەر بنەمای زانیاری و بایەخدانی تەواو بێت بە هەل و مەرجە مەحەلییەکە و لایەنە مەحەلییەکان لە رووی ئەوەی کێ تێوەگلاوە و پاساوەکانیان چین و چی لە مەترسیدایە. بەڵام لە بری ئەوە سستی رووی تێکردووە و بڕیاری هەرەمی دەدات لە بارەی ئەوەی کێ دوژمنە و کێ دۆستە و زۆربەی ئەو بڕیارانە ناکۆکن بە یەك و وەك دەوترێت دەستی راست ئاگاداری ئەوە نییە دەستی چەپ چی دەکات. بەڵام هێشتا ئەمریکا هێزێکی مەزنە و کێشەیە ئەگەر هێزێکی مەزن بەسەر خۆیدا دابخرێت و زیاد لە پێویست سەرقاڵ بێت بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە. هەربۆیە گرنگە زۆرێك لە گەمەکارەکانی دیکە لە جیهاندا، لە نێویاندا یەکێتی ئەورووپا هاوکار و پابەندبن بە سەقامگیرکردنی دۆخەکە و گفتوگۆیەکی ئاشتییانە بخەنەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لەو ناکۆکییانەی ناوچەکە. هەروەها دەبێت دانیشتووان و لایەنە مەحەلییەکانیش هەوڵ بدەن پابەندبن بە گفتوگۆیەکی فرەیی و دابەشکردنی دەسەڵاتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی لە سعودیە دەیبینین بریتییە لە سیاسەتێکی کورتخایەن کە لایەنەکانی دیکە پەراوێز و دوور دەخاتەوە، ئەمە زۆر کورتخایەنە و تەنانەت روون نییە بەرژەوەندی سعودیە لە یەمەندا چییە و چی روودەدات ئەگەر هێزی زەمینی بۆ رەوانە بکەن؟ چونکە یەمەن وڵاتێکی سوننە نییە، چی لەگەڵ دەکەن؟ داگیری دەکەن؟ پێدەچێت سعودیە بیرکردنەویەکی سیاسی زۆر کورتخایەنی هەبێت، ئەوان شتەکان بە رەهایی دەبینن لە ناوچەکەدا و ئەمەش ناتەندروستە بۆ هەموو لایەك. کەواتە تاوەکو لایەنە دەرەکی و ناوخۆییەکان درك بە گرنگیی گفتوگۆ و فرەیی و رێزگرتن نەکەن، ئەوا رۆژانێکی زۆر سەخت چاوەڕێی ناوچەکە دەکات.

**لە وڵاتانێکی وەک سووریا و عێراقدا مێژووی هاووڵاتیبوون بوونی نەبووە، واتە پرسەکە پەیوەست نییە بە حوکمڕانی کەمینە و زۆرینەوە، بەڵکو لە عێراق، یان سووریادا دیموکراسی بوونی نەبووە**

**جێی داخە لە ئێستادا خەڵکێکی زۆر روودەکەنە ئایین وەک بەدیلێک بۆ سەرکوتکاری، لە کاتێکدا دەکرێت ئایین زۆر مانابەخش بێت و پاڵنەرێکی ئەخلاقی بەهێز دەستەبەر بکات**



**پڕۆفیسۆر میلانی کەمێت**

**پسپۆڕ لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ دیموکراسین، بەڵام پشتگیری ڕۆژئاوا بۆ دیکتاتۆرەکان حەماسی خەڵکی کەمکردۆتەوە

**پرۆفیسۆر میلانی کەمێت ئوستادی سیاسەتی حوکمڕانی لە زانکۆی هارڤارد و تایبەتمەندە لە سیاسەتی ئابووری و پەرەپێدانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ قسەکردن لەسەر کوالیتی دامەزراوەکانی دەوڵەت و رۆڵی دامەزراوەکان لە رێکخستنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵی سازکرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

**ئەم ململانێ و شەڕی بە وەکالەتە زۆرترین ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە**

*** لە جیهانی ئەمڕۆدا زۆر باس لە کوالیتی دامەزراوەکان دەکرێت بۆ پێناسەی دەوڵەتی بەهێز، دیارە یەکێك لە پرسە گرنگەکانیش رێکخستنی ئایینە لە چوارچێوەی دامەزراوەکاندا. ئایا تاچەند رۆژئاوا لە رێکخستنی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا سەرکەوتوو بووە؟**

- ئەوەی بەلای منەوە بەڕاستی جێی بایەخە، بریتییە لە پەرەپێدانی دامەزراوەی دەوڵەتی بەهێز و هێنانە ئارای ئەگەری راستەقینە بۆ بەرەوپێشچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی. هەروەها بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەگەری روودانی بەرەوپێشچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە لە ئەمریکا و زۆرێك لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا ئەگەری بزاوتی کۆمەڵایەتی بۆ زۆر کەس لە پاشەکشەدایە، بەهۆی نارێکی و نایەکسانی لە دەرفەتدا، بەڵام تەرکیزی من لەسەر سروشتی دەوڵەتی و ئەگەری بەرەوپێشچوونە، نەك دارشتنی دامەزراوەکان کە ئایین لە خۆبگرێت، یان نا. بە هەڵە لێم تێمەگەن، ئەمانە پرسیاری گرنگن، بەڵام دڵنیا نیم لەوەی ئەمانە ریشەی کێشەکان بن.

***گەلێك جار رەخنەی ئەوە لە رۆژئاوا دەگیرێت، بەوەی رۆژئاوا هاریکاری هێزە دیموکراتییەکانی لە رۆژهەڵاتی نەکردووە و زیاتر لەخەمی سەقامگیریدا بووە، ئەوجا بەهەر نرخێك بوویێت. ئایا تاچەند ئەم هەڵوێستەی رۆژئاوا کاریگەری نەرێنی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە؟**

**ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بڕوات، بە دڵنیاییەوە ئەمریکا دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا لە دەست دەدات**

- پێموایە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، راپرسییەکانی رای گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوە دەخەنەڕوو کە خەڵکی لەگەڵ چەمکی دیموکراسیدان، واتە مەسەلەکە ئەوە نییە خەڵکی دژ بە دیموکراسی بن، بەڵام دیموکراسی لە رووی عەمەلییەوە نازناوێکی خراپی پێبڕدراوە، لەبەر ئەوەی هێزە رۆژئاواییەکان کە بە ناوی دیموکراسییەوە کاریان کردووە، لە رووی عەمەلییەوە پشتیوانی دیکتاتۆرەکانیان کردووە، بۆیە لە رووی ئەزموون و لە رووی عەمەلییەوە دیموکراسی نازناوێکی خراپی پێبڕدراوە. خاڵێکی دیکە کە بووە هۆی ئەوەی هەندێ لە گەلانی ناوچەکە حەماسێکی کەمتریان هەبێت بۆ دیموکراسی لە چاو ئامانجەکانی دیکەدا، بریتییە لەو ناسەقامگیرییەی لە ناوچەکەدا دروست بوو. کەواتە ئەمە شتێکی سروشتییە و ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە خەڵکی لە رووی تیۆرییەوە دژی دیموکراسین، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە گواستنەوە بەرەو سیستمێکی کراوەتر و پتر دیموکراسی هاوشان بوو بە نائارامی و پشێویەکی زۆر، لەبەر ئەوە دیموکراسی کەمتر سەرنجراکێش دەرکەوت.

*** ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر کێشەی سووریا بکەین، هەست بە جۆرە نائومیدبوونێك بەرامبەر بە چارەسەری دیموکراتی دەکرێت. ئایا ئەمە ئەو بۆچوونە پشتڕاست ناکاتەوە کە لەوانەیە هەمان سیناریۆی ئیخوان دووبارە ببێتەوە؟**

- کێشەی سووریا کێشەیەکی دژوارە و پێدەچێت وەك وڵاتێکی یەکگرتوو نەمابێتەوە. لەبەر ئەوەی حاڵی حازر رژێمی ئەسەد بەشێکی وڵاتەکەی کۆنترۆڵ کردووە و بەشێکی لەلایەن داعش و بەشێکی لەلایەن بەرەی نوسرە و بەشێکی لەلایەن ئەوانی دیکەوە کۆنترۆڵ کراوە، کەواتە شتێك نەماوە بە ناوی سووریایەکی یەکگرتوو. زەحمەتە بۆ من ببینم کە دواتر چۆن پێکەوە دەمێنێتەوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کێ حوکمڕانی دەکات؟ چونکە تەنانەت ئەگەر زۆرینەی سوننەش بێت، ئەوا ئەمە بە چ مانایەك دێت، چونکە لە ئێستادا بەهێزترین لایەنەکانی نێو موعارەزە بریتییە لە رێکخراوە توندڕەوەکانی وەك داعش، بۆیە وای نابینم کە بتوانن لەوە زیاتر کۆنترۆڵی خاکی دیکە بکەن. کەواتە راستە حوکمی زۆرینەی لەم چەشنە مایەی کێشەیە بە بێ بوونی چاودێری و لێپرسینەوە و بە بێ بوونی دامەزراوەی پێشکەوتوو. ئەم حاڵەتە لە عێراقدا بەرجەستە بوو. لە سووریادا رێگەیەکی دوور و درێژترمان لە پێشە و نازانین کۆتایی سووریا چۆن دەبێت و ئایا وەك یەك وڵات دەمێنێتەوە یان نە.

**دەبێت رێگەیەک هەبێت بۆ ئەوەی ئەمریکا و هێزە ئەوروپییەکان لەگەڵ هەموو ئەم وڵاتانەدا گفتوگۆ بکەن و هەوڵ بدەن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن**

*** ئەگەر لەسەر کێشەی کورد هەڵوەستە بکەین، ئایا پێتوایە سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەدی دێت؟ بۆچی ئەمریکا وەك پێویست ئاوڕ لەم کێشەیە ناداتەوە؟**

- ئەگەر تەواو راستگۆ بم لەگەڵتاندا، ئەوا نازانم




چــۆن دەوڵەتە دراوســێکانی کوردســتان رازی دەبن بــە دروســتبوونی دەوڵەتێکی ســەربەخۆی کوردی. شــتێکی زۆر باش دەبێت ئەگەر ئەوە رووبدات، ئەویش لەبەرچاوگرتنــی ئەو بەرهەڵەســتییەی لە ناوچەکەدا بۆی دروســت دەبێت. هەروەها هێــزە رۆژئاواییەکانیش دوودڵ دەبن لە بەرەوپێشــبردنی ئەم پرسە، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانەکانیــان لە ناوچەکەدا نارەحەت دەبن. کەواتە لە رووی سیاسەت و دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتییەوە وای نابینم هێزە رۆژئاواییەکان بەهۆی بەرهەڵستیی دەوڵەتە دراوسێکانەوە ئەو پرسە بەرەوپێش ببەن.

*** ئەگەر بێینە سەر ململانێی نێوان ئێران و سعودیە کە ئێستا خۆی لە ململانێی نێوان سوننە و شیعە بەرجەستە دەکات، ئایا چۆن سەیری ئەم هاوکێشەیە دەکەیت؟**

- تاوەکــو رکابــەری ناوچەیی نێوان ئێران و ســعودیە و وڵاتانــی کەنداو چارەســەر نەکرێــت، نازانم چۆن ســەقامگیری لەم ناوچەیەدا دێتەئــاراوە. هەر کاتێك ئەمریــکا بکەوێتە گفتوگۆ لەگــەڵ ئێراندا، وڵاتانی کەنداو نیگەران دەبن. کەواتە دەبێت رێگەیەك هەبێت بۆ ئەوەی ئەمریکا و هێزە ئەوروپییەکان لەگەڵ هەموو ئەم وڵاتانــەدا گفتوگۆ بکەن و هەوڵ بدەن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن، چونکە ئەم ململانێ و شەڕی بە وەکالەتە زۆرترین ناســەقامگیری لێدەکەوێتەوە و دەبنە هۆی زەمینەخۆشــکردن بۆ گرووپە توندڕەوەکان و بۆ ناسەقامگیری کە دەبێت ئەمە بوەستێندرێت. ئەگەر لە ژمارەی قوربانییە مرۆییەکانی ســووریا و شوێنەکانی دیکــە بڕوانین، ئەوا بۆمــان دەردەکەوێت کە ئەمە لە رووی ئەخلاقییەوە هەڵەیە و دەبێت رابوەســتێندرێت، کە من تا ئێســتا هیچ ئاماژەیەکی راوەســتاندنی نابینم. ئەمەش مایەی کارەســاتە بۆ سیاســییەکان و لەوەش گرنگتر بۆ خەڵکانی مەدەنی و دانیشتووانەکە. ئەگەر بارودۆخەکە بەمشــیوەیە بڕوات، بە دڵنیاییەوە ئەمریکا دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا لە دەست دەدات، ئەمە هیچ گومانێك هەڵناگرێت، ئەمە لە بەشــێکیدا بۆ لایەنی ئابووری و لە بەشــێکیدا بۆ هەڵوێستی رای گشتی دەگەڕێتەوە دوای سەرکێشییەکانی ئەفغانستان و عێراق. واتە لەلایەك دەســتبەرداربوونی ئەمریکا لە رۆڵــە تەقلیدییەکــەی کە بۆتە هــۆی خراپتر بوونی بارودۆخەکە، لەلایەکی دیکەشەوە کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت ئەوەنــدە ئاڵــۆزە و درێژخایەنــە کە هیچ چارەســەرێکی روون لە ئارادا نییە، ئەمەش وا دەکات لەوە تێبگەین کە بۆچی داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا نایانەوێت چالاکانە تێوە بگلێن.

**هێزە رۆژئاواییەکان کە بە ناوی دیموکراسییەوە کاریان کردووە و لە رووی عەمەلییەوە پشتیوانی دیکتاتۆرەکانیان کردووە، بۆیە لە رووی ئەزموون و لە رووی عەمەلییەوە دیموکراسی نازناوێکی خراپی پێبڕدراوە**

## جۆزیف ئۆلمەرت

### تایبەتمەند لەسەر مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# بەبێ سەربەخۆیی تەواوی کوردستان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت



**پڕۆفیسۆر جۆزیف ئۆلمەرت ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر وڵاتانی شام. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕەهەندی گۆڕانکارییەکان، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی پڕۆفیسۆر ئۆلمەرت کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

***ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیبینین، زۆر لە چاودێران بە ئەورووپای سەردەمی شەڕی ئایینی بەراوردی دەکەن، ئایا تاچەند بە هاوشێوەی ئەورووپا کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش چارەسەر دەکرێت؟**

- شەڕی ئایینی پێش سێ سەدە لە ئەورووپا روویدا، بەڵام ئێستاش ئایین لە چەند بەشێکی ئەورووپا گرنگە، وەك ناوچەی بەلقان، ئەو ناوچانەی لە ژێر داگیرکاری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون، بۆیە ناتوانین لایەنی ئایینی فەرامۆش بکەین لەو گرژی و ناکۆکییانەی لە بەشەکانی دیکەی ئەورووپا لەئارادان، وەك ئۆکرانیا و ئیرلەندا و شوێنەکانی دیکە. هەرچۆنێك بێت، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەوتەکە پێچەوانەیە، دوایین نموونەیەك کە مایەی دڵتەنگی بێت تورکیایە کە لە سایەی دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێداندا، دوور دەکەوێتە لە نەریتی سکۆلاریزم کە بریتییە لە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت. ژەنەڕاڵ سیسی لێدوانێکی جێی بایەخی دا، کاتێك باسی لە پێویستی ئەنجامدانی چاکسازی کرد لە ئاییندا، بەڵام بەگشتی هەلومەرجەکە مایەی هاندان نییە لەو وڵاتانەدا کە کەلتووری لێبووردەیی ئایینی تێدا نییە، هەروەها ژێرخانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی نییە تێیاندا، بەڵکو ئەوەی هەیە و ئەوەی لە ئارادایە بریتییە لە میراتێکی دوور و درێژی خوێناوی و تایفەگەری

بۆیە وێناکردنی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت نزیکە لە مەحاڵەوە.

*** کەواتە پرسی بونیادنانی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسێکی دوورە، ئایا تاچەند رۆژئاوا ئۆباڵی ئەم ئاژاوە و ناسەقامگیرییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەردەکەوێت؟**

- ئۆباڵی شکستهێنانی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەخەنە ئەستۆی رۆژئاوا. بەدڵنیاییەوە، حوکمڕانیی کۆڵۆنیاڵی کە چەند دەیەیەك درێژەی کێشا، جێ پەنجەی بەسەر زۆر بواری ژیانەوە جێهێشتووە، بەڵام هێزی ئیسلامی سیاسی ئوسوڵی هەڵقوڵاوی نەریت و میراتێکی قووڵە. تورکیا نزیکترین وڵاتێك بوو لەوەی لە هەمان کاتدا هەم دیموکراسی و هەم عەلمانی بێت، بەڵام لە ئێستادا و لە سایەی حکومەتێکی ئیسلامیدا، بە خێرایی هەنگاو هەڵدەگرێت بەرەو حکومەتێکی خۆسەپێن. لە سایەی ئیخوان موسلمیندا میسر وڵاتێکی دیموکراسی نەبوو، ئەگەرچی مورسی کەسێکی هەڵبژێردراویش بوو، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن بە تەنها پێوەر نییە بۆ دیموکراسی راستەقینە. بڕوانە خودی میسر لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیخواندا چۆن هێرشی دڵڕەقانە و بەردەوام دەکرایە سەر کەمینە ئایینییەکان. رەنگە لە ئێستادا تونس تروسکەی ئومێدێك بێت. با ئەوەمان لە یاد بێت کە بۆ چەند ساڵ سەددام حوسێن و هەروەها حزبی بەعس لە سووریا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی عەلمانی دەکەن، بەڵام ئەوان و ئێستاش سووریا دیکتاتۆری خوێنرێژ بوون.

*** بەڵام ئێستا لە عێراق و سووریا کێشەکە بەرەو تایفەگەری هەنگاوی هەڵگرتووە و زەحمەتە چارەسەر بکرێت، ئایا مەترسی ئەوە نییە هەمان سیناریۆی عێراق لە سووریا پێچەوانە بێتەوە؟**

- زۆر باشە، کێشەکە لێرەدایە، کێشەکە لە تایفەگەریدایە کە مەرج نییە بە تەواوەتی هاوواتای ئایین بێت. بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ عەلەوییەکان لە سووریادا چەوسێندرانەوە و کەوتبوونە ژێر باری فەتوایەکی بەنێوبانگی ئیبن تەیمیەوە کە رایگەیاندبوو ئەوان لە کافرەکانیش خراپترن. ئەمەش بە مانای ئەوە هات کە عەلەوییەکان بە نیمچە مرۆڤ سەیر دەکران لەلایەن زۆرینەی سوننەکانەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمە پاساوی ئەو کارە قێزەونانە نییە کە لەلایەن رژێمی عەلەوی ئێستاوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام ئێمە شتەکان لە سیاقی مێژوویی خۆیدا دادەنێین.

*** ئایا بێ چارەسەری کێشەی کورد رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەقامگیر دەبێت، لەبەر ئەوەی کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە دێرینەکانی ناوچەکە و هەتا ئێستا بەبێ چارەسەر ماوەتەوە؟**

- نەخێر، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرگیز سەقامگیر نابێت بێ سەربەخۆییەکی تەواوی نەتەوەی ئازا و بوێری کورد، ئەو بارودۆخەی لە سووریادا هاتۆتە ئاراوە دەرفەتێك دەڕەخسێنێت، بەڵام من گەشبین نیم لە بارەی تورکیا و ئێرانەوە. بژی پێشمەرگەی نەبەرد و ئازا، ئێوە پێویستتان بە خەڵکی خۆتانە بۆ ئەوەی شەڕی ئازادیتان بۆ بکەن، لەگەڵ بوونی هەل و مەرجێکی لە باری ئیقلیمی. ئەوەی یەکەمتان هەیە، بەڵام ئەوەی دووەمیان لە ئارادا نییە. ئەمە تراژیدیایەکی گەورەیە.

*** بەڵام ئێستا سیستمی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری شکست بووە، ئایا پێتوا نییە ئەو سیستمە پێویستی بە دووبارە رێکخستنەوە هەیە؟**

- بەڵێ، دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەوارەی ناشەرعین. چارەسەر ئەوەیە دۆخەکە پێچەوانە بکەنەوە. لەبری شەڕکردن لە دژی تایفەگەری، لێگەڕێن با حوکمڕانی بکات، بەڵام کێ دەرفەتی پێ بدات؟ من هیوا دەخوازم ئەم دەوڵەتانە نوێنەرایەتی پێکهاتە ئیتنی و ئایینییە یەکگرتووەکان بکەن، بەڵام ئەمە بەم زووانە روونادات. ئێمە مەحکومین بەوەی لە ناسەقامگیرییەکی بەردەوامدا بین.

*** ئێستا باس لە فراوانبوونی مەدی شیعە و هیلالی شیعە دەکرێت لەناوچەکە، ئایا تاچەند مەدی شیعە مەترسی لەسەر کۆی ناوچەکە دروست دەکات؟**

- دامەزراندنی، یان بەردەوامبوونی هیلالی شیعە درێژە ناکێشێت. لەبەر ئەوەی رەوتی مێژوو، هەروەها جیهانی سوننەش رێگەنادەن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بمێنێتەوە. هەروەها خەلافەتێکی سوننەش دروست نابێت، تەنانەت لە سایەی عوسمانییە نوێیەکەشدا، کە ئەردۆگان دەیەوێت نوێنەرایەتی بکات.

*** هەست دەکرێت بەرامبەر ئەم بارودۆخە سیاسەتی ئەمریکا کەمتەرخەمە، یان دەستەوەستانە و ناتوانێت هیچ بکات، ئایا لەگەڵ ئەم بۆچوونەیت و لەمبارەوە چی دەڵێیت؟**


- رەنگە وا بێت، بەڵام من خۆم بە دوور دەگرم لەوەی بە دەرئەنجامی کرچ و کاڵ بگەم. ئەمریکا سیاسەتێکی ناڕوون دەگرێتەبەر و پێدەچێت گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو بکات، بەڵام ئەمریکا خاوەنی هێزێکی سەربازی و ئابووری و گەورەیە و بەدڵنیاییەوە رەنگە لە مانگی تشرینی دووەمدا گۆڕانکاری دروست بێت. دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.

**ئێوە پێویستتان بە خەڵکی خۆتانە بۆ ئەوەی شەڕی ئازادیتان بۆ بکەن، لەگەڵ بوونی هەل و مەرجێکی ئیقلیمی لە بار. ئەوەی یەکەمتان هەیە، بەڵام ئەوەی دووەمیان لە ئارادا نییە**

**ئەوەی لە ئارادایە بریتییە لە میراتێکی دوور و درێژی خوێناوی و تایفەگەری بۆیە وێناکردنی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت نزیکە لە مەحاڵەوە**

**بەردەوامبوونی هیلالی شیعە درێژە ناکێشێت. لەبەر ئەوەی رەوتی مێژوو، هەروەها جیهانی سوننەش رێگەنادەن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بمێنێتەوە. هەروەها خەلافەتێکی سوننەش دروست نابێت، تەنانەت لە سایەی عوسمانییە نوێیەکەشدا، کە ئەردۆگان دەیەوێت نوێنەرایەتی بکات**

# بەرەو بەشداریکردنێکی فراوان و بەرپرسیارانە بۆ راونانی تیرۆریستان لە عێراقدا




کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی


بە درێژایی بەرەکانی شەڕ و لە قەزاکانی پارێزگای دیالە و سەلاحەددین و ئەنبار و کەرکووك و شنگال و زوممار و مەخمور و دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی دیکە سەرکەوتنگەلێکی گرنگ بە سەر تیرۆریستانی داعش بەدیهات، تا ئێستاش زۆر لەو پارێزگایانە (بە پارێزگای نەینەوایشەوە) بەتایبەتیش موسڵ لە چاوەڕوانی چەند شەڕێکی یەکلاکەرەوەدان دژی چەتە تاوانکارەکانی داعش.

وا دیارە هەموو خەڵکی عێراق دەرکیان بەوە کردووە کە سەرکەوتن لە شەڕ دژی چەتەکانی داعشی دڕندە بە بێ یەکێتیی هێز مەحاڵە بێتەدی، یان بەبێ یەکێتیی نەتەوەکانی عێراقی فیدراڵ لە خەباتکردندا دژی ئەو چەتانە کە دوژمنی پەیڕەوکار و شوێنکەوتووانی هەموو ئایین و ئایینزاکانی عێراقن، هەروەها بە بێ هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان رۆڵەکانی گەلی کورد و گەلی عەرەب و سەرجەم نەتەوەکانی دیکەی عێراق و بە بێ هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان لایەنگرانی ئایینزاکانی سوننە و شیعە لە عەرەب و شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکانی دیکە، کەواتە ئەم جۆرە یەکێتییە دەتوانێت تیرۆریستان کە لە دەرەوەی سنوور هاتوون، یان ئەو عێراقییانەی کە خیانەتیان لە نیشتمان و گەلەکەیان و کێشە ڕەواکەیان کردووە، تێکبشکێنێت. وا هەست دەکەم کە بەشداریکردنی رۆڵەکانی ئەنبار و سەلاحەددین و دواتریش موسڵ، لەو شەڕانەی ئێستا و دواتریش لە کاروانی سەختی خەباتدا رۆڵی بەرچاوی دەبێت.

راونانی تیرۆریستانی تازە شتێکە و ئەنجامدەدرێت و بەبێ کەمترین گومان سەردەگرێت، بەڵام کێشەکە لە عێراقە کە پەیوەست نییە بەو تیرۆریستە بکوژانە، بەڵکو بە بوونی سیستەمێکی سیاسی کە پشت بە پێنج نیشانەی نەرێنی دەبەستێت:

١- بوونی حزبی سیاسی کە پەیڕەوی ئایین و ئایینزا دەکات وەك بنەمایەکە بۆ قەوارەو چالاکییە سیاسی و

کۆمەڵایەتییەکانیان، کە ئەمەش روویەکی پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی دیموکراسییە کە پشت بە پرەنسیپی هاووڵاتیبوون دەبەستێ، نەك ناسنامەی لاوەکی.

٢- بوونی سیستەمێکی سیاسی لەسەر بنەمای تایفەگەری و پشککاریی تایفەگەری لە دابەشکردنی دەسەڵات و دامەزراوەکانی دەوڵەت، لە دەوڵەتێکدا کە تێیدا دەگوترێت( ئیسلام ئایینی دەوڵەتە!) لە کاتێکدا کە دەوڵەت کەسایەتییەکی مانەوییە و ئایینی نییە و ناشکرێ ئایینی هەبێت، دواتر پرەنسیپی دەوڵەتی دیموکراسی بریتییە لە( ئایین بۆ خوایەو نیشتمانیش بۆ هەمووان).

٣- بوونی زەمینەیکی شیاو بۆ سەرهەڵدان یان پەیدابوونی ململانێی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا لەبەر چەند هۆیەك کە پەیوەستن بە بونیادی دەوڵەت و کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و کۆمەڵایەتیی ناو ئەو کۆمەڵگەیە، وێڕای بوونی لاوازیی و کەموکوڕیی لە هەندێ بەندی دەستووری عێراق و نەبوونی یاسا کە ئەو پەیوەندییانەی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکمەتی هەرێمی کوردستان ڕێکدەخات. هەروەها هەوڵی دوورخستنەوەی حوکمڕانان لە جددییەتی چارەسەری کێشەکانی ئێستای عێراق، شێوەیەکی تایبەتیش لەنێوان عەرەب و کورددا سەبارەت ئەوەی پێی دەگوترێت (ناوچە ناکۆکی لە سەرەکان) بەپێی ئەوەی کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق چەسپاندوویەتی، هەروەها نەچەسپاندنی بناغەی دروست لە مامەڵەکردن و پەیوەندییەکاندا لەگەڵ سەرجەم نەتەوەو لایەنگرانی ئایین و ئایینزاکان لە عێراقدا.

٤- دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بونیادی شێواوی ئابووری نیشتمانی و ئەو سەرخانە شلۆق و دواکەوتووەی لەسەری هەڵچنراوە، هەروەها هۆشداریی شێوێندراو و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە دابەشکردن و جارێکی دیکەی دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی و بەکارهێنانی، جگە لە هەڵکشانی ئاستی هەژاری و بوونی کەلێنێکی گەورەی نێوان داهات و بێکاریدا، ئەمە وێڕای زاڵبوونی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، هاوکات ئەوەی کە پەیوەستە بە کردەوە تیرۆریستییەکان بە هەموو شێوە و ئامانجەکانیانەوە لە وڵاتدا.

٥- سەرباری هەموو ئەمانە دەوڵەتە لەرزۆك و هەرەسهێناوەکەی ئێستا کە دامەزراوە، حوکمڕانەکانی و زۆربەی سیاسەتمەدارەکانی ڕێگە بە دەوڵەتانی دراوسێ و دەوڵەتانی گەورە دەدەن بە تەواوی و بەردەوامی دەستوەردەنە کاروباری ناوخۆ و لە زیانگەیاندن بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو نەتەوانەو شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکان و بەشداریکردن لە رەواجدان بە رق و کینە و لە کاریگەریی نێگەتیڤانە بۆ سەر پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ سەرجەم گەل و دەوڵەتانی جیهاندا.

کاتێك ئەم شتانە دەستنیشان دەکەین و هەوڵ دەدەین چارەسەری پراکتیکییان بۆ بدۆزینەوە، پێویستە یەکەم شت لە زەمینەی واقیعی عێراقەوەو لە شرۆڤەکردنی فاکتەرە کاراکانەوە دەست پێ بکەین، هەروەها بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی عێراق بە درێژایی دەیەکانی رابردوو و بە شێوەیەکی تایبەتی لەوەتەی رووخانی رژێمی پاشایەتی تا دەگاتە هەر پێنج رژێمە کۆمارییەکان و ئەمرۆش، هاوکات ئاشنابوونی ورد بەو فاکتەرانەی کە بوونەتە هۆی رووداني ئەو راپەڕین و شۆڕش و کودەتاو مەینەتی و کارەساتانەی وڵاتیان گرتۆتەوە، هەروەها دەرککردن بەو راستییەی کە هەموو ئەو شتانە پەیوەست بوونە بە نەبوونی ئازادیی تاك و ئازادییە گشتییەکان و ژیانی دیموکراسی و پەراوێزخستنی گەل بە هەموو پێکهاتەکانییەوەو پیادەکردنی ستەم و چەوساندنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شەڕوشۆڕەکان، جگە لە دەستنیشان کردنی رۆڵی دەرەکی لەو هەموو شتانە کە رۆڵی لاوەکییە بە بەراورد لەگەڵ رۆڵی بنەڕەتیی ناوخۆ.

ئەو چارەسەرانەی بۆ عێراق خوازراون بەقەد ئەوەی بەراستی ئاسانن لە رووی پرەنسیپەوە، لەهەمان کاتدا بەقەد واقیعی ئێستا ئاڵۆزو تێکچڕژاوو و درێژخایەنن، چونکە لەلایەك پێویستیان بە ئیرادەی حوکمڕانانی هۆشیارو ژیر هەیە، هەروەها بە ئیرادەی گەل و هێزە هۆشیارو ژیرەکان لەلایەکی دیکەوە، پرسیارە قورسەکەش ئەوەیە: ئایا ئێمە ئەوەندە کەسی هۆشیارو ژیرمان لە نێو حوکمڕانی و کۆمەڵگەدا هەیە؟ کە وا پێویستە عێراق ئەو جۆرە هۆشیارو عاقڵانەی هەبێت دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵانەی شەش دەیەی رابردوو، ئەگەر نا کارەساتەکە گەورەیە و قەیرانەکانی داهاتووش زۆر توندترو سەختترو تاڵتر دەبن بۆ سەر تێکڕای کۆمەڵگە.

عەقڵانییەتی هزرو سیاسەت دەڵێت کە لەسەر حزبە ئیسلامیە سیاسییەکانی ئێستا( سوننەو شیعەکان)کە حزبی ئایینزایی و تایفین پێویستە دەرك بەوە بکەن کە ئەوان ناتوانن حوکمڕانیی عێراق بکەن بە دادپەروەری و یەکسانی لە پێگەی ئایینی و تایفەگەرییەوە، لە وڵات و کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەو ئایین و ئایینزاو بۆچوونی

**هەموو خەڵکی عێراق دەرکیان بەوە کردووە کە سەرکەوتن لە شەڕ دژی چەتەکانی داعشی دڕندە بەبێ یەکێتیی نەتەوەکانی عێراقی فیدراڵ لە خەباتکردندا دژی ئەو چەتانە کە دوژمنی پەیڕەوکار و شوێنکەوتووانی هەموو ئایین و ئایینزاکانی عێراقن مەحاڵە بێتەدی**

**راونانی تیرۆریستانی تازە شتێکە و ئەنجامدەدرێت و بەبێ کەمترین گومان سەردەگرێت، بەڵام کێشەکە لە عێراقە کە پەیوەست نییە بەو تیرۆریستە بکوژانە، بەڵکو بە بوونی سیستەمێکی سیاسی کە پشت بە پێنج نیشانەی نەرێنی دەبەستێت**

هزری و سیاسیدا، هەروەها پێویستە ئەم واقیعە بگۆڕن و دەست بکەن بە دامەزراندنی حزبی سیاسی کە ئایین و ئایینزا نەکەن بە بناغەی حوکمڕانی، بەڵکو تاکەکانیان مافی تەواویان دەبێت لە پەیڕەوکردنی ئەم ئایین و ئەو ئایینزایە بەبێ هیچ جیاوازییەك، بۆیە ئەنجامدانی ئەمە زۆر ئاسانە بۆ خەڵکی عاقڵمەند کە هەست بە تاڵیی و مەینەتیی گەل دەکەن لە میانی چاوگێڕانەوەی جیدی بەو کارەی کە سیستەمی سیاسیی تایفەگەریی و پشکایەتیی تایفەگەری لەوەتەی رووخاندنی دیکتاتۆریەت تا بەئەمڕۆ دەگات بە عێراق و گەلەکەی کردووە.

جا ئەگەر ئەو حزبانە دەرکیان بەم راستییە روونە کرد، ئەوا مانای وایە کە سیستەمی سیاسیی عێراق پێویستە لەسەر بنەمای پشکایەتیی تایفەگەری بنیات نەنرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینەی سیاسی بنیات بنرێت، لێرەدا بنیادی دانیشتوانی کۆمەڵگە ئەو زۆرینەیەو کەمینەیە دەست نیشان دەکات بەپێی ئەو حزبانەی کە بەرنامەکانیان بە ئایینێك یان ئایینزایەك نابەستنەوە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە پرەنسیپەکانی رەوشت نەمێنێت کە پێویستە لە ئایین و ئایینزاکان یان مافی مرۆڤدا بوونیان هەبێت، ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە کۆمەڵگە بە هەموو هێزو حزبە سیاسییەکانییەوە رووەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دیموکراسیی عەقڵانی هەنگاوبنێت.

لەم شێوە حوکمڕانییە نیشتمانی و دیموکراسییەدا دەکرێ لەسەر بنەماگەلێکی دیموکراسی و ساغدا کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان و لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بەپێی پرەنسیپەکانی دەستوور چارەسەربکرێن، هەروەها ئەوەی کە پێویست دەکات بگۆڕدرێت و هەمواربکرێتەوە یان راستبکرێتەوە بۆ بەلاوەنانی تەمومژ یان ناکۆکی یان ئەو دەقانەی لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرن، من بڕوای تەواوم هەیە بە بوونی ئەو توانایە کە رێگەدەدات بە دامەزراندنی پەیوەندییە مرۆییە دروستەکان لە کۆمەڵگەی عێراقیدا.

وڵاتێك کە پەیوەندییە مرۆییەکانی تێدا بێت لەنێوان نەتەوەو شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکان و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و یاساکان و دەستوور حوکمرانی بکات پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەروەها یاساو رێساکانی کار لەسەر بنەمای زۆرینەو وریزگرتن لە رای کەمینە رێکی بخات، دەتوانێت بە ئاراستەی دارشتنی بەرنامەگەلێك هەنگاو بنێت بۆ پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی کە پشکداریی بکات لە سوودوەرگرتنی عەقلانییەتێکی زیاتری داهاتی نەوتی خاو، هەروەها لە بەدیهێنانی فرەلایەنیی ئابووری و دامەزراندنی پرۆژە پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان و کاراکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی و کەرتی تێکەڵدا، دواتر گۆڕینی بنیادی چینایەتیی کۆمەڵگە وبنیادی هۆشیاریی تاك و کۆمەڵگە و دەوڵەمەندکردنی سامانی نیشتمانی و چاککردنی پرۆسەی دابەشکردنەوەی داهاتی نیشتمانی و بەکارهێنانی ئەو داهاتە. ئینجا چاککردنی ئاستی ژیان و گوزەرانی زۆرینەی هەژاران لە دانیشتووانانی وڵاتدا، ئەم جۆرە ئاراستەیە یارمەتیدەرە لە دەستەبەرکردنی پەرەپێدانی راستەقینەی شارستانییەتی وڵات، هاوکات دانانی سنوورێك بۆ تیرۆر و گەندەڵی و دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی عێراق و لە سیاسەتی دەرەوەیدا.

**لەم شێوە حوکمڕانییە نیشتمانی و دیموکراسییەدا دەکرێ لەسەر بنەماگەلێکی دیموکراسی و ساغدا کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی پرەنسیپەکانی دەستوور چارەسەربکرێن**

ئەم وێناکردنە بۆ دەوڵەتی دیموکراسیی فیدراڵ و حوکمڕانیی باش پێوستی بە بوونی دیدگایەکی فەلسەفیی عەقڵانی و رۆشنبیرییەکی دیموکراسیی هەیە لای حوکمڕانانی عێراق، ژیان سەلماندوویەتی کە گەل گیری خوارد تا کۆتایی حوکمڕانیی نوری مالیکی کە دەبوایە وای لێ بەسەر نەیەت، بەڵام ئایا دکتۆر حەیدەر عەبادی دەتوانێت ئەم حاڵەتە بگۆڕێت کە لەلایەن دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری و نوری مالیکی و هەموو حزبە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە، -چ شیعە یان سوننە- هاتەئاراوە؟ ئەو رێکارانەی ئایێستا گیراونەتەبەر ئاماژە دەکەن بۆ چاکبوونێکی رێژەیی لە هەندێ لایەنی پرۆسەی ئێستای عێراقدا، بە تایبەتیش لە هەڵوێست وەرگرتن لە ئاست تەیارکردنی دانیشتوان لە ئەنبارو سەلاحەددین و موسڵ بۆ خەباتکردن دژی داعش و بە هاوکاریی تەواو لەگەڵ سوپای عێراقدا، لەپاڵ ئەوەی کە بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیکردنی حەشدی شەعبی وەرگرتووە کە وا پێویست دەکات سەرکردەکانی ئەو حەشدانە بگۆڕێت کە بەسەرکردەی میلیشیا چەکدارەکان لە قەڵەم دەدرێن، لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە چاکسازییەك لە رێکارەکاندا هاتۆتەدی، لەوانەش هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئازادکردنی موسڵ، نەك لەو سیاسەتانەی کە پێویستە سیستەمی سیاسیی عێراق بیگرێتەبەر بۆ دەربازبوون لە پشکایەتیی تایفەگەری، چونکە تا ئێستا دووره لەوەی کە بۆ گۆڕینی رێڕەوی کاروانی رەوشی نەرێنی مایەی پەسندکردن بێت.




# بەغدا پایتەختی میلیشیا و دەوڵەتی پاشاگەردانی

سـەرەڕای ئەو لێدوانە جیاوازانەی دەربارەی رۆڵی هێزەکانی سـوپا و پۆلیسی عێراقی دەدرێن، کە رۆڵیان تەنیا بەرگریکردنـە، هاوکات چەندین پارێزگا و شـار بەتایبەتیش ناوچە سوننەنشـینەکان داگیرکراون و کەوتوونەتە ژێر دەسـەڵاتی تیرۆریسـتانی داعش، بەڵام ئەو حەشدە شـەعبییەی کە بەم دواییە دامەزراوە، دەستی بە سەر هەموو ناوچەکانی دیکەی پارێزگاکانی عێراقدا بەتایبەتیش ناوچە شیعەنشـینەکاندا گرتووە، ئەویش لە میانەی دابەشـکردنی جوگرافی لە نێوان ئەو لایەنانەی لە چوارچێوەی حەشـدی شەعبیدان. ئەمەش وای کرد جارێکی دیکە دیاردەی دۆزینەوەی تەرمی نەناسـراو و کوژراو دوای پەیدابوونی ئەو میلیشـیایانە زیاتر سـەرهەڵبدات. ئەمە وێڕای بێ سـەروبەریی لە ناو پایتەختدا لە ئاکامی هەڵگرتنی چەك و بەرزکردنەوەی ئاڵای جیاوازی ئەو پێکهاتانە لە ژێر ناوی وەفاداری و دڵسـۆزی بۆ وڵات، لە لایەکی دیکەوە وا هەسـت دەکرێت کە ئاڕاستەیەکی سیاسیی نادیاری عێراقی لە ئارادایە وەك سەرەتایەك بۆ دابەشکردنی عێراق، یان دامەزراندنی هەرێمی دیکە کە پێشتر چەندین جار سیاسەتمەداران و هاووڵاتیان بانگەشەیان بۆ کردووە.

راپۆرتی/ گوڵان– بەغدا

**● چوونە ناو بەغدا تەنها بۆ شیعە ئاساییە**

کاتێك لە پارێزگای کەرکووکەوە بەرەو بەغدای پایتەخت بەڕێ دەکەویت کە تەنیا ٢٥٥ کیلۆمەتر لە یەکەوە دوورن، دەبینیت کە مەوداکە دوو ئەوەندەیە بەهۆی داخستنی ڕێگەی سەرەکیی نێوان ئەو دوو شارە، بۆیە پێویستە ڕێگەیەکی دیکە هەڵبژێریت کە بە درێژایی ئەو ڕێگەیە چەندین میلیشیا بە ئاڵای ڕەنگاوڕەنگی ئایینییەوە کۆنترۆڵیان کردووە. هەر چەند لە خاڵێکی پشکنین نزیك ببیتەوە، میلیشیایەکی جیاواز دەبینیت کە سەر بە لایەنێکی دیاریکراوە، جگە لە عێراقییەکان، (ئێرانی و لوبنانی )یشیان تێدایە و ئیدی هەر تاقمەو ئاڵایەکیان لەسەر بازگەکە هەڵواسیوە و هەر یەکێك لە کارمەندانی ئەو بازگەیە پارچە پەڕۆیەکیان لە ناوچەوانیان بەستووە و ناوی میلیشیایەك، یان یەکێك لە ئیمامەکانیانی لێ نووسراوە، وەکو: (یاحسین، یاعباس) هەرچەندە پیاوانی ئایینی و موفتییەکانی ئیسلام قەدەغەیان کردووە جگە لە خودا وشەی (یا) لە پێش هەر ناوێك دابنرێت.

**● دابەشبوونی جوگرافیی نێوان میلیشیاکان**

ڕێگەی مردن و گەشتی ئیفلیجی یاوەریی هەر کەسێك دەبێت، کاتێ دەیەوێت بچێتە بەغدا، لە بەر ئەو هەموو ناخۆشی و ئاستەنگ و کاولکارییەی رووی لە ناوچەکانی ئەم وڵاتە کردووە.

لە هەمان کاتدا لەو چەند سەد کیلۆمەترەی نێوان کەرکووك و بەغدا تووشی ٣٩ خاڵی پشکنین دەبیت، کە لەوانە تەنیا سێ خاڵی پشکنین بەدەست سوپا و پۆلیسەوەن، ئەوانی دیکە پشکی میلیشیاکانن.

ئەو کەسەی کە شیعەیە بەوێدا تێدەپەڕێت، ئەوانە دەناسێت، بۆیە دەگوترێ هەندێ هێز هەیە ڕێگەکە دادەخەن و خەڵکەکە دەپشکنن، بەڵام کەس نازانێت ئەوانە کێن و سەر بە کام لایەنن.

لەبەغدا زیاتر لە ٤٦ جۆری میلیشیا هەن کە هەموویان لە چوارچێوەی حەشدی شەعبیدان، لەوانە: (عەسائیبی ئەهلی حەق، سوپای مەهدی، سوپای ئیسلام، کەتائیبی حیزبوڵا، لیوای حوسەین، هێزەکانی ئەبوفەزڵ عەباس و چەکدارانی بەدر و ...تاد)، ناوەکان و ئاڵاکان کۆتاییان نایەت، هەر حزب و هێز و میلیشیایەك ئازادە بە ئارەزووی خۆی هاتوچۆ بکات بە ئاگاداری، یان بێ ئاگاداریی حکومەتی بەغدا کە هەمووشیان هەر چەکدارن. وێڕای ئەمەش دەبینیت لەسەر هەر خاڵێکی پشکنین، یان بارەگایەکی حکوومی و حزبی و ئەمنی ئاڵایەکی ئایینی هەیە کە گوزارشت لە جۆرێك لە میلیشیا، یان هێزێکی جیاوازی ئیسلامی دەکات، وا هەست دەکەیت کە لە ناو حوسەینییەکدایت.

عەبدولستار مەحموود نووسەر و توێژەری مێژوویی، لە بارەی ئەو بارودۆخە تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «پرۆژەیەك لە ئارادایە بۆ دابەشکردنی پلەبەپلەی عێراق، ئەویش لە میانی دامەزراندنی هەرێمەکانەوەیە، کە ئەمەش خەونی زۆر لە هاووڵاتیانە، کاتێ لایەنە

ئەمنییەکان بڕیاریان دا هیچ ئاوارەیەکی سوننە، یان کورد نابێت بێتە نێو بەغداوە، تەنیا لە ڕێگەی کەفیلەوە نەبێت، ئەمەش بە هەنگاوێکی ئەرێنی دانانرێت لە ڕووی ڕێزگرتن لە هاووڵاتیان، بۆیە لە هەر خاڵێکی گشتیی پشکنینیدا کە پێیدا دێیتە ناو بەغدا، هێزی جیاوازیی ئەمنی دەبینیت، لەوانە میلشیای حەشدی شەعبی، کە بە ناشیرینترین جۆر هەڵسوکەوت لەگەڵ هاووڵاتیانی سڤیل و ساکار و ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتە دەکەن و لە خاڵەکانی پشکنیندا لەبەر تیشك و گەرمای خۆردا وەستێنراون و بەرپرسانی ئەو شوێنانەش هیچ بەهایەکیان بۆ دانانن، لە کاتێکدا دەبینیت کە سیاسەتمەداران لە پەرلەمان و حکومەتی عێراق تەنیا وشەی بریقەدار و بەڵێنی پووچ بە هاووڵاتیان رادەگەیەنن.»

**● بەغدا پایتەختی بێ سەروبەری**

لە ئێستادا ڕەوشی ناو بەغدا لەوپەڕی حاڵەتی مەترسیداری مێژووی ئەو شارەدایە، تەنانەت لە سەردەمی هێرشەکەی هۆلاکۆش بەم شێوەیە نەبووە، ژاوەژاو و جەنجاڵی و بێ سەروبەری میلیشیای جیاواز و تەرمی نەناسراو لە بەغدا بەرچاو دەکەوێت، ئەوەش ناشاردرێتەوە کە سەدان چەکدار پۆشاکیان لەبەردایە و چەکی جۆراوجۆریشیان پێیە. لەلایەکی دیکەوە دڵگران دەبیت کاتێ بەغدای پایتەخت بەم شێوەیە دەبینیت، چونکە کۆنترۆڵی تەواوی بارودۆخەکەی لەدەستداوە و تەنیا بە فەرمانی حەشدی شەعبی ئیش و کارەکان رایی دەکرێت، هەروەها ژێرخانی شارەکە و سەروەری یاسا هەرەسیان هێناوە و هەر یەکە لەو میلیشیایانە یاسای تایبەت و چەکی تایبەت و مەرجەع و سەرکردەی تایبەت بە خۆیان هەیە.

هاوکات وەزارەتی ژینگە رایگەیاندووە کە ڕێژەی پیسبوون و ژاوەژاو لە بەغدای پایتەخت لە بەرزبوونەوەدایە، لەم ڕووەوە ئەمیر عەلی حەسون بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی هۆشیارکردنەوەو راگەیاندنی ژینگەیی ڕوونی کردەوە کە (فەرمانگەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە ناوچەی ناوەڕاست) لە ڕێی ئامێر و دەزگاکانیەوە ئەوەی تۆمارکردووە کە بەرزبوونەوەیەکی لە رادەبەدەر لە پیسبوون و ژاوەژاو هەستی پێدەکرێت، ئەم ڕێژەیەش لە نێوان ٥،٣٧ بۆ ٧٦ دیسبلە، واتە لە ڕێژەی دیاریکراوی ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەرزترە کە بە ٤٥ بۆ ٥٥ دیسبل دەستنیشان کراوە.

هاووڵاتی سامر موحسین کە خەڵکی جادریەی بەغدایە دەپرسێت: تاکەی هەر بە دەست ترس و خەم و پەژارەوە لە بەغدا و عێراقدا بناڵێنین؟ تاکەی بەم شێوەیە جیاوازی لە نێوان بەرپرس و هاووڵاتی ئاساییدا هەبێت؟ تاکەی لە ژاوەژاوەو بێ سەروبەری و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و هەژاریدا ژیان بەسەر بەرین؟ تاکەی وا هەست بکەین کە ئێمە لە وڵاتی خۆماندا بێگانەو بێ دەرەتانین؟

**لەو چەند سەد کیلۆمەترەی نێوان کەرکووک و بەغدا تووشی ٣٩ خاڵی پشکنین دەبیت کە لەوانە تەنیا سێ خاڵی پشکنین بە دەست سوپا و پۆلیسەوەن، ئەوانی دیکە پشکی میلیشیاکانن**

**ڕەوشی ناو بەغدا لەوپەڕی حاڵەتی مەترسیداری مێژووی ئەو شارەدایە، تەنانەت لە سەردەمی هێرشەکەی هۆلاکۆش بەم شێوەیە نەبووە، ژاوەژاو و بێ سەروبەری و میلیشیای جیاواز و تەرمی نەناسراو بەرچاو دەکەوێت**





هادی عەلی سیاسەتمەدار و شارەزای ئیسلامی سیاسی بۆ گوڵان:

# لە کوردستاندا زەمینە و قەناعەت بۆ ریفۆرم و نوێبوونەوە لە فیقهی ئیسلامدا دروست بووە و گرنگە پشتگیری لێ بکرێت

# ئەوەی لە کەلەپووری ئیسلامدا هاتووە و لە کتێبەکاندا نووسراوەتەوە بەشێکی نەک بۆ ئێستا بەڵکو بۆ سەردەمی خۆیشی هەڵە بووە

**سەرهەڵدانی دیاردەی توندڕۆیی، یان دەرکەوتنی گرووپی توندڕۆ، تایبەت نییە بە ئایین، یان نەتەوەیەکی دیاریکراو، بۆیە گرنگە لەسەر ئەم دیاردەیە خوێندنەوەی قووڵی فیکری بۆ بکرێت و لەو زەمینە و هۆکارانە بکۆڵینەوە کە دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی توندڕۆیی، یان دەرکەوتنی گرووپی توندڕۆ. ئەوەی لە کوردستان جێگەی دڵخۆشییە، ئەوەیە وێڕای بوونی دیاردەی فرەلایەنی و بیروڕای ئازادی رادەبڕین، بەڵام هەموو لایەنەکان بە ئایینی و عەلمانییەوە لەسەر ئەو رایە کۆك و هاودەنگن بەوەی پێویستە رێگە لە دیاردەی توندڕۆیی بگیرێت و ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکرێت کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و توندڕۆیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ هادی عەلی سیاسەتمەدار و شارەزا لە پرسی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ماوەی زیاتر لە ساڵێکە گرووپێك بە ناوی تیرۆریستانی داعش دەرکەوتوون، ئەم گرووپە لە ماوەی ١٠ مانگی رابردوو دەوڵەتێکیان بە ناوی (دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی) راگەیاندووە و ئاڵای (لا الە الا اللە)یان بەرزکردۆتەوە و لەژێر ئەم بەیداخە پیرۆزەدا هەرچی تاوان و کاری نامرۆڤایەتییە ئەنجامی دەدەن، ئایا ئەگەر خوێندنەوەیەکی فیکری بۆ سەرهەڵدانی گرووپی داعش بکەین، چۆن ئەم گرووپە دەخوێنیتەوە؟**

- بێگومان داعش نموونەیەکە کە بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە کاری توندڕۆیی و ترسناك ئەنجامدەدات، هەتا ئێستاش لە نێو ئەو گرووپانەی بە ناوی پیرۆزی ئیسلامەوە سەریانهەڵداوە، دەتوانین بڵێین داعش دوانموونە و توندترین و ترسناکترینیانە، بەڵام دیاردەی توندڕۆیی ناسنامەیەکی دیاریکراو نییە، تایبەت بێت بە ئایینێك، یان نەتەوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو توندڕۆیی پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤەوە، ئەوەی ئەم دیاردەیە گەورە دەکات و رۆڵی تێدا دەگێڕێت، پەیوەندی بە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری هەیە، ئەمانە وادەکەن توندڕۆییەکە بچێتە دۆخێکی فراوان و ترسناکەوە، دیارە لەم راستەوە گرنگە بزانین ئەو ناوچەیەی داعشی تێدا درووست بووە، بەرهەمی ئەو ژینگە ناتەندروست و ناسەقامگیرەیە کە ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، دوای راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی کە لە تونسەوە دەستی پێکرد و پاشان میسری گرتەوە، سەرەتا ئەم راپەڕینانە راپەڕینی خەڵك بوون و هەموو هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بەشدارییان تێدا کرد، دروشمی سەرەکییان داواکاری بوو بۆ دادپەروەری و ئازادی و ماف و کەرامەت بۆ هاووڵاتیان، بەڵام ئەم راپەڕینانە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی رێگەیان پێنەدرا، بەهەمان شێوازی ئاشتیخوازانە ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن، بەتایبەتیش کە راپەڕینەکان گەیشتە سووریا، ئەوا بەشار ئەسەد و رژێمەکەی زۆر بە توندی خەڵکە راپەڕیوەکەیان سەرکوت کرد و پاشانیش سووریا بووە گۆڕەپانی دەستێوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و زیاد لەمەش بووە جۆرێك لە شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە، بێگومان لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی بەعسەوە لە عێراق کەم تا زۆر ئەو شەڕە مەزهەبگەراییەی نێوان شیعە و سوننە بوونی هەبووە، بۆیە لەنێو ئەم ژینگە سیاسییە ناتەندروست و ناسەقامگیرەدا، ئەو گرووپە توندڕۆ و ترسناکە (داعش) هاتۆتەئاراوە، ئەم گرووپەش بۆ هێنانەوەی پاساو بۆ کارە دڕندە و ترسناکەکانیان پەنا بۆ هەندێك

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر قارەمانانە مەترسییەکەی راگرت، بەڵام دوورخستنەوەی مەترسیی داعش لەسەر ئاستی فیکری و رۆشنبیریش پێویستی بە پەرچدانەوە هەیە**

**ماوەی چەند سەدەیەکە جۆرێک لە راوەستان و چەقبەستن و دواکەوتوویی رووی تێکردووە، ئەو بارودۆخەی ئێستا جیهانی ئیسلامی تێدایە، ئەو بارە ناسەقامگیر و دواکەوتوویە کە دەیبینین، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو دواکەوتوویی و چەقبەستنەی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پرۆسەی ئیجتیهاد**

**هەندێک هێز و لایەنی ئیقلیمی چاویان بەم ئەزموونەی کوردستاندا هەڵنایەت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کوردستان لە مەترسی دوور نەبێت**

**توندڕۆیی هەر توندڕۆیی بەرهەم دەهێنێت، توندڕۆیی عەلمانی توندڕۆیی ئایینی بەرهەم دەهێنێت و بە پێچەوانەشەوە توندڕۆیی ئایینی، توندڕۆیی عەلمانی بەرهەم دەهێنێت**

تەفسیر و هەندێك ئەحكام دەبەن كە لە یەكێك لە قۆناخە مێژووییەكاندا هەبوون، ئەمەش ئێستا داعش وەك خۆی جێبەجێی دەكات.

*** دیارە ئێستا هەرێمی كوردستان ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەترسیی داعش مامەڵە دەكات، ئایا چۆن ئەم مەترسییە لە كوردستان دوور بخەینەوە؟**

- ئێمە وەك هەرێمی كوردستان هەتا ئێستاش بەشێكین لە عێراق، لە ناوچەیەكی پڕمەترسی و ئاژاوەیەكی زۆردایین، بۆیە بمانەوێت، یان نەمانەوێت لەو مەترسییانە بەدوور نابین، جگە لەمەش ئێستا لە هەرێمی كوردستان هەلومەرجێكی تایبەت هەیە، ئەزموونێكی سیاسیمان هەیە، بۆیە بە شێوەیەك لە شێوەكان هەندێك هێز و لایەنی ئیقلیمی چاویان بەم ئەزموونەی كوردستاندا هەڵنایەت، ئەمەش هۆكارێكە بۆ ئەوەی كوردستان لە مەترسی دوور نەبێت، هەر بۆیە دوای ئەوەی داعش موسڵی داگیری كرد و بەرەو تكریت و سامەرا ڕۆیشت و لە بەغدا نزیك بووەوە، هیچ كەسێك مەزندەی نەدەكرد بەو شێوەیە داعش پەلاماری هەرێمی كوردستان بدات، چونكە هەرێمی كوردستان تەنیا فەرمانی بە پێشمەرگە كردبوو ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان كۆنتڕۆڵ بكات، واتە هەڵوێستی بەرگریكردنی وەرگرتبوو، بەڵام بەداخەوە بینیمان لە پڕێكدا داعش پەلاماری هەرێمی كوردستانی دا و تەنانەت مەترسیشی لەسەر هەولێر دروست كرد، هەروەها زۆر دڕندانە پەلاماری شنگالی دا و تاوانێكی گەورەیان بەرامبەر هاووڵاتیانی كوردی ئێزیدی ئەنجام دا، بەرپەرچدانەوەی ئەم مەترسییەش پێویستی بە كاردانەوە هەبوو لەسەر ئاستی سەربازی، لەم بوارەدا هێزی پێشمەرگەی كوردستان زۆر قارەمانانە مەترسییەكەی ڕاگرت، بەڵام دوورخستنەوەی مەترسیی داعش لەسەر ئاستی فیكری و ڕۆشنبیریش پێویستی بە بەرپەرچدانەوە هەیە، بۆ ئەمەش زانایان و بیرمەندانی ئیسلام و هەتا لایەنە ئیسلامییەكانی هەرێمی كوردستانیش ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتییەكی گەورە دەبنەوە و دەتوانن لەم بوارەدا ڕۆڵێكی گەورە بگێڕن بۆ ئەوەی مەترسیی داعش لەسەر هەرێمی كوردستان دوور بخەنەوە. لێرەوە دەتوانم بڵێم: ئێمە لە دوو ڕەوەوە پێویستە بەرەنگاری داعش بینەوە:

١. ڕووبەڕووبوونەوەی داعش وەك هێزێك كە لە دەرەوەیە و هەڕەشەیە بۆ سەر كوردستان.

٢. لەمە ترسناكتر بەرهەمهێنانی فیكری داعشە لە ناو كوردستاندا كە پێویستە بەرەنگاری ببینەوە.

بۆیە ئەگەر ئێمە هەموو پێكەوە كار بكەین بۆ ئەوەی لە ناوەوە زەمینەی بەرهەمهێنانی فیكری داعش نەهێڵین، ئەوا بەرەنگاربوونەوەی داعش وەك هێزێك لە دەرەوە كارێكی هێندە قورس نابێت. لەمەش مەبەست ئەوەیە ڕێگە نەدەین ژینگەی سیاسی ناتەندروست دروست بێت كە هۆكارێكە بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی، ئەمەش بە دادپەروەری كۆمەڵایەتی و نەهێشتنی هەژاری و بایەخدان بە توێژی لاوان دێتەدی، دوای ئەمانەش گرنگە ڕۆشنبیران و زانایانی ئیسلامی و لایەنە ئیسلامییەكان هەریەكەیان بەپێی توانای خۆیان ڕۆڵی كاریگەری خۆیان بگێڕن.

*** داعش لە ژێرناوی پیرۆزی ئیسلام هێرشی كردە سەر ئێزیدییەكان و وەك بینیمان بە هەزاران كچ و ژنی ئێزیدی وەك دەسكەوتی شەڕ و وەك كۆیلە و جاریە مامەڵەیان لەگەڵ كردن. ئایا وەك پسپۆڕێكی ئیسلامی چۆن سەیری ئەو پاساوانە دەكەن كە داعش بە ناوی ئایینەوە بۆ ڕەفتارەكانی دەیانهێنێتەوە؟**

- ئەوەی داعش كردی، بەتایبەتی لە مەسەلەی هێرشكردنی بۆ سەر هاووڵاتیانی كوردی ئێزیدی، ئەم ڕەفتارە دڕندانە، نە لە قورئان، نە لە فەرموودەكانی پێغەمبەر (د.خ) هیچ پاساوێكی بۆ نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە داعش بە حیسابی ئەمەی بە ناوی جیهادەوە كردووە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە لە جیهاد تێگەیشتووین و دەشتوانم بە بەڵگە بیسەلمێنم و بڵاویشم كردۆتەوە، جیهاد لە ئیسلامدا بەپێی قورئان و فەرمووده ڕاست و درووستەكان و ڕەفتارەكانی پێغەمبەر (د.خ) دژ بە كافر، یان بێ باوەڕ نییە، هەروەها جیهاد هەڵوێستێكی عەقائیدی نییە دژی خەڵكی بێ باوەڕ، یان غەیرە ئیسلام، بەڵكو جیهاد لە ڕێگەی خوا، هەڵوێستێكی ئەخلاقییە دژی زوڵم و ستەم، ئەوجا ئەو زوڵم و ستەمە ئیسلام بیكات، یان غەیرە ئیسلام، بۆیە قورئان باس لەوە دەكات جیهاد لە چ كاتێكدا فەرزكراوە، تەنانەت جیهادی قیتالیش، ئەویش ئەو كاتانەیە كە موسڵمانان ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم دەبنەوە و جیهاد بۆ بەرگری لەخۆكردن و بۆ لابردنی ئەو زوڵم و ستەمەیە لە سەر خەڵكی موسڵمان و غەیرە موسڵمانە، بۆ دابینكردنی ئارامییە بۆ ئەوەی خەڵك خواپەرستی خۆی بكات، بۆیە ئەوەی داعش كردوویەتی دژ بە هەموو شتێكە بەتایبەتی ئەو زوڵمەی بەرامبەر هاووڵاتیانی كوردی ئێزیدی لە شنگال و دەوروبەری ئەنجامیان داوە.

*** ئێستا لەسەر ئاستی زانایان و بیرمەندانی ئیسلام لەسەر ئاستی جیهان، باس لە ڕیفۆرمی ئایینی، یان دووبارە خوێندنەوەی دەقەكانی قورئان دەكرێت، هاوكات هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی تەفسیرێكی نوێ بەپێی بارودۆخی ئێستای جیهان بۆ دەقەكانی قورئان بكرێت،**

**ئایا تاچەند گرنگە بە ئەقڵی سەردەم دووبارە دەقەکانی قورئان بخوێندرێتەوەو بۆ ئێستای کۆمەڵگەکەمان تەفسیری بۆ بکرێتەوە؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە جیهانی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی ماوەی چەند سەدەیەکە جۆرێك لە راوەستان و چەقبەستن و دواکەوتوویی رووی تێکردووە، ئەو بارودۆخەی ئێستا جیهانی ئیسلامی تێدایە، ئەو بارە ناسەقامگیر و دواکەوتووییە کە دەیبینین، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو دواکەوتوویی و چەقبەستنەی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پرۆسەی ئیجتیهاد، لەبەر ئەوەی جیهان و ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئەم گۆڕانکارییانەش لە چوارچێوەی نەگۆڕەکانی شەریعەتی ئیسلامدا، پێویستیان بە فیکری نوێ و بە ئیجتیهادی نوێ و بە فیقهی نوێ هەیە، بۆیە زانایان و بیرمەندانی ئیسلام دەتوانن ئیجتیهاد بکەن و فیکری نوێ و فیقهی نوێ بەرهەم بهێنن، بەڵام ئەوەی لە ئێستا لە گوتاری ئیسلامیدا دەردەکەوێت، ئەوەیە گوتار و تێگەیشتن لە ئیسلام پشت بەو کەلەپوورە دەبەستێت کە لەمێژوودا بوونی هەیە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەو کەلەپوورە ماوەی چەند سەدەیەکە دواکەوتووە و چەقی بەستووە، ئەوا هەندێك شت لەو کەلەپوورە هەیە، لەوانەیە بۆ کاتی خۆی گونجاو بوبێت، بەڵام بۆ ئێستا گونجاو نەبێت، ئەوەی بۆتە کێشە، ئەوەیە هەموو ئەو کەلەپوورە ئیسلامییانە لە کتێبدا نووسراوەتەوە و لە بەردەستی موسڵماناندایە، موسڵمانیش بە شێوەیەکی گشتی ئەم کەلەپوورە بەوجۆرە دەخوێننەوە وەك ئەوەی هەمووی ئایین بێت و هەمووی وەك خۆی نەقڵ دەکەن، ئەمەش بەشێوەیەك لە شێوەکان جۆرێك لە تێکەڵبوون و لێتێکچوونی دروستکردووە، وەك ئەوەی پێویستە موسڵمان بە هەموویەوە مولزەم بێت، بەڵام ئێمە وەك موسڵمان بە هەموو ئەو شتانە مولزەم نین کە لەو کەلەپوورەدا هاتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەوانەیە هەندێك لەو شتانە بۆ رۆژگاری خۆی بەسوود بووبێت، بەڵام بۆ ئێستا نەگونجێت، بۆیە بە بۆچوونی من کەلەپووری ئیسلامی کە فیقهی ئیسلامی دەگرێتەوە و لەناو فیقهیشدا ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، پێویستە لەسەر زانایانی ئیسلامی جۆرێك تەتەڵەی بکەن و پێداچوونەوەی پێدا بکەن، چونکە پێویستی بەدووبارە هەڵسەنگاندنەوە هەیە، سەبارەت بەم لایەنە زۆرێك لە زانایان پێیانوایە پێویستە ئەم پرسە بەمجۆرە پۆلین بکرێت:

یەکەم: بەشێکی ئەم کەلەپوورە بۆ کاتی خۆی پێویست بووە و سوودی هەبووە و بۆ ئێستاش سوودی هەیە.

دووەم: بەشێکی دیکەی بۆ کاتی خۆی سوودی هەبووە و گونجاو بووە، بەڵام بۆ ئێستا گونجاو نییە و سوودی لێ وەرناگیرێت.

سێیەم: بەشێکی دیکەی بۆ کاتی خۆیشی باش نەبووە و بەسوود نەبووە، بەڵام هەڵەی بکەرەکانیەتی وەك مرۆڤ، بۆیە موسڵمان لەهەر پلە و پایەیەك بێت، پێش هەمووشت مرۆڤە و ئاساییشە مرۆڤ هەڵە دەکات. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت: ئەو کەلەپوورەی نووسراوەتەوە سێ بەشە، لە بەشێکدا هەڵە و گوناه و کاری بکەرەکانیشی نووسراوەتەوە، بۆیە ناکرێت ئێمە پابەند بین بە هەموویەوە و ناتوانین سوودی لێ وەربگرین، بۆیە پێویستی بە نوێکردنەوە و دووبارە هەڵسەنگاندنەوە هەیە، هەندێك لەو شتانەی کە لەگەڵ قورئان و فەرموودە نەگونجاون و بۆ ئەمڕۆ سوودیان نییە، ناکرێت وەك ئایین سەیر بکرێن، لەبەر ئەوەی، ئەوەی ئایینە بە پلەی یەکەم قورئانە، دوای ئەویش فەرموودە راست و درووستەکانی پێغەمبەرە( د.خ)، لەگەڵ هەندێك شێوازی دیکە کە بەشێوەیەکی گشتی ئیجماعی لەسەر بووە، بەڵام کێشەی موسڵمانان ئەوەیە هەر هەموو کەلەپوورەکە وەك خۆی نەقڵ دەکەن و هەمووشی وەك ئایین سەیر دەکەن. بۆیە دەبێت و گرنگە کەلەپوور و ئایین لێك جودا بکرێتەوە.

*** ئایا تیرۆریستانی داعش بۆ پاساوی تاوانەکانیان سوودیان لەم کەلەپوورە وەرگرتووە؟**

- بەڵێ، هەموو گرووپە توندڕۆکان بە شێوەیەکی نادروست سوود لەو کەلەپوورە ئیسلامییە وەردەگرن، بە شێوەیەکی ئینتقائییانە ئەو مێژووە دەخوێننەوە و ئەوەی خۆیان مەبەستیانە بۆ پاساوی کارەکانیان پەنای بۆ دەبەن. هەر بۆ نموونە کاتێك دەیانەوێت خەڵك بکوژن، دێن هەندێك تەفسیر، یان فەتوا بەکاردەهێننەوە کە لە کتێبە فیقیهیەکاندا بوونی هەیە و دەڵێن: فلان زانای ئیسلامی وای گوتووە، بەداخەوە هەندێك لە زانایانی ئیسلامیش لە وڵاتی سعودیە و لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامیش هەڵگری هەمان بیروبۆچوونن، بۆیە زۆرێك لەم بۆچوونانە بۆتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و توندڕۆیی.

*** ئەگەر لەناو مێژووی ئیسلامدا سەیری تێگەیشتنی کورد بکەین بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام، هەست دەکەین هەموو کات تێگەیشتنی کورد بۆ ئیسلام تێگەیشتنێکی ئاشتیخوازانە و پڕ لە لێبوردەیی و پێکەوەژیان بووە، ئایا تاچەند گرنگە پارێزگای لەو تێگەیشتنەی کورد بۆ ئیسلام بکرێت و لەسەر ئەو بنەمایە وەك نەتەوەیەکی موسڵمان پەرە بە کەلتووری ئایینی خۆمان بدەین؟**

**هەموو زانایانی ئیسلامی و لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی میانڕەون و حەزیان لە توندڕۆیی نییە و تەنانەت دژایەتی توندڕۆییش دەکەن**

**دانیشتووانی کوردستان و گەلی کورد بەتایبەتی خاوەنی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیین و درێژەدان بەم خەسڵەتە و پارێزگاری لێکردنی، خزمەت بە کوردستان دەکات**

- یەکێك لەخاڵە جوان و درەوشـــاوەکانی میللەتەکەمان ئەوەیـــە بە درێژایی مێژوو موســـڵمان بـــووە و رۆڵی بەرچاوی هەبـــووە لە مێژووی ئیســـلامدا و چەندین زانای گەورە و پێشەوای لێهاتووی هەبووە، تەنانەت لە سەردەمێکی نزیکیشدا هەموو سەرکردەکانمان دەرچووی مزگـــەوت و حوجرەکان و مەدرســـە ئایینییەکان بوون، لایەنێکی دیکەی جوانی کوردســـتان ئەوە بووە کە ئەم وڵاتە یەك رەنگ نەبووە، واتە یەك ئایین و یەك نەتەوە نەبـــووە، بەڵکو فرەئایین و فرەنەتەوە بووە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی دیاردەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی ببێتە خەسڵەتێکی خەڵکی کوردســـتان، بۆیە دانیشتووانی کوردستان و گەلی کورد بەتایبەتی خاوەنی کەلتووری پێکەوەژیـــان و لێبوردەیین و درێژەدان بەم خەســـڵەتە و پارێزگاری لێکردنی، خزمەت بە کوردستان دەکات و لەم سەردەمەدا لە دیاردەی توندڕۆیی دووری دەخاتەوە.

*** لەو کاتەوە کە داعش هێرشی کردۆتە سەر کوردستان، هەســـت دەکەین تێکڕای گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتـــەوەوە، هەروەها بە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاســـییەوە، هەمووی لە یەك سەنگەر شان بە شانی پێشمەرگە دژی تیرۆریستانی داعش راوەستاوەن، ئەمەش نیشـــانەی ئەوەیە کە هەتا ئێستاش کوردستان تێکەڵی ئەو بیروبۆچوونە توندڕۆییانە نەبووە. هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەی خەڵکی کوردستان و حزبە سیاسییەکان دژی تیرۆریستانی داعش چییە و تاچەند پاراستنی ئەم تەبایی و یەکڕیزی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانە گرنگە؟**

- پێش هەمووشـــت پاراستنی ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردســـتان بۆ هەر تاکێك پرســـێکی چارەنووسسازە، دەســـتکەوتێکی نەتەوەیـــی و نیشـــتمانی گەورەیە لە مێژووی نەتەوەکەماندا، پێش ئـــەم ئەزموونە هەرگیز بە درێژایی مێژوو هەلێکـــی وا بۆ کورد هەڵنەکەتووە بۆ ماوەی نزیکەی ٢٥ ســـاڵ خۆی حوکمڕانی خۆی بـــکات، خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆی بێت، لەم قۆناخەشدا خەڵکی کوردستان بە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی و سەرباری هەموو جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوانیان، هەموویان لەســـەر رێزگرتن و پاراســـتنی ئەم ئەزموونە یەکدەنگ و یەکهەڵوێســـتن، دیارە مەترسی داعشیش بۆ ســـەر ئەم ئەزموونە مەترسییەکی جددی و ترســـناك بوو، بۆیە خەڵکی کوردســـتان بە جیاوازی سیاســـی و نەتەوەیی و ئایینەوە هەر هەموویان پێکەوە بوونە پشتیوانی پێشـــمەرگە بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە بڕەوێتـــەوە، ئەمەش هەڵوێســـتێکی گرنگـــە و دەبێت بـــەردەوام بین لەســـەری بۆ ئەوەی بـــە تەواوەتی ئەم مەترســـییە بڕەوێنینـــەوە و بەرەو ئایندەیەکی گەشـــتر هەنگاو هەڵبگرین.

*** لایەنێکـــی دیکـــە کە لـــە کوردســـتان بۆتە جێی مەترسی، مەســـەلەی بوونی هەندێك بیروبۆچوونە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەمان تەفسیری داعش بۆ دەقەکانی قورئـــان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) دەکەن، ئایا بوونی ئەو جۆرە بیروبۆچوونە لە کوردستان تا چەند جێگەی مەترسییە بۆ بەرهەمهێنانی فیکری داعش لەکوردستاندا؟**

- شتێکی سەیر نییە ئەگەر لەسەر ئاستێکی سنووردار هەندێك بیروبۆچـــوون هەبن، توندڕۆیی بەرهەم بهێنن، بـــەڵام ئەوەی من بە شـــێوەیەکی گشـــتی دەیبینم و هەســـتی پێدەکەم، هەموو زانایانی ئیسلامی و لایەنە سیاسییە ئیســـلامییەکانی کوردســـتان بە شێوەیەکی گشـــتی میانـــڕەون و حەزیان لە توندڕۆیـــی نییە و تەنانەت دژایەتی توندڕۆییش دەکەن. ئێستا لە هەرێمی کوردســـتاندا لەناو چەندین کەســـایەتی و بیرمەندی ئیسلامی قەناعەتێکی وا دروست بووە، بەوەی پێویستە جۆرێك لـــە ریفۆرم و نوێکردنەوە لـــە فیکر و فیقهی ئیســـلامیدا بکرێت، ئەمە خۆی بۆ خۆی ئەگەر لێی بگەڕێن، بە ئاراســـتەیەکی دروســـتدا دەڕوات، بەڵام ئەگـــەر هەندێك دەنگـــۆی توندڕۆیـــی ئایینی، یان عەلمانی هەبێت، ئەوانە کەمن، بەڵام گرنگە بزانین کە توندڕۆیی هەر توندڕۆیی بەرهەم دەهێنێت، توندڕۆیی عەلمانـــی توندڕۆیی ئایینی بەرهـــەم دەهێنێت و بە پێچەوانەشەوە توندڕۆیی ئایینی، توندڕۆیی عەلمانی بەرهەم دەهێنێت. بۆیە گرنگە رۆشـــنبیران و ئەوانەی ئەهلی فیکرن بە شـــێوەیەکی هاوسەنگ و زانستییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرســـە بکەن، بۆ ئەوەی پاســـاوی توندڕۆیی بۆ هیچ لایەك دروست نەبێت.

*** لایەنێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، کۆبوونەوەی موسڵمانان و نوێژی هەینیی مزگەوتەکانی کوردستانە، بەداخەوە هەندێك لەو مامۆستایانەی وتاری هەینی پێشـــکەش دەکەن، بەهۆی باش تێنەگەیشتنیان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، زۆر جار وتارەکانیان دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی جۆرێـــك لە توندوتیژی، ئایا تا چەنـــد گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بە یاســـا ئەم پرسە رێکبخات و رێگە نەدات لە مینبەری مزگەوتەکانەوە توندوتیژی بەرهەم بهێنن؟**

- گرنگە ئیش لەســـەر ئەم پرســـە بکرێت، لەبەر ئەوەی مزگەوت بەشـــێکی جیانەکراوەیە لە ژیانی کۆمەڵگەی موسڵمانان و لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆیشمان، بۆیـــە گرنگە زۆر لۆژیکانە مامەڵـــە لەگەڵ مزگەوت

**کەلەپووری ئیسلامی کە فیقهی ئیسلامی دەگرێتەوە و لەناو فیقهیشدا ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، پێویستە لەسەر زانایانی ئیسلامی جۆرێک تەتەڵەی بکەن و پێداچوونەوەی پێدا بکەن**

**جیهان و ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئەم گۆڕانکارییانەش لە چوارچێوەی نەگۆڕەکانی شەریعەتی ئیسلامدا، پێویستیان بە فیکری نوێ و بە ئیجتیهادی نوێ و بە فیقهی نوێ هەیە**




بكرێت، بۆیە دەبێت وەزارەتی ئەوقاف لە ڕێگەی یەكێتی زانایانی ئیسلامی، هەروەها لایەنە سیاسییەكان كە خۆشبەختانە هەموویان میانڕەون، هەروەها بیرمەندانی ئیسلامی كار لەسەر ئەوە بكرێت ئەم پرسە ڕێكبخرێت و خەڵكانێك لەسەر مینەری مزگەوتەكان وتاری ڕۆژی هەینی بخوێننەوە كە توانایەكی باشی زانستییان هەبێت. لە ڕاستیدا گرنگە مزگەوت و دامەزراوە ئایینییەكان بە شێوەیەك لە شێوەكان حكومەت چاودێرییان بكات، بەڵام سروشتی مزگەوت و دامەزراوەی ئایینی بەو جۆرەیە بە شێوەیەك لە شێوەكان سەربەخۆ بێت و بەشێك نەبێت لە دامەزراوەكانی دەوڵەت و دەسەڵات، بۆیە ئەگەر سەربەخۆ بوونایە و لەلایەن زانایان و بیرمەندانی ئیسلامییەوە سەرپەرشتی بكرێن، ئەوا دەكرێت لە ڕێگەی ئەوانیشەوە وتاربێژەكان دیاری بكرێن و ئاڵوگۆڕیان تێدا بكرێت و ئەم مەسەلەیە چارەسەر بكرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی بۆ كوردستان جێگەی شانازییە كە بە شێوەیەكی گشتی زانایانی ئایینی ئیسلام لە سەر میانڕۆ حیساب دەكرێن.

*** هەندێك لە پسپۆڕان دەڵێن: پڕۆگرامی خوێندنی ئایینی ئیسلام لە كوردستان، پێویستی بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوە و پێداچوونەوە هەیە، لەبەر ئەوەی پڕۆگرامەكە ناتوانێت ئیسلامێكی كوردی بەرهەم بهێنێت، هەروەها بەشێكیش لە مامۆستایان كە وانەكان دەڵێنەوە، خۆیان بڕوایان بە توندڕۆیی هەیە و بە شێوازی توندڕۆیانە دەقەكان تەفسیر دەكەن، ئایا چۆن ریفۆرم لە پڕۆگرامی خوێندنی ئایینی بكەین؟**

- گرنگ ئەوەیە كێ ئەو كارە دەكات و چ لایەنێك پێی هەڵدەستێت؟ بۆ نموونە لەم ڕۆژانە بڕیارێك دەرچوو قوتابخانە ئایینییەكان كە سەربە وەزارەتی ئەوقافن بگوازرێنەوە بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، دەبینین ئەوە لای زانایانی ئیسلامی و مامۆستایانی ئەو قوتابخانانە نیگەرانی دروستكردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو بڕیارە وەك پێویست دیراسەت نەكراوە، من پێشتر سەبارەت بەم پرسە وام بیستبوو، لە وەزارەتی ئەوقاف لیژنەیەك لە زانایان و بیرمەندانی ئیسلامی پێكهێندراوە بۆ ئەوەی باس لەو مەسەلەیە بكەن، بەڵام دیارە گوێ لەو لیژنەیە نەگیراوە و بڕیارەكە دراوە. من پێموایە بەو شێوەیە ریفۆرم ناكرێت، لەبەر ئەوەی ریفۆرم لە فیقهی ئیسلامیدا دەبێت فوقەهای ئیسلامی بیكەن، نەك خەڵكی دیكە، لە كوردستان چەندین زانا و بیرمەندی گەورەی وەك (موحسین عەبدولحەمید و مستەفا زەڵمی )مان هەیە و لە هەولێریش دادەنیشن، پێویستە ئەو خەڵكانە زەمینەیان بۆ بڕەخسێندرێت و دەسەڵاتیان پێبدرێت، دەتوانن ریفۆرمیش بكەن و پرسەكەش ڕاست بكەنەوە، بۆیە دووبارەی دەكەمەوە ئەم پرسە هەستیارە و پێویستی بە خەڵكی خۆی هەیە و ناكرێت هەموو كەس كاری لەسەر بكات.

**ئەگەر ئێمە هەموو پێكەوە كار بكەین بۆ ئەوەی لە ناوەوە زەمینەی بەرهەمهێنانی فیكری داعش نەهێڵین، ئەوا بەرەنگاربوونەوەی داعش وەك هێزێك لە دەرەوە كارێكی هێندە قورس نابێت**

# زۆرینە و کەمینە



**عەبدولسەلام بنعەبدعالی**
بیرمەندی مەغریبی و
ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات

بۆ گوڵان دەینووسێت

مەرج نییە کەمینە بە ژمارە لە زۆرینە کەمتر بن، لەوانەیە پێچەوانەکەشی ڕاست دەربچێت، لەوانەشە لێرەدا ئەمە لە ڕووی ژمارە و چەندایەتی پێوەندیدار نەبێت بە کەم و زۆرەوە، ڕەنگە جومگەکانی وردەکاری ڕێژەکە بدرێتە پاڵ هێز و دەسەڵات، بەڵام هەمیشە بە پێی پێوەر لێکدەدرێتەوە، ئەو پێوەرەیە کە زۆرینەکە دیاری دەکات، کەمینەکانیشی دەخاتە دەرەوە، بە هەرحاڵ بۆ ئەم پێوەرە مێژوویەك هەیە، کە پێوەندی بەو کەلتوورەوە هەیە کە لە ئامێزیدا دەرسکێت، بەڵام ئەمڕۆ دەبێتە شتێکی گەردوونیی، وەك چەشنێك لە یەککەلتوورەیی لێ دێت کە هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان زۆرینەوە کەمینە دادەنێت، نەك کەمایەتیەکان بە شێوەی کۆ.

پێوەرەکە ئەمڕۆ وێنەی ئەو پیاوە سپیپێستە هۆشمەندە وەردەگرێت کە لە ناو دەزگاکاندا بە هەمان زمان دەپەیڤێ، سەبارەت بەم پێوەرەیە کە زۆرینە دەستنیشان دەکرێت، یان سروشتی مرۆڤایەتی دیاری دەکرێت، بەراورد بەم زۆرینەیەیە کە ڕەنگ و ڕەگەزی کەمینە جیاوازەکان دەردەکەون، کەمینەکان فڕێدەدرێنە دەرەوە: دەرەوەی سەنتەرو تەوەرەکان و دەرەوەی زمان، بەڵکو بۆ دەرەوەی نیشتمان لە هەندێ جاردا.

بەڵام ئەم (دەرەوەیە) تەنانەت گەر لە شوێن بەرجەستە بێتەوە، بە دەرەکی و سادەیی دەمێنێتەوە، چونکە پێوەندی کەمینەکان بە زۆرینەوە لە قووڵایی پێوەندی ناوەوە بە دەرەوە نییە، هێندەی ئەوەی پێوەندی کەنار یان پەراوێزە بە تەوەر یان بە سەنتەرەوە.

دەزانین کە پەراوێزو تەوەر لە ڕووی شوێنەوە دیاری ناکرێن، پەراوێز ئەوە نییە کە لە ژێرەوە بێت، یان ئەوەش نییە کە لە کەنارەکان، یان لە جەمسەرەکاندا بمێنێتەوە، پێوەندی پەراوێز بە سەنتەرەوە پێوەندی ناوخۆیی بە دەرەکیەوە نییە، پەراوێز بە دوور نییە لە سەنتەر و لێی سەربەخۆش نییە، بەڵکو هەمیشە پێوەی بەستراوەتەوە و پێوەی لکێنراوە تا ئەو ئاستەی دەتوانین پێی بڵێین هەر خودی سەنتەرەکە خۆیەتی بە لێکترازان و دوورکەوتنەوە لە خۆی، ئەو دەبێتە هۆی ڕیسوایی بۆ سەنتەر، ئاشکرابوونی لاوازییەکەی سەنتەرە، پەراوێز ئەو بزووتنەوەیەیە کە گەواهیدەرە بۆ ئەوەی کە هەر ناوخۆییەك دەرەوەش لە خۆ دەگرێت، کۆسورەکەش ئەو ڕیسواییە لە خۆدەگرێت، هێزی پەرتوبڵاوو لەرزۆکە کە لە سەنتەر دەترازێت و جێی پێ لەق دەکات و لە شوێنی خۆی ڕایدەماڵێت..

هەر چۆن پێوەندی کەمینە بە زۆرینەوە پێوەندی دەرەوە نییە بە ناوەوە، هاوکات پێوەندی گشت بە بەشەکانەوە نییە، لەبەرئەوەیە وتمان پۆلێنکردنەکە لێرەدا پێوەندی بە ژمارەو چەندایەتیەوە نییە، ڕەنگە ژمارەی ڕەشپێست زۆر زیاتر بن لە ژمارەی سپیپێستەکان، لەوانەیە دانیشتووانی کەنارەکان زیاتر بن لە دانیشتووانی سەنتەرەکان، ڕەنگە ژمارەی ئافرەتان لە ژمارەی نێرەکان زیاترن، ڕەنگە منداڵان ژمارەیان زیاتر بێت لە پێگەیشتووان، بەڵام زۆرینە هەمیشە بۆ ئەوەیان دەمێنێتەوە سیمپڵەکە دەسەلمێنێ..

زۆرینە ئەوەیان نییە کە نموونەکە بسەپێنێ، یان خۆی بچەسپێنێ، بەڵکو بە تەواوەتی خۆی بەسەردا دەسەپێنێ و خۆی بەسەردا دەکێشێت، سیمپڵ خەسڵەتێکی بەهایی و زەمەنی و لۆژیکی بەسەر پرۆسەی پۆلینکردنەوە هەیە، ئەوە؛ کە دادەمەزرێنێت، ئەوە؛ کە سنوورو ئاست هەڵدەسەنگێنێ.

بەڵام بزووتنەوەکەی چۆن دەبێت و لە کوێدا بوونی دەردەکەوێت، لە کوێدا وەرچەرخان دەردەکەوێت، ئەمە بە سروشتی حاڵ لەسەر ئاستی سیمپڵەکە نییە، چونکە سیمپڵەکە نموونەیە، پێوەرێکە شتەکانی پێ دەپێورێت، بە دەلالەتەکانیەوە پلەکانی پۆلێن دەکات، سەنتەرێکە پەراوێزەکانی پێوە دەلکێنرێت، وەرچەرخان لەسەر ئاستێکی زۆرینەیی نییە، چونکە ئەمە کاتێك لەو بڕوایەدا دەبێت کە سیمپڵ بەرجەستە بکات، ئەوەی مەبەستێتی نایبینێت، بەڵکو وەك دۆڵۆز پێی دەڵێت لەگەڵی ناگونجێت.

ئەگەر زۆرینە «ناگونجێتە» ئەوە بەردەوامبوون هەر بۆ کەمینەکان دەمێنێتەوە، چونکە کەمینە پەراوێزە، کەواتە فەزای بزاوت و وەرچەرخانە، بواری ئاگامەندی داواکراوە، فەزای بەردەوامێتیە. ئەگەر زۆرینە ناگونجێ بێت، بەو پێیەی ناگاتە وەدیهێنانی سیمپڵ، مادام هەمان سیمپڵ خۆی بێت، ئەو کاتە کەمایەتیەکان هەوڵ بۆ وەرچەرخان دەدەن بەڵام بۆ ئەوە نا کە ببنە خودی سەنتەرەکە، بەڵکو بۆ ئەوەی سەنترالیزمی نەهێڵن، هەوڵ دەدەن بۆ ڕیسوا کردنی بنەماکانی ئەو پێوەرەی وەك سیمپڵ دەکارێت، هەوڵیش نادەن ببنە جەمسەرەکەی تری دوالیزم، نێرایەتیە هەوڵ نادات ببێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ مێیایەتی، یان سپیپێست ببێتە ڕەشپێست و ئاغا ببێتە کۆیلە..

ئەمە لە ناوچەوانی هەموو ئەوانە دەدرێت کە بە دەنگی کەمینەکان هاوار دەکەن، ئەمەش بە ئامانجی تێکوپێکدانێکی پێوەرئاسایە کە جیهان بە پێی دوالیزمەکان دابەش دەکاتەوە و خۆی دەخاتە لایەنی پۆزەتیڤەوە تا هەموو ئەوانی تر بهاوێتە ناو نێگەتیڤەوە.

# دەستووری نیشتمانی نەک ئیسلامی یان عەلمانی



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

لەگەڵ گەیشتنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ شاری (مەدینە)، زۆر کاری خێرای ئەنجامدا، یەکێك لەو کارانە کۆکردنەوەی خەڵکی شار و نوێنەرانیان و نووسینەوەی دەستووری مەدینە بوو، چونکە دەستوور:

١. ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیانە، واتە وەك چۆن یاساکان پەیوەندیی نێوان تاکەکان ڕێکدەخات، ئاواش دەستوور وەك دایکی یاساکان پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان ڕێکدەخات.

٢. گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەی نێوان هەموانە، چونکە ناکرێت هیچ کەس و لایەنێك تەنها بۆچوون و جیهانبینییەکانی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا فەرز بکات.

٣. شتێك لە هەموو شتەکانی هەر لایەنێکی تێدایە، نەك هەموو شتەکانی هەر لایەنێك.

٤. بازنەیەکە بۆ کۆکردنەوەی گشت، واتە لە پاڵ پاراستنی ناسنامە لاوەکییەکانی هەر توێژ و چینێکدا، دەستوور جەخت لە ناسنامە گەورەکەی هەموان دەکاتەوە کە نیشتمانە.

٥. خولگەیەکە بۆ جووڵەی ئاسایی و یاسایی هەموان، هەر وەك یاساکانی هاتوچۆ هۆکاری پاراستن و ڕێکخستنی جووڵە جیاواز و ئاراستە جیاکانی سەر شەقامن، دەستووریش ئاوا هۆکاری پاراستنی ئاسایشی نێو نیشتمانە بە ڕێگرتن لە پێکدادانی پێکهاتە جیاوازەکان.

٦. چوارچێوەیەکی هاوبەشە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش، لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەوە چوارچێوە هاوبەشەکانن کە بەرژەوەندیی هاوبەش دروست دەکەن.

٧. بازنەیەکە بۆ ئینتیما بۆ یەك نیشتمان، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی تەواوی بازنە بچووکەکان لە بازنەی گەورەی نیشتماندا.

٨. زەمینەی پێکەوەژیانی لەیەکچووەکان و پێکەوە هەڵکردنی جیاوازەکانە، چونکە پێکەوەژیان تەنها سازانی نێوان لەیەکچووەکان نییە، بەڵکو پێکەوە هەڵکردنی نێوان جیاوازەکانیشە.

٩. دایکی گشتی ئەو یاسا و ڕێسایانەیە کە دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەودا دەردەچن، لەبەر ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات، یاساکان پێویستییان بە هەموارکردنەوە دەبێت، بۆیە لەو هەموارکردنەوانەدا پێویستە پشت بە ستانداردێك ببەسترێت کە ئەویش دەستوورە.

١٠. ئاوێنەی دەرخستنی ئەرکەکان و دیارکردنی مافەکانە، چونکە زانینی هاووڵاتیان بۆ ماف و ئەرکەکانیان هەنگاوی یەکەمە بۆ پارێزگاریکردنی مرۆڤ لە مافە تاکەکەسییەکانی و بۆ پاراستنی مافە گشتییەکانی لە هەر پێشێلکردن و دەستدرێژییەك و بۆ ڕێزگرتن لەبەرامبەر و دانان بە مافەکانی و بۆ قەبووڵکردنی جیاوازییەکان و بۆ کارکردن بە بنەمای سازان و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە.

# هاوپەیمانێتییە دژەکان و دەرهاویشتەی لەسەر هەرێمی کوردستان



سۆلاڤ کاکەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە

پێویستە سەبارەت بە ڕۆڵی کورد، یان پێگەکەی لە ژێر سایەی لێکنزیکبوونەوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، هەروەها لە ساتەوەختانی ئەو هاوپەیمانێتییانەی لە ماوەکانی پێشوودا ئەنجامدراون، پرسیارگەلێ بکەین، بەتایبەت لە ئێستادا کە تەنانەت لە نێوان هاودژەکانیشدا شێوازێك لە لێکنزیکبوونەوەی کتوپڕانە هاتونەتە ئاراوە، بەتایبەتیش لێکنزیکبوونەوەکانی نێوان هەردوو زلهێزی ناوچەکە کە ئێران و تورکیایە، ئەویش لە پاش سەردانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ ئێران و پێشوازیلێکردنی، سەرەڕای ناڕازیبوونی هەندێك لە سەرانی ئێران لەسەر خودی سەردانەکە؛ نەك لەسەر ئەوەی چی لە هەگبەی ئەو سەردانە دەکەوێتەوە، وێڕای هەموو ئەمانەش بە یەکگەیشتن و یەکتربینینەکەی نێوانیان هەر وەدیهات و پێکەوە بازێکیان دا بە سەر ئەو هەموو ململانێ مێژوویی و ناکۆکییە مەزهەبی و چاوتێبڕینە شەخسییانەی نێوانیان.

سەرەڕای ئەو هەموو ئاگادارکردنەوانەی تورکیا بۆ ئێران سەبارەت دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی عێراق و لوبنان و سووریا و بەحرەین، ئەویش بە هەنجەتی پارێزگاریکردن لە شیعەکانی ناو ئەو وڵاتانە، هاوشێوەش سەبارەت بە ئێران هەمیشە ڕێگری کردووە لە دەستێوەردانەکانی تورکیا و داکۆکیکردنی تورك لەو ئازەرییانەی بە زاری تورکی دەئاخافن، یان دەستێوەردانەکانی تورکیا لە کاروباری وڵاتانی تری ناوچەکە بە هەنجەتی وابەستەیی ئەو وڵاتانە بە مەزهەبی سوننەوە.

ئایا سەرقاڵبوونی هەرێمی کوردستان بە گرفتە ناوخۆییەکانیی خۆیی و قەیرانە دارایی و ئابوورییەکەی و بەرەنگاربوونەوەی دژ بە داعش بۆ پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی خۆی، هەموو ئەمانە بە دووری دەگرن لەو پەرەسەندنە هەرێمایەتییانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن، کە بێگومان گۆڕانکارییەکان لێکەوتەی ڕاستەوخۆی لە داهاتوودا بۆ سەر هەرێم دەبێت؟

لەو بادانەوەیەی ئێرانەوە دەستپێدەکەین، کاتێك لە سەرەتاوە بە گفتولفتی زبرەوە هەڵوێستی دەربارەی قەیرانی یەمەن دەردەبڕی، بەهۆی پاڵپشتی کردنی لە حوسییەکانی ئەو وڵاتە، هەروەها دژایەتیکردنی ئەو هێرشانەی سعودیە و هاوپەیمانەکانی دەیانکردە سەر یەمەن، بەڵام دواتر ئێران لە زمانی هەڕەشەوە بایدایەوە بۆ خاوکردنەوە و نەرمی نواندن و هەڵوێستی دیپلۆماسییانە، کاتێ کەوتە پشی پشی بۆ باسکردنی ڕێگەچارەیەك و دۆزینەوەی ڕێگەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەری قەیرانەکە، ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵوێستەکانی ئێراندا نەبوو، تا ئەو کاتەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی ئێرانی نەکرد.

ئاخۆ ئەو شتانە چین کە ئێرانیان سنووردار کرد و لە هەڕەشەلێکردنەوە هەڵوێستیان پێ گۆڕی بۆ مانۆڕکردن، هیچ بەڵگەیەك لە ئارادا نییە لەسەر لاوازبوونی ئێران، بەڵکو لێرەدا پرسیارگەلێك زەق دەبنەوە، لەسەر شێوازی ئەو ڕێککەوتنانەی لە میانەی (چاوپێکەوتنی مێژوویی نێوان هاودژەکان)ی ئەمدواییە پێیگەیشتوون.

چ شتێك عەبادی سەرۆکی حکومەتی عێراقی پاڵپێوەناوە، تا ڕوو لە ئەمریکا بکات، یان بە مەبەستی دژایەتی داعشەوە داوای پڕچەککردنی سوپای عێراق بکات، ئایا هۆکارەکە پڕچەککردنە، یان سووربوونە لەسەر ئەم بابەتە؟ ئایا پڕچەککردن هیچ بە پێویست نەدەزاندرا، تا ئەو کاتەی داعش بە سەر (ڕومادی و تکریت)دا نەکەوت؟ وا دێتە بەرچاو ئەو هەموو ساتانەی پێشتری جەنگی

دژ بە تیرۆر و دژ بە داعش بەسەر خاکی کوردەوە و لە لایەن پێشمەرگەوە ئەو هەموو بەرەنگاربوونەوەیە کە دەکرا، بەو شێوەیە مەترسیدار نەبوویێت و پرچەککردنی پێویست نەبوویێت! یان ئەوە ترس و تۆقینە لە ڕاستیدا زیاتر لە مەترسییەکانی سعودیەیە پاش ئەوەی سعودیە جڵەوی کاروباری ناوچەکەی وەرگرتەوە و هێندەش گەشبینە بە توانای سەربازییانەی خۆی تا ئەو ڕادەیەی سعودیە ڕایدەگەیەنێ کە لەناوبردنی داعش لە سووریا وێستگەی داهاتوویەتی.

ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە بەلای هەر چاودێرێکی ئاساییەوە هەڵێنجانی ئەو ڕاستییەیە کە هەر لایەنێك بتوانێت جەنگی دژ بە داعش یەکلایی بکاتەوە، ئەو لایەنە دەبێتە دەسپێشخەر بۆ سەرکردایەتیکردن و جڵەوگرتنی کاروباری ناوچەکەی لە چنگ دەخرێت.

هەروەها ڕاکێشانی سەرنجی هەموان بۆ ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵا (حەسەن نەسرولڵا) و ئەو شەڕە دەنوکەی لە میانەی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنییەوە کاتێك ئیدانەی هێرشەکانی سعودیەی دەکرد بۆ سەر حوسییەکانی یەمەن و دەرچوونی لەو شێوازە دیپلۆماسییەتە باوەی هەیەتی بۆ هەڕەشەلێکردن و بەڵێندانی بە وەڵامدانەوەی یەکلاکەرەوە، بە شێوەیەك وەك ئەوەی کاری داکۆکیکردن و بەرگریکردنی لە لایەن ئێرانەوە پێراسپێردرابێت.

زمانحاڵی تورکیا و ئێران سەرزارەکییانە بە یەکتری دەڵێن: «با واز لە وڵاتانی عەرەبی بهێنین، خۆیان گرفتەکانی ناوماڵی خۆیان یەکلا بکەنەوە».

بەم شێوەیە جەنگی بە وەکالەت ئێستا لە ناوچەکەدا باویەتی، حزبوڵڵا بە نوێنەرایەتیی ئێران بەرگری لە شیعەکان دەکات و سعودیەش بە نوێنەرایەتی تورکیا بەرگری لە سوننەکانی جیهانی عەرەبی دەکات.

بەڵام سووریا و ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد شتێکە باوی نەماوە و کەوتۆتە ڕابردوو، بە شێوەیەك دەتواندرێت بوترێت زەحمەت بووە، ئەگەر نەڵێین مەحاڵیش بووە کە ڕژێمی بەعسی عەلەوی ئەسەدی بکەوێت، چونکە ئەو دۆسێیانەی ئاراستەی ڕووداوەکان وەردەچەرخێنن، (دۆسیەی ئەتۆمی ئێران و دۆسیەی داعش و دۆسیەی حوسییەکان و دۆسیەی قاعیدەو ئەفغانستان) هێندە زۆر و زەبەند بوون و بە شێوەیەکی پۆزەتیف و نێگەتیڤانە کار لە یەکتر دەکەن.

ئەی سەبارەت بە کورد و هەرێمی کوردستان لەم ناوەندەدا چ باسە؟ ئەم هەرێمە تەنیا کیانێکە کە ڕەوایەتی نێودەوڵەتی و دانپیانراوی فەرمیی لە ناوچەکەدا هەیە، بە دەم و دەست خۆی هێشتۆتەوە لە ناو ئەو هەموو پەرەسەندنە خێرایانە و گۆڕانکارییە گەرم و گوڕ و قورسانەی لە جیهاندا بە خێرایی دروست دەبن.

هەرێمی کوردستان بووەتە نوێنەری ڕاستەقینەی کورد لە ناوچەکەدا، لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە ئەوەتا کورد لە ئێران لە ژێر چارشێوی ستەم و چەوساندنەوەی بەردەوامدان، هەروەها کورد لە تورکیا زۆربەی مافەکانیان فەوتێنراوە، جارێك فشاریان بۆ دێنن چەك فڕێ بدەن و جارێك ناچار دەبن بگەڕێنەوە بۆ شەڕکردن، جارێك هاوبەشییان پێدەکرێت و جارێك دادەبڕێندرێن لە هاوبەشایەتی، کوردیش لە سووریا پەرتەوازەن، لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و فیزیاوییەوە شێواون، ئەویش بە هۆی جیاوازیی زۆری ئاراستە سیاسییەکانیان و هەڵوێستیان لە هەمبەر ڕژێمی سووریا کە کەوتوونەتە نێوان دوو بەرەوە، بەرەیەکی پاڵپشت بۆ ئەو ڕژێمە و بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن دژ بەو ڕژێمە، لە ڕووی فیزیاویشەوە زۆربەی زۆری دانیشتووانی کوردی سووریا پەرت و بڵاو بوونەتەوە بە سەر وڵاتانی تردا و وەك ئاوارە ژیان دەگوزەرێنن، وەك گەلێکی سەرهەڵگرتوویان بەسەر هاتووە، کە کەس ئامادە نییە گوێیان بۆ ڕادێرێت و وەڵامی داخوازییەکانیان بداتەوە.

ئەگەر بارودۆخی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی پێشتر ڕژابێتە ناو ئەستێڵکی قازانجی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام ئێستا ئیشکالیەتێکی گەورە لە ئارادایە، ئەویش دەستنیشانکردنی سیمای ڕۆڵی کوردە لە سایەی ئەم هاوکێشە (عەرەبی ـ تورکی ـ فارسی) یەدا لەم خۆرهەڵاتەی کە بووەتە ناوەندێك بۆ ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبی نێوان ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، کە هەریەکەیان بە هەنجەتی مەزهەبگەراییەوە، هەوڵ بۆ هەژموونکردنە سەر خاك و گەلانی ئەویتریان دەدات.

لە کاتێکدا ململانێی نێوان ئەو وڵاتانە نێوانیان ڕووپۆشکراوە بە مەزهەبگەرایی و ڕاستییەکەشی وا نییە، چونکە ململانێیەکی نەتەوەییانەی ڕووتە، هەر نەتەوەیەك مەبەستێتی باڵ بکێشێت بە سەر زۆرترین ڕووبەری ئەویتردا، سعودیە بە ناوی ئیسلام، سووریای عروبەیی بە ناوی دژایەتی ئیسرائیلەوە، ئێرانی فارسی بە ناوی شیعەگەری، تورکیای تۆرانی بە ناوی سوننەوە، ئەی لێرەدا پێگەی کورد لە ناو ئەم هەموو هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتنە یەکتربڕ و هێنان و بردنانەدا کامەتا؟ ئایا بکەرێکی دیالۆگسازە، یان لە پەراوێزدا هەڵوێستێکی تەماشاچی دەبێ و لە چاوەڕوانی ئەوەی کە کاروبارەکان بە کوێ دەگەن، وەك ئەوەی هەموو ڕووداوەکان کە ڕوودەدەن پێوەندییان بەمانەوە نەبێت.

**جەنگی بە وەکالەت ئێستا لە ناوچەکەدا باویەتی، حزبوڵڵا بە نوێنەرایەتیی ئێران بەرگری لە شیعەکان دەکات و سعودیەش بە نوێنەرایەتی تورکیا بەرگری لە سوننەکانی جیهانی عەرەبی دەکات**

**هەر لایەنێک بتوانێت جەنگی دژ بە داعش یەکلایی بکاتەوە، ئەو لایەنە دەبێتە دەسپێشخەر بۆ سەرکردایەتیکردن و جڵەوگرتنی کاروباری ناوچەکەی لە چنگ دەخرێت**


$ 10 000

## سیاسەتی نارۆشنی بانکی ناوەندی عێراقی

# بەهای دینار و ئابووری وڵاتی بەرەو دارمان بردووە

بوونی بانك و سیاسەتە نەختینەییەکان لە هەر وڵاتێکدا بە بنەمایەکی سەرەکی بۆ بونیادنانی ئابووری و بەهێزبوونی بەهای دراوەکەی دادەنرێت، بەپێچەوانەشەوە دواکەوتوویی دەزگای بانکی و سیاسەتی هەڵەی دارایی و نەختینەیی ناجێگیربوونی بەهای پارەو دراوی لێدەکەوێتەوە. هەروەکو چۆن سیاسەتە نازانستییەکانی بانکی ناوەندی عێراق وایکردووە بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دراوە بیانییەکان بەتایبەتی بەرامبەر نرخی دۆلاری ئەمریکی روو لەداشکان بکات و پرۆسەی پارەدانان لە بانکەکان زۆر رووی لە کزی کرد. تەنانەت هەرێمی کوردستان خاوەنی نوێنەری راستەقینە نین لە ئەنجومەنی بانکی ناوەندی و لە زۆر بەرنامە و راسپاردەی دارایی و نەختینەیی کە لە بانکەکەوە دەردەچێت، ئاگادار نییە. بانکی ناوەندی عێراقی کە رۆژانە لە پرۆسەی فرۆشتنی دۆلاری ئەمریکی سەدان ملیۆن دینار بە هەدەر دەدات، کەچی نەیتوانی نرخی ئاڵوگۆڕی دیناری عێراقی بەرامبەر دراوە بیانییەکان بەتایبەتی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی راگرێت، چونکە بەهای راستەقینەی هەموو پارەیەك لە هێزە یاسایی و ئابوورییەکەی وڵاتەکەدایە کە وادەکات یەدەگی دراوی بیانی و سەبیکە زێڕی زۆری وەکو پاڵپشتییەك بۆ بەهای دراوەکەی هەبێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە راوبۆچوونی بەڕێوەبەری گشتی بانکی ناوەندی لقی هەولێر و شارەزایەکی بانکیمان وەرگرتووە کە لە دووتوێی ئەم راپۆرتە دەیخەینەڕوو.



ئەدهەم کەریم دەروێش

بەڕێوەبەری گشتی لقی بانکی ناوەندی لە هەولێر بۆ گوڵان :

# نرخی دینار بەرامبەر دۆلار لەسەر بنەمای ئەو بڕە دۆلارەیە کە ڕۆژانە بانکی ناوەندی عێراق بە نرخێکی دیاریکراو دەیفرۆشێت



**پرسی سیاسەتی دارایی و نەختینەیی بانکی ناوەندی لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتی دارایی و پاراستنی بەهای دیناری عێراقی بە یەکێك لەو خاڵە گرنگانە دادەنرێت کە ڕۆڵی لە پاراستنی سەقامگیری دراو هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم لایەنە، ئەدهەم کەریم دەروێش بەڕێوەبەری گشتی لقی بانکی ناوەندی لە هەولێر بەم جۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

«هەرێمی کوردستان خاوەنی دوو لقی بانکی ناوەندییە لە هەولێر و سلێمانی کە سەرچاوەی کۆکردنەوەی سەرجەم داهاتەکانن، ئەمە جگە لەوەی سەرپەرشتی ٨٨ بانکی حکوومی و ٨٤ بانکی ئەهلی و چەندین بانکی پسپۆڕایەتی لە کشتوکاڵ و عەقاری و پیشەسازی دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٩١ لە تەواوی هەرێمی کوردستان تەنیا **٢٣** بانك هەبوو، لەم قەیرانەشدا بانکە ئەهلییەکان سەرەڕای خراپبوونی بارودۆخەکە و کەمبوونەوەی داهات و قازانجەکان، بەڵام لە کاروچالاکییان بەردەوامن و هیچ بانکێك دووچاری ئیفلاسبوون نەبووەتەوە، بەپێچەوانەوە لە مامەڵەکانیان بەردەوامن و تەنانەت پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ بانکە نێودەوڵەتییەکانیش هەیە. لقی بانکی ناوەندی لە هەولێر و سلێمانی نوێنەریان لە ئەنجومەنی ئیداریی بانکی ناوەندی عێراق هەیە، بەڵام نوێنەری بەردەوامان نییە و ئاگاداری سیاسەت و کار و چالاکی ئەو بانکە نین، ئەو ڕێنماییانەی دەردەچن، یان ئەو بڕیار و شێوازی کارکردنەی ڕۆژانە پەیڕەو دەکرێن، دوای دەرچوونی ڕێنماییەکان ئاگادارین، پاساوی بانکی ناوەندی بەغدا بۆ نەبوونی نوێنەری کوردستانی لەناو بانکەکە ئەوەیە

که ئەو دوو لقەی بانکی ناوەندی لە هەولێر و سلێمانی نەگەڕاوەتەوە سەر بانکەکەیان، ئەمەش پێویستی بە دان و ستاندن و ڕێککەوتن هەیە، تاوەکو میکانیزمی کارکردن و بەشی کوردستان لەناو بانکی ناوەندی بەغدا زامن بکەین. بەهێزی بەهای دیناری عێراقی لەسەر بنەمای فرۆشتنی دۆلار بوو لەلایەن بانکی ناوەندی عێراقەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر بانکی ناوەندی ڕۆژانە دۆلار نەفرۆشێت، ڕاستەوخۆ بەهای دۆلار بەرامبەر دیناری عێراقی ڕوو لە هەڵکشان دەکات، واتا بەهای دیناری عێراقی و ڕاگرتنی سەقامگیریی بەهاکەی بەرامبەر دۆلار لە سەر بنەمایەکی نازانستی بووە، ئەویش فرۆشتنی دۆلارە بە نرخێکی کەمتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی، نەك لەسەر سیاسەتی دەوڵەت و بەهێزیی ئابووری دەوڵەتی عێراق، بەرزبوونەوەی بەهای دۆلاریش بەرامبەر دیناری عێراقی کە لەم ماوەیەی ڕابردوودا ڕوویاندا، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بانکی ناوەندی بڕە دۆلارێکی کەمتری ڕۆژانە دەخستە ناو بازاڕەوە. ڕاستە داشکانی جیهانی نرخی نەوت و شەڕی داعش و ئاوارەبوونی سێ ملیۆن عێراقی شوێنەواری لەسەر بودجەی عێراق و ئابوورییەکەی داناوە، بەڵام داشکانی ئەم دواییەی نرخی دیناری عێراقی بۆ کەمبوونەوەی ئەو بڕە دۆلارە دەگەڕێتەوە کە بە نرخێکی دیاریکراو ڕۆژانە بانکی ناوەندی عێراق دەیفرۆشێت، لەکاتێکدا وا پێویست بوو، سیاسەتێکی نەختینەییتر هەبێت کە لەسەر بنەمای بەهێزیی ئابووری و هەناردەکان بەهای دینار بەرز بکرێتەوە، ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە هەریەك لە وڵاتانی تورکیا و ئێران و لوبنان و تەواوی وڵاتانی تری دنیا بەهای دراوەکەیان ڕاگرتووە. بە شێوەیەکی گشتی خراپی باری ئابووری و پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵەی ئابووری وایکردووە بەهای دینار لاواز بێت، لەبری ئەوەی کار بکرێت بۆ چارەسەرکردنی هۆکارە ڕاستەقینەکانی داشکانی نرخی دینار، بانکی ناوەندی عێراق هاتووە لە ڕێگەی فرۆشتنی دۆلار نرخی دیناری چەسپاندووە، هەر ئەمەشە وایکردووە لە ناوچەکانی باشووری عێراق ئاودیوکردنی دۆلاری ئەمریکی بۆ ئێران زۆر بێت، چونکە ئەو وڵاتە گەمارۆی ئابووری لەسەرە و زۆر پێویستیان بە دۆلاری ئەمریکی هەیە.»

سەبارەت بە کار و چالاکی بانکەکانی کوردستانیش، بەڕێوەبەری لقی بانکی ناوەندی هەولێر گوتی: «بوونی ئەو ژمارە زۆرەی بانك لە کوردستان نیشانەیەکی ڕوون و بەرچاوە بۆ دەستپێکردنەوەی چالاکی بانکی و پێشخستن و پەرەپێدانی بازرگانی و ئابووری، تاکو ساڵی ٢٠١٣ وردەوردە بانکەکان ڕوویان لە پێشکەوتنێکی باش کردبوو، ئەمەش دوای ئەوەی جموجوڵی بازرگانی و ئابووری لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێم ڕووی لە بووژانەوە کردو قەرزی بانکی و سلفەی عەقاری و کشتوکاڵی و پیشەسازی دەدرا و ئەمە جگە لە چەندین کار و چالاکی تری بانکی، بەڵام لە مانگی ١ی ساڵی ٢٠١٤ کاتێك بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی بڕی و گەمارۆی ئابووری خستەوە سەر هەرێمی کوردستان و بە ئاشکرا دژایەتی بەرامبەر خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند، ئێستاش ناردنی بچڕ بچڕ و ڕێژەیەکی کەمی بەشە بودجەی کوردستان واتا نەناردنی پارە بۆ کوردستان ئەمەش گەمارۆیەکی نەختینەییە کە حکومەتی بەغدا بەرامبەر کوردستان و گەلەکەی سەپاندی، بەمشێوەیە ئەو پارە کاشەی کە هەیە کە لە بەشە بودجە و داهاتەکانی حکومەتەوە سەرچاوەی گرتووە، ڕووی لەکەمبوونەوە کرد، بانکەکانیش چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد ئەو گەمارۆیە دارایی و نەختینەییەی بەغدا لەسەر کوردستان وا درێژە بکێشێت و بەردەوام بێت، گەمارۆیەکە تا ئێستاش بە شێوازی جیاجیا بەردەوامی هەیە. تەنانەت سستبوونی جموجۆڵی بازرگانیشی لێکەوتەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی داهاتەکانی حکومەتیش کەمی کرد. ئەمانە هەمووی وایانکردووە مامەڵەکردنی بانکەکان کەم بێتەوە. بەمجۆرە بانکیش وەکو هەموو دەزگایەکی تری دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان دووچاری سستبوونی کار و چالاکی و کەمبوونەوەی مامەڵەکردن بوو. تەنانەت لقەکانی بانکی ناوەندی لە هەولێر و سلێمانی ناتوانن سەرچاوەی یەدەگی دراو هەڵبگرن، چونکە هەر داهاتێك بێتە ئەم لقانەی بانکی ناوەندی، دەبێت بە بەغدا بڵێین و لە بودجەمان دەبڕێت، ئەو بودجەیەی دەهاتە کوردستان مانگانە بوو کە بۆ مووچە و وەبەرهێنان و بوارەکانی خزمەتگوزاری تەرخان دەکرا. دەربازبوون لە شوێنەوارەکانی هەڵکشانی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر دیناری عێراقی کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی کە جۆرە دڵەڕاوکێ و نامتمانەییەکی لەلای هاووڵاتیان و بیزنسکار و بازرگانان لێکەوتۆتەوە و ترسی زیاتر داشکانی بەهای دینار لەئارادایە، بەڵام من هەرگیز پێشبینی بەردەوامبوونی داشکانی نرخی دینار و هەڵکشانی نرخی دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر دیناری عێراقی ناکەم، چونکە هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، نرخەکە لە سەر بنەمای پرۆسەی فرۆشتنی دۆلاری ئەمریکییە بە نرخێکی دیاریکراو کە بە تەئکید ڕێوشوێنی دیکە دەگرێتەبەر بۆ ڕاگرتنی هەڵکشانەکەی نرخی گۆڕینەوەی دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر دیناری عێراقی.»

**داشکانی جیهانی نرخی نەوت و شەڕی داعش و ئاوارەبوونی سێ ملیۆن عێراقی شوێنەواری لەسەر بودجەی عێراق و ئابوورییەکەی داناوە، بەڵام داشکانی ئەم دواییەی نرخی دیناری عێراقی بۆ کەمبوونەوەی ئەو بڕە دۆلارە دەگەڕێتەوە کە بە نرخێکی دیاریکراو ڕۆژانە بانکی ناوەندی عێراق دەیفرۆشێت**

**لەبری ئەوەی کار بکرێت بۆ چارەسەرکردنی هۆکارە ڕاستەقینەکانی داشکانی نرخی دینار، بانکی ناوەندی عێراق هاتووە لە ڕێگەی فرۆشتنی دۆلار نرخی دیناری چەسپاندووە**

**پێشبینی بەردەوامبوونی داشکانی نرخی دینار و هەڵکشانی نرخی دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر دیناری عێراقی ناکەم**



## دکتۆر جەودەت جەعفەر خەتاب
پسپۆڕی یاریدەدەر و شارەزا لە بواری بانک بۆ گوڵان:

# ژێرخانی ئابووری و کارکردن لە بانکەکان لاوازە هەر بۆیە نەتوانراوە سووڕانەوەی پارە خێراتر بکرێت

**سەبارەت بە رۆڵی بانکەکان بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی ئەو سیاسەتە چەوت و پاوانخوازییە نەختینەییەی بەغدا پەیڕەوی دەکات، کە کاریگەری توندی لەسەر بەهای دیناری عێراقی و تەنانەت لاوازبوونی بانکەکان هەیە، دکتۆر جەودەت جەعفەر خەتاب پسپۆڕی یاریدەدەر و شارەزا لە بواری بانک بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

«یەکەمینجار نییە گرفت و قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان روو دەدات. لە ساڵی ١٩٩١ لە دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی بەغدا بە دەزگای بانکیشەوە لە هەرێمی کوردستان ئەو بۆشاییە کارگێڕی و نەختینەییە سەریهەڵدا.

ئەوە بوو بەهیچ شێوەیەك بەغدا مامەڵەی لە سەرجەم ئاستەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەدەکرد، ئەو کاتە وەزارەتی دارایی بۆ رووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە پرسی بە شارەزایانی بانکی و نەختینەیی کرد بۆ رێکخستنەوە و دووبارە دارشتنەوەی سیاسەتەکان بە رەچاوکردنی دۆخەکە. ئەوە بوو بانکی ناوەندی کوردستان بە هەیکەلێکی نوێ دامەزرا، کە جگە لە کاروبارە دارایی و نەختینەییەکان چەندین بواری دیکەی وەکو چاودێری و بەدواداچوونی بۆ سەر کاروباری بانکەکان لە ئەستۆ گرت، بەڵام ئەرکی چاپکردنی دراوی نەدەکرد، واتە ئەو بانکە دوو ئەرکی سەرەکی نەدەکرد، ئەویش کۆنترۆڵکردنی پارە لە رێگەی چارەسەری سیاسەتی نەختینەییەوە، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوە. واتا بەرپرسیارە لە سیاسەتی دارایی و نەختینەیی حکومەت و چارەسەرکردنی گرفتی خستنەڕووی پارە و راگرتنی نرخەکەی. کەواتە لەم ئەزموونەوە بۆمان دەردەکەوێت هەر نەتەوەیەك بیەوێت لە پاشکەوتەیی دەربازی بێت، دەبێت هەنگاوی بوێر بنێت، ئەو کات وەکو ئەمری واقیع ئەو هەنگاوە دەچەسپێت و لە دان و ستاندن و رێککەوتنەکانیش سوودی دەبێت. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکەین کە هۆکاری بێ بەهابوونی نرخی دینار، یاخود ناسەقامگیری نرخەکەی، بۆ بانکی ناوەندی عێراق ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ کەموکوڕی ئابووریی عێراق دەگەڕێتەوە کە شوێنەواری لەسەر هەموو بوار و کەرتەکان هەیە، لەسەرووشیانەوە کەرتی دارایی و نەختینەیی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە کەرتی بانکی پشتگوێ بخەین. هەمووشمان دەزانین بیرۆکراتیەت و ئاستەنگە ئیدارییەکان چەندە زۆرە لە ناو دامەزراوە حکومییەکان لە کاتێکدا فەرمانبەرانی زیادە لە کەرتی بانکی حکومی هەیە، بەپێچەوانەی بانکی ئەهلی کە چوار پێنج فەرمانبەر هەموو ئەرکەکە جێبەجێ دەکەن. هەروەها بانکەکانمان کەموکورتییان هەیە لە بواری فەرمانبەرانی لێهاتووی شارەزا، واتا دەرامەتی مرۆیی لە ئاست پێشکەوتنەکانی سەردەمدا لاوازە، ئەم سێ هۆکارە بوونەتە هۆی لاوازبوونی توانای بانکی کە لە هەژمارکردنی قازانج و زیان بەشێکی زۆر بۆ خەرجییەکانی مووچەی فەرمانبەران و پاداشت دەچێت. لایەنێکی تری کەموکورتیی کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە لاوازیی ئاسانکاری و شارەزایی بانکی کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی مامەڵەکارانی بانکی و هەروەها لە غیابی تویژینەوەی کەڵکی ئابووری بۆ ئەو قەرزانەی کە بانك دەیدات، زۆر لەو قەرزانە سوودیان بۆ پێشخستنی کەرتەکان نەبووە. هەروەها ژێرخانی کارکردن لە بانکەکانی کوردستان لاواز و کلاسیکییە و زۆر بە کەمی تەکنەلۆژیا بەکاردەهێندرێت، لەکاتێکدا لەجیهانی دەرەوە بە ئەلەکترۆنی کراوە. ئەمانە هەموویان وایانکردووە دەستاودەستکردنی پارە رۆتین و سست و سووڕانەوەی لاواز بێت. لەکاتێکدا چەند دەستاودەستکردنی پارە خێراتر بێت، جموجوڵێکی زۆر بە ئابووری دەدات و لە دیاردەی بێبازاڕی دەربازمان دەبێت.

راسپاردەکان بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی بانکەکان:

١. دووبارە چاوخشاندنەوە بە موڵکداری بانکەکان و چۆنیەتی میکانیزمی کارکردنیان.

٢. واباشترە موڵکداری بانکەکان بۆ دامەزراوەی سەربەخۆ بگوازرێنەوەو لە رێگەی ئەنجومەنی کارگێڕییەوە بەرێوە ببرێن.

٣. بانکەکان بکرێنە کۆمپانیای هاوبەش لەنێوان کەرتی تایبەت و حکومی، یان هەندێك لە بانکەکان بەتایبەت بکرێن و شێوازی بانکی پشکدار دابمەزرێ.

٤. خێراکردن لە دەرکردنی یاسای بانکەکان بە شێوەیەك لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بگونجێن.

٥. جێبەجێکردنی سیستەمی بانکی ئەلەکترۆنی.

٦. پەیڕەوکردنی سیستەمی ئەلەکترۆنی بۆ تەسوییەی ژمێرکاری چەکەکان .

٧. گرنگیدان بە کادیری بانکی لە رێگەی – دامەزراندنی پەیمانگایەکی تایبەت بۆ پێگەیاندنی فەرمانبەرانی بانك – دانانی پرۆگرام و هەیکەلی پەیمانگاکە- هەروەها دانانی کۆمەڵەیەك بۆ بانك.

٨. هاندانی هاتنی بانکە بیانییەکان کە رۆڵی لە باشکردنی ئاستی خزمەتگوزاری بانکی و پێشخستنی شێوازی کارکردن و بە ئەلەکترۆنیکردنی بانکەکان دەبێت (گەرچی ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی بانکە کوردستانییەکان، چونکە توانای کێبڕکێی بانکە پێشکەوتووەکانیان نییە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکورتییەش پێویستە بانکە کوردستانییەکان بە هاوشێوەی بانکە بیانییەکان ئاستی خزمەتگوزاری و توانایان پێش بخەن).

٩. هانی بانکەکانی کوردستان بدرێت بۆ دانانی سندوقی وەبەرهێنان بە مەبەستی فراوانکردنی ئاستی وەبەرهێنان.

١٠. بانکەکان هانبدرێن بۆ مامەڵەکردن بە دراوە بیانییەکان، یان پێدانی قەرز بەو دراوانە.

١١. پلانێك بۆ یەکگرتنی بانکەکان دابڕێژرێت بۆ دروستکردنی یەکێتی گەورەی بانکەکان .

١٢. نەرمیتی نواندن لە دیاریکردنی نرخی سوود کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ئابووری هەرێم» .

**هۆکاری بێ بەهابوونی نرخی دینار، یاخود ناسەقامگیری نرخەکەی، بۆ بانکی ناوەندی عێراق ناگەڕێتەوە**

**هاندانی هاتنی بانکە بیانییەکان کە رۆڵی لە باشکردنی ئاستی خزمەتگوزاری بانکی و پێشخستنی شێوازی کارکردن و بە ئەلەکترۆنیکردنی بانکەکان دەبێت**

**بانکەکان هانبدرێن بۆ مامەڵەکردن بە دراوە بیانییەکان، یان پێدانی قەرز بەو دراوانە**